# شێخ ڕەزای کەرکووکی
# و
# شیعرە تورکییەکانی

عەتا تەرزی باشی

# شێخ ڕەزای کەرکووکی

## و

## شیعرە تورکییەکانی

وەرگێڕانی لە تورکییەوە:

ئەحمەد تاقانە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

عەتا تەرزی باشی
شێخ ڕەزای کەرکووکی و شیعرە تورکییەکانی
وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٨٢
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١١١٨ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. بۆکان نووری سەعید

# پێشەکیی وەرگێڕ

بەوەی کە شێخ ڕەزا بە سێ، یان چوار زمان شیعری نووسیوە، شیعردۆستانی هەرسێ زمانی کوردی و تورکی و فارسی حەزیان لە شیعرەکانی ئەم کەڵەشاعیرەیە. تەنانەت ئەو کەمە شیعرە عەرەبییانە، یانیش ئەوەندە شیعرەی بەم زمانە پێمان گەیشتووە، هەوادارانی شیعری ئەم زمانەش بۆ خۆی ڕادەکێشێ.

مامۆستای هێژا عەتا تەرزی باشی، یەک لە پسپۆڕەیە تواناکانی شیعری تورکی، بەتایبەتیش شیعری تورکیی کەرکووکییان، هەر لە سەرەتای ساڵانی پەنجاوە وتار و لێکۆڵینەوەی لەبارەی شێخ ڕەزاوە نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە.

بۆیە ئێمە دەمێک بوو چاوەڕوانی ئەم کتێبەی مامۆستای ناوبراو بووین، کە وەک پسپۆڕێکی شیعر و ئەدەبییات و زمانی تورکی، بە باشترین کەسی دەزانین کار لە شیعرە تورکییەکانی شێخ ڕەزادا بکا. ئەگەرچی ئەوەشمان بەبەرچاوەوە گرتووە کە لەبەر بەرفراوانیی ئارەزووەکانی مامۆستا، کە جگە لە شیعر کاری لە بوارەکانی تری ڕۆشنبیریی کەرکووکییانەی وەک مەقام و خۆریات و گۆرانیی تورکمانیی کەرکووک و ڕۆشنبیریی تری پێوەست بە شیعر و کەلەپووری وەک ئەو شیعرە مێژووییانەی لە بۆنەی جوداجودا و دروستکردنی بینا و مزگەوت و هی تر نووسراوە و هی تریش.

ئەمانەم وەک سەرەتا باس کرد بۆ ئەوەی بڵێم بەم تەمەنە پتر لە هەشتا ساڵییە نەبێ "کە ئاواتەخوازی تەمەنێکی درێژی بۆ دەخوازین" نەپەرژاوەتە سەر ئەوەی کارێکی قووڵتر و فراوان لەم شیعرانە بکا. کە لەگەڵ کۆکردنەوەی ساڵانی ساڵی شیعرەکان و تۆمارکردنی بۆنەکانیان کە لە چاپی دیوانەکانی تری شاعیردا بەم قەبارەیە نابینرێن.

دەمەوێ بڵێم لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییە بە بایەخانەشدا، چاوەڕوانی ئەوەمان لێ دەکرد شیعرەکانیمان بۆ شی بکاتەوە و لێکیان بداتەوە و لێیان بکۆڵێتەوە و لایەنە

هونەرییەکانی دەربخستایە، کە لەو بڕوایەدام چاکترین کەس بۆ ئەو کارە مەگەر مامۆستا هەر بەخۆی بێ. بەڵام ئیدی لەبەر تەمەن و بوارەکەی ناتوانین ئەو گلەیییەشی لێ بکەین.

کاری من لەم بەرهەمەدا تەنیا وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی بوو، دەنا ئەگەر کەسێک، لێکۆڵەرەوەیەک بیەوێ لە ساغکردنەوەی دیوانی شێخدا سوودی لێ وەربگرێ دەبێ بەراورد و لێوردبوونەوە و کارێکی تەواوی تێدا بکا.

هەر بۆ نموونە بەسەرپێیەوە لە کاتی وەرگێڕاندا (کە کاری وەرگێڕانێکی تەنانەت سادەی دەقەکانیش) کارێکە بۆ خۆی، لەبەرئەوەی هەندێک لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا دوو یان پتر لێکدانەوە هەڵدەگرن. هەروەها لەلایەن بژارکردنەوەی شیعرەکانیشدا پێویست بە لێ وردبوونەوەیە، بۆ نموونە شیعرێکم بەرچاو کەوت کە شیعری ژمارە (٨٤)ە، کە لەژێر ناونیشانی "تێ هەڵکێشی داشۆردن لەبارەی مەلا قادر ئەفەندییەوە" بڵاو کراوەتەوە و دێری سەرەتای شیعرەکە دەڵێ:

(لە پێشان ئاشنای من بوو مەلا قادر ئیمام قاسم

ئەمێستا ڕووی لێم وەردەگێڕێ " صانکە " نایناسم)

دانەر لە پەراوێزیدا نووسیویەتی، دەڵێ: " مەلا قادر ئەفەندی کە لە دانیشتووانی گەڕەکی زێوەی سەرەوە (ئیمام قاسم) بووە لە کەرکووک، ماوەیەک لە بەڕێوەبەریەتیی مەدرەسەی عیلمییە (قوتابخانەی زانستی) و دواتر لە فەرمانبەریەتیی ئەوقافدا بووە.".

ئێمە ئەوە دەزانین و زانراویشە کە شێخ ڕەزا بەپێی هەموو سەرچاوەکان بەر لە ساڵی ١٩١٠ی زاین کۆچی دوایی کردووە. مەلا قادری ئیمامیش دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و هاتنی ئینگلیز بۆ کەرکووک و دامەزرانی، واتە دوای ساڵی ١٩١٨ بە مودیری مەدرەسەی عیلمییە و بەڕێوەبەری ئەوقافی کەرکووک دامەزراوە.

زۆربەی خەڵکی شاری کەرکووک بەوەی کە وەک موسڵمان پشتگیریی دەوڵەتی عوسمانیی کردووە و ئینگلیزیان بە داگیرکەرێکی غەیرەدین داناوە، پێیان ڕەوا نەبووە لەگەڵ ئینگلیزدا کار بکەن و هاوکارییان بکەن، بۆیە پێیان ناخۆش بووە مەلا قادر ئەو پۆستانە وەربگرێ، لەبەرئەوە و لایەنی تری هونەریی شیعری بە لامانەوە دیارە ئەم شیعرە نابێ هی شێخ ڕەزابێ، بگرە بەناوی ئەوەوە نووسراوە.

بەهەرحاڵ ئەمەیان چاکترین کەرەستە و سەرچاوەیەکە بۆ شیعرە تورکییەکانی شێخ، کە دەبێتە یەک لە سەرچاوە بنچینەیییەکان لە ساغکردنەوەی شیعر و دیوانی شێخ ڕەزا.

وەرگێڕی کوردی

## پێشەکیی دانەر

شێخ ڕەزای شاعیری کەرکووکی، لە شیعر و ئەدەبییاتی تورکیدا بەگشتی، وەک گەورەترین مامۆستایەکی داشۆرین بەرچاو دەکەوێ کە لە دوای نەفعییەوە هاتبێ. تەنانەت دەتوانین لە هەڵبەستنی شیعری سەرزارەکیی کوتوپڕ و چوارینەی ورشەدار و گوتنی تاکدێریدا بە شاعیرێکی توانای لە بەهای نەفعیی دابنێین.

ئەگەر لە جیاتیی جنێوی ڕووت، لە شیعرەکانیدا بایەخی بە داشۆرینی هونەری بدایە، ناوی خۆی وەک گەورەترین مامۆستای داشۆرین دەخستە ناو مێژووی ئەدەبییاتەوە. بەڵام هەر چۆنێک بێ لە ڕووی ئامادەیی و توانستەوە، ئەگەر لە شاعیرانی داشۆرینی وەک تۆفیقی نەیزەن و ئەشرەف و سرووری بە بەرزتر دابنێین زیادەڕۆییمان نەکردووە.

شێخ ڕەزا کە بە چوار زمان شیعری نووسیوە، ژمارەی شیعرە تورکییەکانی لەوانەی بە زمانی تری نووسیون زۆرترن. بەڵام لەبەرئەوەی لە کاتی خۆیدا کۆ نەکراونەتەوە، بەشێکی لە بیر کراوەتەوە یان بزر بووە.

ئەو شیعرە تورکییانەی لە یەکەم چاپی ١٩٣٥ی دیوانەکەیدان، لەناو بەرهەمەکانیدا شوێنێکی بێ بایەخیان هەیە. ئەم شیعرانە ژمارەیەکی سنووردارن، کەموکوڕی و هەڵەیان تێدایە و نارێکن. هەر لەو کاتەشدا بۆنەی گوتنیان هیچ دیاری نەکراون.

لە چاپی دووەمی ساڵی ١٩٤٦دا کە دیسان لە بەغدا چاپ کراوە، ئەگەرچی بە پێودانگێکی بێ بایەخ هەوڵی لابردنی هەڵە کۆنەکان دراوە، هەر وەک ئەنجامێکی باشی نەبووە، هەڵەی تریشی تێ کەوتووە و بەرچاو دەکەون. وەک ئەوەی هەندێک هۆنراوەی شاعیری تریش کەوتوونەتە ناو بەرهەمەکانی. لەم بارەیەوە شیعرێکی زانراوی محەمەد سادقی شاعیری کەرکووکی و هەندێک بەرهەمی شاعیرێکی تر، کە ئەویش نازناوی (ڕەزا)یە، لە دیواندا خراوەتە ناو شیعرەکانی شێخ ڕەزاوە.

دواتر، جاری سێیەمیش لەو دیوانەدا کە ١٩٧٥ لە شاری مەهاباد چاپ کراوەتەوە، شتێکی نوێی تێدا نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەی شیعرە تورکییەکانی شێخ ڕەزا، لە قەبارەیەکی گەورەدایە، کۆکردنەوەی هەموو ئەمانە و چەسپاندنیان لە توانادا نییە.

لەبەرئەوەی شاعیر زۆرترینی بەرهەمەکانی بەسەرزارەکی گوتووە و بەشێک لەمانە لە کاتی خۆیدا لە گوێوە بۆ سەر زار و نموونەی ئەمانە لەلای ئەم و ئەودا لە ڕەشنووسی سەر کاغەزەکاندا دەبینین. ئەگەر نا بۆ ئەوەش ناچین کە بشێ شاعیر بەخۆی هەموو بەرهەمەکانی لە کۆمەڵێکدا خڕ کردبێتەوە. ئەو مەبەستی نەبووە شانازی بە شیعرەکانییەوە بکا و پێیان گەورە بێ و بەناوبانگ بێ. ئەمانەی تەنیا بۆ ئارەزووی کەسانیی خۆی و دابینکردنی هەوەس و سوودی مادی و وەدەستهێنانی بەرژەوەندی و بەمەبەستی داهاتووی جوانتری خۆی گوتووە. تەنانەت شاعیر ئەو بەرهەمانەشی کە پەسندی کردوون، ئەگەر لە کاتی خۆیدا کۆ کردبێتەوەش – کە ئەمە لە ئاماژەی گەڕیدەیەکەوە تێ دەگەین – تا ئەمڕۆ کۆمەڵە بەرهەمێکی وەها نەکەوتووەتە بەردەستان.

ئەو شیعرانەی لەم بەرهەمەماندایە، پتر لە دەستنووسە ناوەخۆییەکان و بەشێکیشی لەسەر زاران و لە هەندێ چاپکراوی تردا، کە ناوەخۆیی نین کۆیانم کردووەتەوە.

ئەو شیعرە تورکییانەی شاعیرەشمانم کە لە هەرسێ چاپەکەی دیواندایە بە بەرچاوەوە گرتووە. کەموکووڕی و هەڵەکانی ئەمانەمان بە بەراورد لەگەڵ ئەو شیعرانەی لە دەسنووسەکاندا هەن ڕاست کردووەتەوە. ڕاستەکانمان لێرە بڵاو کردووەتەوە. شیعرێکی زۆری بڵاونەکراوەی شاعیریشمان بەم کتێبە بە جیهانی ئەدەبییات ڕاگەیاندووە.

گشت کات و بۆنە و هۆی لەدایکبوونی هۆنراوەکانم، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی دوور و درێژ و بە کۆششی تەنیا خۆم، کەموزۆر خستووەتە گۆڕێ و لە پەراوێزەکاندا ڕوونم کردوونەتەوە.

لە ڕوانگەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسییەوە. یان لە هەر ڕوویەکی ترەوە کە لە بەدواداچووندا دەردەکەوێ. لەناو خۆشیی کۆکردنەوە و لە

ونبوون ڕزگارکرنەوە و لە شوێنێکدا چەسپاندنی ئەم شیعرانەدام.

کاتێ ئەم بەرهەمانەم پۆلێن دەکرد و ڕێک دەخست، کە لە پێداهەڵدان و داشۆرین پێک هاتوون. لەژێر ناونیشانی پەسن و جنێودا لە دوو بەشدا کۆم کردنەوە.

لەمانە بەشی پێداهەڵدان بەسەرە: پەسن (نعت)، کارپەسندیی ئەوانەی سەر بە ڕێبازە ئاینییەکانن، گەورەکانی دەوڵەت و حکوومەت: سوڵتان، سەدرئەعزەم (سەرەک وەزیران)، وەزیر، والی، ستایشی موتەسەڕیف و پاشاکان، ستایشی پیاوماقووڵان (ئەشراف)، گاڵتە و یادەوەری.

بەشی جوێنم بەسەرە بە سەر ئەم بەشانەدا دابەش کردووە: داشۆرینی خۆی و خزمانی، پیاوانی دەوڵەت و حکوومەت (سوڵتان، سەدرئەعزەم، وەزیر، والی، موتەسەڕیف، قوماندان، سەرۆکی دادگە، دەفتەردار، موحاسەبەچی و کەسانی تر)، داشۆرین و گاڵتەکردن بە کەسان، تیز پێکردن، داشۆرین و شکاندنی کۆمەڵ و ڕێژیم و ئەوانەی سەر بە تەکییەکانن و سکاڵا لە زەمانە.

جودا لە هەموو ئەم دەقە شیعرییانە و تێبینییە ڕوونکەرەوەکان، لە سەرەتای کتێبەکەماندا، هەوڵم داوە لەبارەی ئەو چاخەوە کە شاعیری تێدا ژیاوە و پێوەندیی بە دەوروبەرەوە و بەبارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەوە، زۆر بە کورتی، بەڵام بەچڕی زانیاری پێشکێش بکەم. لەلایەکی ترەوە کاتی خۆی ئەو بابەتەی لە کتێبی شاعیرانی کەرکووک (کرکوک شاعرلری)دا لەبارەی ژیانی شاعیرەوەم نووسیبوو چاوێکم پێدا گێڕایەوە، هەندێک گۆڕانکاریی پێویست و ڕاستکردنەوە و لێ زیادکردن، لێرە بە نوێکردنەوەوە وردەکاریم تێیاندا کردووە.

بەم کارە، ئەگەر توانیبێتم شتێکم نابێتە سەر ڕەنجی ئەوانەی پێش ئێمە، ئەگەر سەرچاوەیەکی سادەم هێنابێتە گۆڕێ خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانم.

کەرکووک ١٩٨٨
عەتا تەرزی باشی
پارێزەر

# بەشی یەکەم

## سەرچاوەکان و هەڵسەنگاندنەوەیان

ئەو سەرچاوانەی پێوەندییان بەم کارەوە هەیە و سوودم لێیان وەرگرتووە بەپێی سەرەی مێژوویییان بەم جۆرەن:

(١) دەستنووسەکان: ئەم دەستنووسە خۆجێیانەی لە کۆمەڵە شیعر و هەندێک کۆمەڵی تر پێک هاتوون، زۆریان لە سەردەمی ژیانی شاعیر نووسراونەتەوە. لەناو ئەو شیعرانە، کە لە دووتوێی ئەم دەستنووسانەدان، شیعری شێخ ڕەزاشیان تێدایە. لە ڕیزی پێشەوەی ئەمانەدا کەشکۆڵێکی دوو بەرگییە کە لە کاتی خۆیدا عەبدوللەتیف ئەفەندیی باپیرم لەناو ساڵانی ١٣١٤ – ١٣٣٥ی کۆچی کۆیانی کردووەتەوە و نووسیونی.

لەبەرئەوەی ئەو شیعرانەی شێخ ڕەزا کە لەم کۆمەڵەدا جێیان کراوەتەوە، پێکەوە لەگەڵ هۆی گوتنیان دانراون، بەبایەخدار دادەنرێ، هەروەها لە جێی خۆیدایە لێرە باسی کۆمەڵە شیعرێک بکەین کە مێژووی نووسینەوەیان زۆر کۆن نییە. ئەم دەسنووسە لەلایەن شێخ محەمەد نەجیب ئەفەندیی برازای شێخ ڕەزاوە کۆ کراوەتەوە. لەم کۆمەڵە شیعرەدا کە لەلای خاوەنەکەیدا بینیومە و لێی ورد بوومەتەوە بەشێک لە هۆنراوە تورکییەکانی تێدایە. ئەم ئەنتۆلۆجییەی هەڵبژاردە لە بەرهەمی شاعیرانی تریشی تێدایە، تەنیا شیعری تورکیی بە خۆوە گرتووە.

ئەو شیعرانەی پێوەندییان هەیە، لە هەموو ئەم کۆمەڵە شیعرانەدا لە ڕووی بەراوردکردنی دەقە شیعرییەکانەوە سوودیان بووە.

(٢) گێڕانەوەکانی خەڵک: ئەم گێڕانەوانە، لەو باسانە پێک هاتوون کەسانی بەتەمەن، ئەوانەی شاعیریان دیوە و بۆ خۆمیان باس کردووە. لەمانە شێخ محەمەد نەجیب کە پێشتر باسم کرد و هەروەها شاکر ئەفەندیی خانەنشینی یەک لە کارمەندە کۆنەکانی تاپۆی کەرکووکی پەنجاکانی (سەدەی بیست) لە ڕیزی

پێشـەوەدان. لەمانـەش شـێخ نەجـیبی، كـوڕی شـێخ عـەلی ئەفەندیی بـرا گـەورەی شـاعیر. لە كـاتێكدا شـاكر ئەفەندی سـاڵانێكی درێژ لە خـزمـەتی شـاعیـردا بووە. لەلایەكی ترەوە دەقی شـیـعـرێكی زۆر كـە لە بیـری خـەڵكدا مـابـووەوە و هەروەها هەندێ بـاس و بڕگـە، كـە پێـوەندییـان بـە شـاعـیـرەوە هەیە. لە زاری خـەڵكیم كـۆ كردوونەتەوە.

(٣) لە ژمـارەی ڕۆژی ٢٨ / ١١ / ١٩٣٠ی ڕۆژنامـەی (كـەركـووك)ی ناوەخـۆییـدا هیجری دەدەی شاعیری كەركووكی وتارێكی لەبارەی شێخ ڕەزاوە بڵاو كردووەتەوە. ئەم سـەرچاوەیەی بۆ یەكـەم جـار لە (ل ١٢٩)ی بەرگـی دووەمـی كـتـێـبی "كـركـوك شـاعـرلری"دا كـە سـاڵی ١٩٦٨ چاپ كـراوە، ئێـمـە سـوودمـان لێ بینیـوە، دواتر پرۆفیـسـۆر دوكتـۆر عیزەدین مستـەفا ڕەسـووڵ لە (ل ٣١ و ٤٥)ی كـتـێبی (شـێخ ڕەزای تاڵەبانـی)دا كـە سـاڵی ١٩٧٩ بڵاوی كـردووەتەوە، بێ ئەوەی ئەم سـەرچاوەیە ببینێ وەكو لێی وردبووبێتـەوە هەڵسوكەوتی لەگەڵدا كردووە و خستوویەتییـە ناو سەرچاوەكانیەوە. لە كاتێكدا ئەگەر بـەڕاستی دیبـووایە باسی ناوەڕۆكەكەی دەكرد یان هـەر هیچ نـەبێ وەک ئێـمـە كـردوومـانـە، لە پاڵ مـێـژووی زاینیی دەرچوونی ڕۆژنامـەكە، هیـجرییەكەشی دادەنا یانیش ئاماژەی بە ژمـارەكەی دەكرد. لەلایەكی ترەوە، بە واژۆی ئەحـمـەد تاقانـەوە، بەشـێوەیەک كـە لەگەڵ بنەوا زانسـتـییـەكانی وەرگێـڕاندا بگونجێ، سـەرچـاوەی ئاماژە بۆ كـراوی لـە بڵاوكـراوەی (نێـرگـز)دا كـە ساڵی ١٩٨٤ لە چاپخـانەی نـەورسی سلێـمـانیدا چاپ كراوە، بڵاو كردووەتەوە، كە پێویستە بڵێین بە دەستپێشـخـەریی ئێمە بەڕاستی لێی ورد بووەتەوە.

ئەگەرچی لە دوابـەشـی ئەو وتارەی هیجری دەدەیە، كە سوودمـان لێی وەرگرتووە نووسراوە (پاشماوەی هەیە)، پاشماوەی تری وتارەكەمان بەرچاو نەكەوتەوە.

(٤) دیوانی شـاعـیـر: ئەم دیوانـەی لە ١٩٣٥ و ١٩٤٦ لە بەغـدا و ١٩٧٥ لە شـاری مەهاباد لە چاپ دراوە، ئەو شیعرە توركییانەی لەم ڕوونووسانەدا دانراون، وەک لە پێشـەكیی كتێبـەكەماندا ڕوونمان كردەوە، پڕ لە كەمـوكووڕی و هەڵەن. لەلایەكی ترەوە هەندێكی ئەو شـیـعرانەی دراونەتە پاڵ شـێخ ڕەزا هـی ئەو نین. هەروەكو ئەو شیعرەی لە سـەرەتاكەیدا دەڵێ:

معتدل گیتمز هواسی گه صغوقدر گه صیجاق

نـامــوافــقــدر مــزاجی أهـلنه بكزر عــراق

واته:

کەشی مامناوەندی نابێ، گەهێ سارده و گەهێ گەرم

میزاجی ناسازه، له میزاجی خەڵکەکەی دەکا .. عیراق

له ڕاستیدا هی محەمەد سادق ئەفەندیی شاعیری کەرکوکییە. هەر وەکو له پاڵ شێوەی شیعرەکەدا ئەو ئاماژەیەی به پیترۆڵی دەکا بابەتەکه ڕوون دەکاتەوە. وەکو زانراوه کاری ناودەوڵەتی به پیترۆڵی کەرکووک بەلای کەمەوه پازده ساڵ دوای مردنی شێخ ڕەزایە. هەرچۆنێک بێ هۆنراوەی بابەتی باسەکە، لەو دیوانه دەسنووسەی سادقدا هەیە کە لەلای منە.

لەلایەکی ترەوە، ئەو شیعرەی له دیوانه چاپکراوەکانی شێخ ڕەزادا هەیە و دراوەته پاڵی و سەرەتاکەی دەڵێ:

خیالک شبچراغ لجهء بحر حقیقتدر

جمالک نوربخش دیدهء أهل بصیرتدر

واته:

خەیاڵت شەوچرای زەریای بێ پەیی دەریای ڕاستییە

جوانیت ڕووناکیدەری چاوی خاوەن بینایین

لەگەڵ ئەو پەسنەی لەبارەی عەبدولقادری گەیلانییەوە وتراوه و سەرەتاکەی دەڵێ:

مـرشـد كـامل مـريد صـادقك سلطانيـدر

هر نه امر ايتسه اكا فرمان انك فرمانيدر

واته:

ڕێنیشاندەری بێ کەموکووڕی، سوڵتانی موریدی ڕاستگۆیە

هەر فەرمانێک ئەو بیکا، فەرمان فەرمانی ئەوە

هەروەها ئەو پێداهەڵدانە هۆنراوانەی بە ڕەدیفی "نقشبندیلر" و "أهل توحیدک"ەوە گوتراون. هی شێخ ڕەزا نین، هی ڕەزای دولگەرزادەی (دولگەر: نەجاری قاڵبی بینای چیمەنتۆ) شێخی نەقشبەندییە کە ئەمانە لەو دیوانە چاپکراوەی ساڵی ١٢٦٢ی کۆچیدا، لە لاپەڕە (١٨ و ٨٩ و ٩٠ و ١١٦)دا تۆمار کراون. لەم ڕووەوە ئەو پێنج شیعرەمان نەخستە ناو کتێبەکەمانەوە.

لە سەرەتای ئەو دیوانەیدا کە ساڵی ١٩٤٦ لەلایەن شێخ عەلیی کوڕەزایەوە چاپ کراوە، فەتحوڵڵا ئەسعەد نووسینێکی پێوەست بە ژیانی شاعیرەوە نووسیوە، وەک سەرچاوەیەکی بچووک سوودی لێ بینراوە.

(٥) صوک عصر تورک شاعرلری: لە بەرگی هەشتەمی چاپی ساڵی ١٩٣٩ی ئەستەمبوڵی. ئەم بەرهەمەی ئیبنولئەمین مەحموود کەمالدا لاپەڕە (١٤٩٩ – ١٥٠٤) بۆ شێخ ڕەزا تەرخان کراون، لەو بەشەی کتێبی "کرکوک شاعرلری" ماندا، کە لەبارەی شێخ ڕەزامانەوە نووسیوە، بۆ یەکەم جار سوودمان لەم سەرچاوەیە بینیوە، دواتر بە دەستپێشخەریی ئێمە ئەوانەی سوودیان لێ بینیوە، دەستپێشخەریی ئێمەیان پشتگوێ خستووە، د. عیزەدین مستەفا لە لاپەڕە (٣٨)ی کتێبی "شێخ ڕەزای تاڵەبانی"یدا، بە شێوەیەکی سەرسوڕمێن لاپەڕە (١٤٧٧ – ١٤٨٢)ی سەرچاوەکەی ئاماژە پێ کردووە.(*)

(٦) الانفاس الرحمانیة في بحث السلسلة القادریة الطالبانیة: سوودمان لە دەسنووسی ١٣٥٩ی کۆچی/ ١٩٤٠ی زایینیی ئەم کتێبەی شێخ محەمەد حیسامەدین ئەفەندیی کەرکووکییە بینیوە، ئەو چاپەی ئەم کتێبە، کە ساڵی ١٩٧٣ لە چاپخانەی (شیمال)ی کەرکووکدا چاپ کراوە، پڕە لە هەڵە. ئەم بەرهەمە بەنرخە، زانیاریی فراوانی لەبارەی ڕەسەنی شێخ ڕەزا تێدایە. هەروەها لەبارەی پێوەندیی شاعیر بە خواناسییەوە لە پەسن و کارپەسندی زیادەڕۆیییان تێدا کراوە.

کتێبەکە لە بنچینەدا وەرگێڕان و لێ زیادکردنەوەی "الانفاس الرحمانیە"ی "صبغة الله سنندجي رودباري"یە کە ساڵی ١٢٦٧ی کۆچی بە فارسی لەبارەی شێخ عەبدولڕەحمانی خالسی باوکی شاعیرەوە، لە کەرکووک نووسراوە، لەبەرئەوەی

لەلایەن شێخ حیسامەدین ئەفەندییەوە وەرگەڕاوە و تەواو کراوە و زانیارییەکی زۆری لێ زیاد کراوە، بە دانراوی خۆی دادەنرێ.

(٧) وتاری بەناوی " کرکوکلی شیخ رضا "ی کەمال ئەمین باران، کە لە ژمارەی ٢٠ / ١٠ / ١٩٤٩ی کۆواری جیهانی ئەدەبییات (ادبیات عالمی)دا بڵاوی کردووەتەوە، ئەم نووسینە گواستراوەتەوە بۆ (ل ٦٢ – ٦٦) ی، کتێبی ئەنتۆلۆجیای داشۆرین ("هجو أنتولوژیسی" استانبول، ١٩٦٥)ی. ئێمە سوودمان لەمەی دواییان وەرگرتووە.

(٨) مێژووی ئەدەبی کوردی: نووسینی علاء الدین سجادی، بغداد. ١٩٥٢.

(٩) C. J. Edmonds: Kurds Turks and Arabs لەندەن، ١٩٥٧: "لە بەرگی دووەمی کتێبی – کرکوک شاعرلری – ماندا کە ساڵی ١٩٦٨ چاپ کراوە. بۆ یەکەم جار ئێمە سوودمان لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە، دواتر بەشێک لە نووسەرانی وەکو پرۆفیسۆر دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لە (ل ٨ و ٩)ی کتێبەکەیدا کە پێشتر ناوی براوە، لە پێ نەزانینی دەستپێشخەرییەکەی ئێمەوە هاتووە.

(١٠) رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين: دانەری ئەم کتێبە مێجەر سۆنی گەڕیدەی ئینگلیزە و لەلایەن (فؤاد جميل)ەوە کراوەتە عەرەبی. لە دەمی گەڕیدەییدا نازناوی غولام حوسێن شیرازیی بەکار هێناوە. لە (ل ١٧٦ – ١٧٨)ی ئەم وەرگێڕانە، کە ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا چاپ کراوە باس لەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ شێخ ڕەزادا کراوە. بۆ یەکەم جار لێرە سوود لەو زانیارییانەی ناو ئەم کتێبە بینراوە.

جگە لەم سەرچاوانە کەموزۆر سوودمان لەو هەندە بەرهەمە بیبلیۆگرافییانەش وەرگرتووە، کە لەناو دەقەکەدا پێشان دراون.

لەم بوارەدا ساڵی ١٩٥٤ ئێمە کۆششمان لەم لایەنەدا بووە. هەروەک لە ژمارەی ٤ / ٧ / ١٩٥٤ی ڕۆژنامەی (آفاق)ی ناوەخۆییدا بۆ یەکەم جار لە نووسینێکی تورکیمدا لەسەر ژیانی شاعیردا وەستاوم. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم نووسینە لە نیوەدا مابووەوە، دواتر تەواوی ئەم نووسینەم بە عەرەبی لە دوو ژمارەی (١٠ و ١٧ / ١١ / ١٩٥٤)ی هەر ئەو ڕۆژنامەیەدا بڵاو کردووەتەوە. وەکی تریش نووسینێکی

گچکەی تەواوکەریشمان لە کاتی خۆیدا لە ژمارەی شوباتی ١٩٥٨ی " کۆواری مانگانەی "فضولی"دا کە لە ئەستەمبوڵ دەرچووە، بڵاو کراوەتەوە. ئەم نووسینە پەرت و بڵاو و ناتەواوانەم بە فراوانی یەک خستووە و لە (ل ١٢٧ – ١٨٤)ی بەرگی دووەمی کتێبی شاعیرانی کەرکووک "کرکوک شاعرلری"دا کە ١٩٦٨ لە چاپخانەی "جمهوریت" لە کەرکووک لە چاپ دراوە، بە کۆکراوەیی و پوختی پێک هێنراوە. هەروەها نموونەیەکی زۆریشمان لە شیعرەکانی بڵاو کردووەتەوە.

ئەم جارەشیان ئەم مۆنۆگرافییەی بۆ بڵاوکردنەوەی زانستیم ئامادە کردووە، لەو بڕوایەدام ئەو بۆشاییییەی پڕ دەکاتەوە کە بەرچاو دەکەوێ و لەم بوارەدا ئەرکی سەرچاوەیەکی باش دەبینێ.

## ئاگادارییەک بۆ پێوەندیدارەکان

شێخ ڕەزا لە هەر ڕەسەنێکەوە هاتبێ بابێ، لەبەر ئەو کۆمەکەی بەرهەمە تورکییەکانی بە مێژووی ئەدەبییاتمانی کردووە و لە ڕووی هونەرەوە بە شاعیرێکی شایەنی ڕێزی دەبینم و بە بنەماڵەوە تێکەڵییان بە خەڵکانمانەوە بووە، ئەو نووسەرە بەڕێزانەی سوود لەم بەرهەمە وەردەگرن، تکایە لەو بڕگانەی وەریان دەگرن، کتێبەکەمان بەسەرچاوە ئاماژە پێ بکەن و لە کاتی سوود وەرگرتن لەو سەرچاوانەوە کە ئێمە بەر لەوان ئاماژەمان بۆ کردوون، تکامان وایە پێشڕەوێتیمان بەژێر لێوەوە نەکەن. لەگەڵ ڕێزمدا.

دانەر

## هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی
## لە سەردەمی ژیانی شاعیردا

لەبەرئەوەی ئەم بابەتەم، تا ڕادەیەک بەشـێـوەیەکی فـراوان و گـشـتگر، لەو مۆنۆگرافیایەدا کۆڵیوەتەوە، کە لە بارەی ژیان و شیعرەکانی عەبدولقادر فائیز (فائض)ی شاعیری سۆفیی چوار ساڵ لە خۆی گەورەتری برایەوە ئامادە کردووە، نەمویست هەر ئەو شتانە لێرەدا دووبارە بکەمەوە. بەڵام کە ژیانی فائیز هەمووی لە شاری کەرکووک و بەتایبەتیش لە دەوروبەری تەکیەدا بەسەرچووە. لە کاتێکدا ژیانی شێخ ڕەزا لە بوارێلێکی زۆر فراواندا بەسەرچووە، کە ئەم بوارانەش هۆکار و کاریگەریی جۆراوجۆریان بووە، لێرەدا بە کورتی ڕوونکردنەوە بەگونجاو دەزانم.

لە سەردەمی ژیانی شێخ ڕەزادا - ئێستاشی لەگەڵدابێ - لە کەرکووک کە بە ناوەندی ڕۆشنبیریی تورکمانیی عێراق دادەنرێ، لە بابێکی شاعیرەوە لەدایک بووە و لە ژینگەیەکی ئەدەبیدا پەروەردە بووە، بە ناوچەکانی تری باکوری عێراقدا گەڕاوە و زانستی پەیدا کردووە. ماوەیەک لە ئەستەمبوڵدا ماوەتەوە، لەلایەکی ترەوە، وڵاتانی سووریا و میسر و حیجاز گەڕاوە و سووڕاوەتەوە، لە پێگەیاندنی بیر و بیری سیاسییدا کاریگەریی بەبایەخیان هەبووە و لە شێوەی بیرکردنەوەیدا شوێنەواری قووڵیان جێ هێشتووە.

لە گشت ئەم دەوروبەرانەدا و لە کۆتاییی ئەو پێوەندییانەیدا لەگەڵ پیاوە گەورەکانی دەوڵەت و شاعیرە دیارەکاندا، ئازایەتیی ئەدەبی و زەوقی هونەریی هێزی پەیدا کردووە، هەروەها ناوبانگی شاعیر لەو پێودانگەدا پەرەی سەندووە.

کەرکووک ئەو شوێنەیە شێخ ڕەزای لێ لەدایک بووە و پەروەردە بووە و ساڵانێکی درێژی تێدا ژیاوە. لەناو فەرمانبەرانی ئاستی سەرەوەدا لە تەک بیر ئازادان و ئەدەبدۆستان و شاعیری ڕۆشنبیر و کەسانی خاوێندا، کەسانی هەڵەشە و خۆپەسند و بەرتیلخۆریشیان تێدا بووە، ئەگەرچی ئەوانەیان کە شایستەی

پێداهەڵگوتن بوون و دەکرا لە ڕێی بڵاوکردنەوەوە ڕێزیان لێ بگیرێ، ئەوانی تر کە شایستەی جنێو و ڕەخنە بوون وەک لە تواناددا نەبێ وا بووە. لەم ڕووەوە دەوری شاعیران لە هێنانەگۆی پاڵەپەستۆی خەڵکدا گەورە بووە. ئەو هۆنراوە داشۆردنانەی ئەمانە دەیاننووسین دەستاودەس دەگەڕان، تا دەگەییە بەر گوێی خاوەنەکانیان.

شێخ ڕەزا بەسەرە، موتەسەڕیفانی سەنجەقی کەرکووک: سابت پاشا (١٢٨٨ی کۆچی)، مەزهەر پاشا (١٢٩٠ی کۆچی)، نافز پاشا (١٢٩١ - ١٢٩٣ی کۆچی)، لەلایەکی ترەوە، کە شاری کەرکووک بووەتە ناوەندی ویلایەت. والییەکانی: فەیزی پاشا (١٢٩٦ی کۆچی)، تەحسین پاشا (١٢٩٦ی کۆچی)، مونیر پاشا (١٢٩٦ - ١٣٠٠ی کۆچی)، دواتریش، کەسانی ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆستی وەک عەبدولقادر کەمالی پاشا (١٣٠٦ی کۆچی)، مەهدی پاشا (١٣٠٨ - ١٣٠٩ی کۆچی)، هەمزە پاشا (؟)، جەمیل حەقی پاشا (١٣١٥ - ١٣١٦ی کۆچی)، بایرام پاشا (١٣١٦ - ١٣١٧ی کۆچی)، عوسمان پاشا (١٣١٩ - ١٣٢٠ی کۆچی)، کە لە کەرکووک موتەسەڕیفییان کردووە. لەلایەکی ترەوە، لەگەڵ فەرمانبەرە خوو ڕەوشت چاکەکانی کارگێڕیدا هاودەردی و دۆستایەتیی کردووە، جوێنی بە هەندێک لەمانە داوە، بە هەندێکی تریدا هەڵگوتووە. لەگەڵ هەندێکیشیاندا شەڕە شیعری کردووە.

نافیع پاشا، عەبدوڵڵا ڕۆستەم پاشا، عارفی پاشا، سلێمان نەزیف بەگی والییانی مووسڵ و حازم بەگ و ئەحمەد نازم بەگی والییانی بەغدا و هی تر لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی شێخ ڕەزادا کەموزۆر کاریگەرییان بووە.

یەک لەمانە سولەیمان نەزیفی شاعیر و ئەدیبی ناسراو، کە لە نیسانی ١٣١٢ی ڕۆمیدا والیی مووسڵ بووە، بەهۆی پێوەندیی نێزیکی بە شێخ ڕەزاوە لە دووەم جاری والیەتدا محەمەد خالسیی کوڕی شێخی بەپێی کۆنە وەفایەوە بە قایمقامی قەزای دهۆک دامەزراندووە.

لە کەرکووکی ئەو سەردەمەدا شاعیرانی پلە یەکی وەکو عەبدوڵڵا سافی (١٣١٥ی کۆچی، مردووە) بە شاعیرێکی ڕۆشنبیر زانراوە، موحێدین قابیل (١٣٢٧ی کۆچی، مردووە) بە لەخواترس ناوبانگی دەرکردووە و عەبدولقادر فائز (فائض) کە برای شێخ ڕەزای چوار ساڵ لە خۆی گەورەتر بووە، لە ڕیزی

پێشەوەی سۆفیەتیدا بووە. شێخ ڕەزایەک ئەم ژینگەیە کاری تێ کردووە، لە بواری داشۆریندا. هەروەها لە شیعرەکانییەوە تێ دەگەین کە لەگەڵ محەمەد میهری و خەیالیدا کە هەر لە شاعیرانی کەرکووکن پێکەوە لە ئەستەمبوڵ بووە و هاوڕێیەتییانی کردووە. لەمانە میهرییان کە لە کەرکووک بووە، سەر بەو دەرگە قادرییە بووە کە شێخ ڕەزاش سەر بەوێ بووە.

لە سەردەمی ژیانی بەراییی شێخ ڕەزادا کە لە نێوان سالانی (١٢٥٤ – ١٢٧٤ی کۆچی)دا لە کەرکووک بەسەرچووە، شێخ عەبدولڕەحمان خاڵسی باوکی کە سۆفی و شاعیرێکی بەناوبانگ بووە. ژمارەیەکی زۆر لە دۆستانی ڕێباز " تەریقەت " و بیر و خاوەن هونەری بەدەوردا کۆبووەتەوە. زەحمەتە بڵێین تێکەڵ بە مەیدانی دەسەلاتی کەسانی خاوەنی بیر و هونەر بووە. بەلام بیرکردنەوە لە دەوڵەمەندکردنی زانستی ئەدەبیی بە هەڵە ناژمێررێ. بەهەرحاڵ لە کاتێکدا دەوروبەری تەکیە و سۆفیگەریی ئەوسا کاریگەریی ئەفسووناویی بەسەر شاعیرە پوختەکاندا هەبووە، کەچی کاریگەریی بەسەر شێخ ڕەزاوە نەبووە. وەکو چۆن لە کاتێکدا خاڵس بە شاعیرێکی سۆفیی دیاری سەدەی نۆزدەم دەژمێردرێ، هەموو کەسێک شیعرە تورکی و فارسییەکانی خۆش دەویست و لەبەر دەکرد – جگە لە شێخ ڕەزا – هەمووان لە نێزیکەوە بە دوایدا دەڕۆیشتن.

شێخ عەبدولڕەحمان کە لە ڕێبازی قادریدا بە نوێکەرەوە دادەنرێ، وەک باڵی ڕێبازی خاڵسییە، ڕەحمانییەی لە کەرکووک دامەزراندووە، وەکو بزانین لە هەموو لایەکی عێراقدا دەرگاهی تایبەت بەم باڵەی کردووەتەوە، تەنانەت لە شارێکی زۆری وەک سیواس و ئەماسیا و تۆقاتی ئەنادۆڵ و شاری مەدینەی حیجازیشدا دەرگاهی هەبووە. بەلام ئەم ژینگە فراوانەی سۆفیگەرییە، لە سەردەمی خۆیدا زۆر کاری لە شێخ ڕەزا نەکردووە، بەپێچەوانەی ئەمەوە، ئەم شاعیرە، کە لە دەوروبەری تەکیەدا وەدەستهێنانی قازانجی مادی و بەرژەوەندییەکانی نەبینیوە، بەرامبەر تەکیە و شێخان کین و نەفرەتی پەروەردە کردووە، لەم بارەیەوە داشۆردنی هۆنراوی نووسیوە، وەک چۆن دوای مردنی باوکی لەگەڵ شێخ عەلی ئەفەندیی براگەورەیدا کە بووەتە پۆستنشینی دەرگاهی قادری و شێخ محەمەد عەلییە کەڕەی کوڕی ئەو و لەگەڵ شێخ عەبدولغەفووری مامی کە لە کۆیە پۆستنشین بووە

دانووی نەکوڵاوە و لە داشـۆردنی قـورسـی هـەمـوو ئـەمـانـە و تەکـیـەکـانیـان خـۆی نەپاراسـتـووە. بەڵام ڕۆژگـار لـە کـۆتاییـی تەمـەنیـدا بـەرەو پۆسـتنشـینیـی ئەو دەرگاهەی لە بەغدا بووە پەلکێشە کردووە.

مـاوەیەک شـاعـیـر دەوروبەری کـەرکـووکی بۆ خـۆی بە بەرتەسک بینیـوە – کـە ئەوسـاکە لە شـازدە گـەڕەکی گەورە پێک هاتووە و نە شـۆرجـە و نە جـینگڵاوا و نە ڕەحیمـاوە و ناوەندەکانی تری نیشـتەجێبوون نەبوون – بـەوەی کە دەوروبەرەکەی پێ بەرتەسک بوو و چاوی بڕیبووە ژیانی ئەستەمبوڵ.

هێشـتـا لە تەمـەنی بیست سـاڵیدا بووە، بەڕاگـوزارییـەکی کـاتـی سـەری لەوێ دابوو. لەبەرئەوەی ژیانی سـیـاسی و کۆمـەڵایەتی و ئەدەبیی لە ئـەسـتـەمبـوڵێکدا کـە ڕێشکەوپێشکەی بە چاو دەکرد دیمەنێکی تەواوێک جیـاواز بووە. ئەم شـاعـیـرە زەوقی لەم ژینـە تازە و بەتامـە وەرگرتـووە، بۆ دووەمین جـار چووەتەوە و ئارەزووی ناوەوەی خۆی کەم تا زۆرێک دابین کردووە.

ژیانی بە بریقوباقی ئەستەمبوڵ، بەرەو وەدەستهێنانی قازانج پەلکێشی کردبوو، ئەو هـەر خـۆشـی لـە ڕووی مـیـزاجـەوە ئامـادەیی بۆ داشـۆرین، لە پێناوی پاداشت و بەخشش وەرگرتندا جموجووڵی کردووە، پەسنی ئەوانەی داوە دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کـردووەتـەوە و ئەوانەش کـە دەسـتـیـان بە یارمـەتیـدا گـرتووە، دایانی شۆردووەتەوە.

گرژی و تووڕەییی جاروباری سوڵتان عەبدولحەمید و پیاوە گەورەکانی دەوڵەت و جاروبارێکیش نەرمی و چاکەیان بوونەتە هۆی لەدایکبوونی شیعری هاودژ، هەندێ لە شـاعـیـران بە سـوڵـتـان و نێـزیکەکـانیـانـدا هەڵدەدا، هەندێکیـشـیـان لەسـەر داشۆردنیـان ڕاهـاتبوون. کەچی شێخ ڕەزا کە دیلی میزاج و مەشرەبی خۆی بووە، جـاروبارێک لە شیـعـرەکانیدا هـەردوو دیدی پەسند بووە، توانیـویەتی تایبـەتمەندیی پەسـن و داشـۆرینی یەک کـەس لـە خـۆیدا کـۆ بکاتـەوە. وەک چۆن جـاروبـار پەسنکراوەکەی بە شیعری ورشەدارەوە پێدا هەڵبدا و ببباتە کاکێشانی ئاسمان و هەر ئەو کەسەش بە چەندان داشۆردنی درێو، دای دەگرتە بنی زەوی.

لەلایەکی ترەوە ژینگـەی ئەسـتـەمـبـوڵ کـە، تێدا خڕبـوونەوەی کەسـانی دەسـتـڕۆی ئیمپراتۆری و ڕووناکبیر و زانا، بۆ شێخ ڕەزا بووبووە قوتابخانەیەکی بەبایەخ، کە

له بەرزترین ئاستدا تێکەڵی کۆبوونەوە ئەدەبییەکان بووبوو توانیبووی لە نێزیکەوە لەگەڵ ئەدیبە بەناوبانگەکان و شاعیرە دیارەکاندا پێوەندی ببەستێ، لەم بارەیەوە یووسف کامیل پاشای یەک لە سەدرئەعزەمە کۆنەکان، کە لە ساڵی ١٢٩٣دا کۆچی دوایی کردووە، ئەو خانووەی ڕۆخ دەریا (بۆغاز ئیچی)ی ناوچەی (بەبەک)ی ئەستەمبوڵی بۆ ئەدیب و شاعیر و کار و کۆبوونەوەی بیرمەندە ڕۆئاوایی و ڕۆهەڵاتییەکان تەرخان کردبوو. ئەم پاشایە، جگە لە زمانی دایک کە تورکی بووە، عەرەبی و فارسی و فەرەنسیی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک زانیوە. هەروەکو (تیلماک)ی لە فەرەنسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر تورکی، شیعریشی بە زمانی دایک نووسیوە، ئەدیبێکی ڕێکوپێک و هونەرێکی بەهادار بوو.

وەکو ئێمە دەزانین لەناو ئەو شاعیرانەدا کە لەو میوانخانەیەدا کۆ دەبوونەوە، وەستایانی وشە، شاعیری گەورە و ئەدیبە دیارەکانی وەک: نامیق کەمال، مەحموود ئەکرەم ڕەجائیزادە، زیا پاشا، عوسمان نەورەس، عارف حیکمەتیان تێدا بووە. شێخ ڕەزاش ماوەیەک لەم میوانخانەیەدا ماوەتەوە، وەک لە باسی قسەی خۆش و نوکتەکانیدا باسی لێوە دەکەین، بەردەوام گفتوگۆی ئەدەبی و دەمەقاڵەی لێ ڕوو دەدا، جاروبارێک ئەم گفتوگۆیانە دەبووە هۆی زویری و زیزبوون، ئەم گفتوگۆ و دەمەقاڵییانە بێگومان شێخ ڕەزاشیان پێوەست کردووە. بەپێی ئەوەی ئیبنولئەمین مەحموود کەمال لە لاپەڕە ١١٩٦ی کتێبی "صوک عصر تورک شاعرلری"یدا، لە بەربەرباشی دەگێڕێتەوە: "هۆی ناکۆکیی نێوانی نامیق کەمال و عوسمان نەورەسی شاعیری بەغدایی، ئەوە بووە کە لە ئەنجامی دەمەقاڵێیەکی نێوانی شێخ ڕەزا و نامیق کەمالدا نەورەس لای شێخ ڕەزای گرتووە. هەموو ئەم هۆکارانەی دەوروبەر کاریگەریی لەسەر شێخ ڕەزادا پێک هێناوە، هەروەکو ئامادەیی و توانستی زگماکی خۆشی یارمەتیی هەرسکردنی ئەم کاریگەرییەی داوە. ڕاستتر ئەوەیە، دەبێ شێخ ڕەزا لە دەرەوەی کاریگەرییەکانی دەوروبەردا، لەناو کەسایەتییەکی تایبەتدا شی بکرێتەوە. کە پێویستە ئەو پتر لەوەی وەک بیرمەندێک، وەک دیلێکی خودماک (غەریزە)ی خوتیی و میزاج لێ بڕوانین و لە پێکهاتەی خوتی خۆی وردبینەوە.

شاعیر لە کاتێکدا بە سەردەمی تەنزیمات (دەستووری) و (سەروەتی فونوون)

ڕاگەیشتووە، نە وەک شێوە و نە وەک ناوەڕۆک ئەم قوتابخانە ئەدەبییانە کاریان لێ نەکردووە، هەروەها لە وڵاتی عوسمانیی ئەوسا و بە تایبەتی لە ئەستەمبوڵدا بیروباوەڕی ڕوو لە ئەورووپا کردن ئاراستەی جێگرتنەوەی بیروباوەڕی کۆن بووبوو، یانیش ڕاستتر دیدی جیهانی نوێ کاری لە شاعیر نەکردووە، بەپێچەوانەوە بەرامبەر ئەم شێوە بیرکردنەوەیە ڕوانگەی کۆنی دەمارگرژیی بەهێزتر بووە، مەشرووتییەت (سەردەمی دەستووری) کاریگەریی پێچەوانەی لەسەر شاعیر هەبووە و لە شیعرەکانیدا بە ئاشکرا دژایەتیکردنی دەستوور (قانوونی ئەساسی) دەبینین.

شاعیر کە ساڵی ١٣٢٠، پێنج ساڵ بەر لە کوودەتای ١٩٠٨ی عوسمانی لە پۆستنشینیی دەرگەی قادریی بەغدا دامەزراوە، ئیدی لەم شارەدا نیشتەجێ بووە و ناچار بووە لەگەڵ دەوروبەری تەکیەدا بگونجێ، بەتایبەتی لەبەر بەساڵداچوونی خۆی بە خواناسی و خواپەرستی بەخشیوە، بەڵام کە قافی هاتووە خۆی لە هۆنراوەی بابەت داشۆرین لانەداوە و نەیتوانیوە خۆی لە دیلێتیی میزاجی خودی ڕزگار بکا.

## ژینبنامەی شێخ ڕەزا

شێخ ڕەزا، بەپێی تەمەن چوارەمینی پێنج منداڵی نێرینەی شێخ عەبدولڕەحمان خاڵسی یەک لە شاعیرە سۆفییە دیارەکانی سەدەی نۆزدەمە، ناو و نازناویشی لە شیعردا ڕەزا (رضا)یە.

بەپێی گوتەیەک لە (١٢٥٣ی کۆچی = ١٨٣٧ی زاین) و بەپێی قسەیەکی تر، لە (١٢٥٤ی کۆچی = ١٨٣٨ی زاین) لە شاری کەرکووک لەدایک بووە. لەبەرئەوەی باوکی و خزمانی بەزۆری لە کەناری باکوری گەڕەکی (بولاق)دا نیشتەجێ بوون، دەتوانین بە ڕەهایی بڵێین لەم گەڕەکەدا لەدایک بووە و گەورە بووە. هەر لەم بارەیەوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێ دەبینین ماڵەکەی بەتەک دەرگەی قادریی ئەم گەڕەکەوە هەر ماوە.

خوێندن و نووسینی هەر لە تەکیەدا، واتە لە مەدرەسەی دەرگاهەکەی خۆیاندا، بە چاودێریی تایبەتی باوکی لەلای مامۆستایانی ناوەخۆییدا بەدەست هێناوە، دوای فێربوونی زمانی فارسی، خوێندنی هەر لە کەرکووک لەلای سەید محەمەد ئەفەندی و حاجی سەعید ئەفەندیی حیلمی زادە، تەواو کردووە، کە لە دانیشتووانی گەڕەکی بولاقی کەرکووک بوون. بەپێی نەریتی ناوچەیی دەبێ بە شێوەیەکی ئاسایی بناغەی زانستێلی وەک زمانزانیی عەرەبی، ڕێزمان، گەردانکردن (سەرف)، ئاینزانی (فیقە)، لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز و سۆفیگەری و ئەدەبییات، بەیان، بەدیع و بەلاغەت فێر بووبێ.

لەو سەردەمانەدا گەنجێکی ئامادە لە نێوانی تەمەنی بیست و بیست و پێنج ساڵیدا ئەم زانستانە و هی تریشی تەواویانی دەکرد و ئیجازەنامەی وەردەگرت.

نازانین شێخ ڕەزا بەڵگەنامەیەکی وەهای بەدەست خستووە یان نا. بەڵام ئەوە دەزانین کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا کەرکووکی جێ هێشتووە و چووەتە ئەستەمبوڵ و دوای دوو ساڵ لەوێوە گەڕاوەتەوە کەرکووک.

شـاعیـر لەو سـەروبەندانـەدا (١٢٧٥ی کۆچی) هەواڵـی کۆچی دوایـیی باوکی لە ڕێگە، لە نێوان مووسڵ و شاری هەولێردا لە کاروانچییان دەبیێ.(١)

شـێخ ڕەزا دوای ئەوەی مـاوەیەک لە کـەرکووک دەمـێنێ، لەبەر نـەگونجـانی لەگەڵ شـێخ عـەلی ئـەفـەندیی بـراگـەورەی کـە پـایەی ڕێنیـشـاندەییی بەدەست خـسـتـووە. دەچێتـە ناوچەی کۆیە. لەوێنـدەرێ لە میوانخـانـەی شێخ غـەفووری مـامیدا دەمـێنێ، کە پۆستنشینـی دەرگاهـی قـادریی ئەوێ بووە، شـاعیر کـە ویستـوویەتی کـچەکـەی بخـوازێ، داواکـارییـەکـەی پێشـتـر پەسند کـراوە، دواتر کـە ڕەت کـراوەتەوە و ئەو نیگادارییـەی لە مـامـی چاوەڕوان بوو نەبینـیوە، ئـەوی بە هۆنراوەیەکی دوور و درێژ بە شێوەیەکی قورس داشۆردووە و دیسانەوە گەڕاوەتەوە کەرکووک.

بۆ دووەم جـار سـاڵی (١٣٠٥ی کـۆچی = ١٨٨٦ی زاین) بـەرەو ئەسـتـەمـبـوڵ کەوتووەتەوە ڕێ، لەو بـەینەدا سەری لە سووریا و مـیسر و حیجـازیش داوە. ساڵی (١٣٠٦ی کۆچی) جارێکی تر دەگەڕێتەوە کەرکووک.(٢)

شـێخ ڕەزا لەو گەشـتـانەی ئەسـتـەمـبوڵیدا مـاوەیەک لە هـاوینە کۆشـکی یووسف کـامیل پاشـای کۆنە سـەدرئەعزەمدا لە ناوچەی (بەبەک)ی کەنار دەریادا دەمـێنێ. ئەم کۆشکە سـەر دەریاییـیە کە لانەی ئەدەبییات و ڕۆشـنبیری بووە، وەک پێشـتـر ڕوونمان کـردەوە، لەگـەڵ شـاعـیـری بەنـاوبانگی وەک: نامـیـق کـەمـاڵ، زیا پاشـا، مەحـمـوود ئەکرەمی ڕەجائی زادە، عـارف حیکمەت و عـوسمان نەورەسدا یەکتریان ناسیوە و بینیوە، لەگەڵیاندا باسوخواسی ئەدەبی و گفتوگۆی کردووە. ئەم بابەتەی لە شیعرێکیدا لەبارەی بیرەوەرییەکانی ئەستەمبوڵیدا بەم جۆرە باس کردووە:

خیلی زمان دە حضرت دستور کاملک
بر بغچـەسنـدە طائر قدس اشیـان ایدم
اول بـزم دلفـــــریـبـــــدە طوطـیء ادا
اول انجـمـندە شـاعـر معـجز بیـان ایدم

واتە:

دەمێکی دوور و درێژیش لە باخچەیەکی حەزرەتی دەستووری کامیلدا
باڵندەی لانە خاوێن و پیرۆز بووم
لەو بەزمە دڵفریودەرەدا تووتیی دەربڕین و

لەو ئەنجوومەنەدا شاعیری پەرجۆئاخێو بووم

لەو ماوەیەدا کە لە ئەستەمبوڵ بووە، ماوەیەک هاتنی شا ناسیرەدینی قاجاری بۆ ئەویّ بە هەل زانیوە، شیعرێکی جوانی فارسیی بۆ دەخوێنێتەوە و لە بەرامبەریدا پاداشتی بەهادار لە شا وەردەگریّ، لە رووی واتای پرشنگدار و شێوە سەروای رەسەن و سەرسورمێنیی ئەم هۆنراوەیەوە زۆر پەسەند کراوە و پایەیەکی بەرزی بۆ شێخ رەزا دابین کردووە.(٣)

لەلایەکی ترەوە، بەو پێداهەڵدانە تورکییانەی بۆ عالی پاشای سەدرئەعزەم و ئەحمەد پاشای بەبە " بابان " و مستەفا فازڵ پاشای میری میسری وتوون، ریّز و پاداشتیانی بەدەست خستووە.

بە قسەی کەمال ئەمین باران، شاعیر بە چامەیەک کە پێشکێشی عالی پاشای کردووە ریّزی ئەوی دەست کەوتووە.. بووەتە هاودەمی یووسف کامیل پاشا. بەڵام ئەم شاعیرەی بە هیچ جۆرێک نەیدەتوانی جێی خۆی بپاریّزیّ، بە پارچە شیعرێک کامیل پاشا دادەشۆریّ و بە پایەی هەژارانە، بە مووچەی پێنجسەت غرووش بۆ کەرکووک دوور دەخرێتەوە، ماوەیەک مووچەکەی بۆ سێسەت غرووش دادەگیریّ، بۆ ئەوەی وەک جارانی لیّ بکرێتەوە، لە شیعرێکیدا کە بۆ یووسف کامیل پاشای پیّ هاتووەتە گۆ بەم شێوەیە سکاڵا دەکا و دەکرووزێتەوە:

بشیوز ایت اوچیوزە تنزیل اولنان ایلیغیمی
حـــال اولاسنە دوندر دیمم افـــزون ایلە

واتە:

بیکە پێنجسەت کە بۆ سێسەت داگیراوە مانگانەم
وەکو جارانی لیّ بکە ناڵێم زیادی بکە

لەم بارەیەوە، هیجری دەدەی شاعیری کەرکووکی کە بە سەردەمی پیریی شێخ گەیشتووە، نووسیویەتی لەبەرئەوەی شێخ رەزا لە ئەستەمبوڵ قوتابخانەی شەر (مەکتەبی حەربییە)ی داشۆریوە، بە هەزار غرووش مووچەوە بۆ کەرکووک دەرکراوە. بەهەرحاڵ هیجری دەدە لەمەدا پشتی بە گێرانەوە زیادەرۆیی تێدا کراوەکان بەستووە.(٤)

شێخ ڕەزا کە لە ئەستەمبوڵەوە دەگەڕێتەوە کەرکووک، ماوەیەک بە کشتوکاڵ گوزەران دەکا. لەو ماوەیەدا لەلایەن ئەنجوومەنی ویلایەتەوە، کە ئەوسا شاری کەرکووک بە فەرمی ناوەندی ویلایەتی مووسڵ بووە، بە (مەزبەتە)یەک لە ٣١ی ئەغستۆسی ١٢٩٨دا دێی (قەرەدەرە) دەدرێتە دەس شێخ، هەروەها لەبارەی کاریگەریی مەزبەتەکە، بەلای بەڕێوەبەریەتیی ئەوقافەوە بۆ بەکار خستنەوە و بەهاناوە هاتنەوەیەوە بۆ وەزارەت نووسراوە، کە ئەمە لە دەقی تەلگرافێکەوە تێ دەگەین.[٥]

لەسەر ئەوەی ساڵی (١٣١٨ی ڕۆمی " ١٣٢٠ی کۆچی / ١٩٠٢ی زاین") لەلایەن شێخ عەلی ئەفەندیی برایەوە لە تەکیەی[٦] قادریی گەڕەکی مەیدانی بەغدادا بە پۆستنشین دامەزراوە، دەچێتە بەغدا و لەوێ نیشتەجێ دەبێ. بەڵام ئەو پێوەندییەی بە کەرکووکەوەی هەبوو نەیپساندووە.[٧]

ئەم شاعیرەی تا مردن لە بەغدا ماوەتەوە، بەو نەخۆشیی دیزانترییەی لە کۆتاییی ژیانیدا تووشی هاتووە ڕزگاری نەبووە لێی، شەوی پێنجشەممە لەسەر هەینی ١ی موحەڕەمی ١٣٢٨ (١٣ یان ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩١٠)دا مردووە.[٨] گۆڕەکەی لە بەشە گۆڕستانی ئەو مزگەوتەدایە کە شێخ عەبدولقادری گەیلانیی لێ نێژراوە. بەپێی وەسیەتی خۆی ئەم شیعرە فارسییەی لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە کە دەڵێ:

یا رسول الله چە باشد چون سگ اصحاب کهف
داخل جنت شوم در زمرەء احباب تو
او رود در جنت و من در جهنم کی رواست
او سگ اصحاب کهف و من سگ اصحاب تو[٩]

واتە:

ئەی نێرراوی خوا، چی دەبێ چون خاوەنانی شکەفت " اصحاب الکهف "
بچمە بەهەشت لەگەڵ دەستەی خۆشەویستانت
ئەو بچێتە بەهەشت و من لە دۆزەخ بم کەی ڕەوایە
ئەو سەگی خاوەنانی ئەشکەوت و من سەگی دۆستانی تۆ

مێژووی مردنیشی لەسەر کێلی قەبرەکەی بە شەوی هەینیی ١٣٢٨ی موحەڕەم

ڕوون کراوەتەوە. ئیدی نەنووسراوە لە چەندی ئەم مانگەدا مردووە. لەبەرئەوەی ئاساییە ئەم مێژووە بە ١ی موحەڕەم دادەنرێ. لەم ڕووەوە چەسپاندنی پێویست نەبووە. لەم بارەیەوە دەشێ لێکۆڵەوان ڕێک بکەون.

عەباس ئەلعەزاویی مێژوونووسی ناوداری عێراق نووسیویەتی، شێخ ڕەزا سەرلەئێوارەی ڕۆژی پێنجشەمەی ٩ی موحەڕەمی ١٣٢٨ دا مردووە.(١٠) لە کاتێکدا ئەگەر ئەم مێژووە ڕاست بووایە بەپێی داوونەریت لەسەر کێلی گۆڕدا دەنووسرا. بەهەرحاڵ، ڕەزای لەدایکبووی ١٢٥٣ی کۆچی (١٨٣٧ی زاین) بە ژماردنەوەیەکی ورد بەپێی ڕۆژمێری کۆچی حەفتا و پێنج و بەپێی ڕۆژمێری زاینیش حەفتا و سێ ساڵ ژیاوە.(١١)

لە پاش شاعیرەوە دوو کوڕ و کچێکی ماوە. شێخ محەمەد خاڵسیی کوڕی، ساڵی ١٣٤١ی کۆچی مردووە.(١٢) شێخ عەبدوڵڵای کوڕی تری، لەسەر مردنی باوکی لەدەرگاهەکەی بەغدایاندا لەپایەی ڕێنیشاندەریدا دادەنیشێ. لە کاتێکدا ڕابیعە خانی کچی کە لە ڕەحمەخانی ژنی لەدایک بووە، هاوسەیەتیی لەگەڵ محەمەد ڕاسخ ئۆیێزتورکمەن(١٣)ـی یەک لە خانەدانانی قۆریە پێک هێناوە. لەم هاوسەرکارییە، عومەر ئۆیێزتورکمەنی نووسەر و شاعیری ناودار چاوی هەڵهێناوە، کە ئێستا لە تورکیا دەژی و ڕۆژنامەیەکی سیاسی دەردەکا.(١٤) ڕەحمەخان لە دانیشتووانی گەڕەکی زێویە بووە، خزمایەتیی لەگەڵ بنەماڵەی یەعقووبیی یەک لە خانەدانانی کەرکووک هەبووە.

لەلایەکی ترەوە شێخ ڕەزا لە شیعرێکی کوردییدا ئاماژە بەوە دەکا کە. لەگەڵ دوو خانمی تردا کە ناویان (جەمیلە) و (شوکرییە) بووە هاوسەرگیریی کردووە،(١٥) بەڵام ئاخۆ ئەمانە بەڕاستی ناوی هاوسەرەکانی بووە یان ناوی بە هێماوە بەکار براون؟ بەتەواوی بۆم ساغ نەبووەوە.

پەراوێزەکان:

(١) سەبری یەک لە شاعیرانی کەرکووک مێژووی مردنی (خاڵس)ی باوکی، بەم دێرە مەتەڵئامێزەی پارچەیەکی (مولەممەع) گوتووە:

قرقلرە یدیلر هپ چیقدلر دە سویلدیلر
قد اجاب داعی الرحمن عبد خالص

واتە:

چلەکان و حەوتەکان هەموو دەرچوون و گوتیان
بانگکەرەوەی دەهەندە (رەحمان) وەڵامی دایەوە بەندەیەکی بێگەرد (خاڵس)

(٢) ئەمە لە شیعرێکییەوە تێ دەگەین، بۆ عەبدولقادر کەمالی گوتووە، کە هەر لەو ساڵەدا بە موتەسەڕیفی هاتووەتە کەرکووک.

(٣) لەو شیعرەیدا کە لە سەرەتایدا دەڵێ:

گـر شعـاع خسـرو انجم نبودی مـاهرا
ماه میگوفتم جمال ناصر الدین شاهرا
نور ماه از افتاب و نور شاه از خویشتن
در حقیقت فرق بسیارست شاه و ماهرا

واتە:

ئەگەر تیشکی شای ئەستێرانی نەبایە مانگ
بە جوانیی ناسیرەدین شام دەگوت مانگە
ڕووناکیی مانگ لە خۆرەوەیە و هی شا لە خۆوەیە
لە ڕاستیدا جیاوازی زۆرە لە نێوانی شا و مانگدا

مەلا محەمەد سادقی یەک لە شاعیرە بەتەمەنەکانمان کە لە ١٩٦٧دا مردووە، پێی ڕاگەیاندم کە، بەو سەروا (قافیە)یەی شێخ ڕەزا دۆزیویەتییەوە و بەکاری هێناوە، دوابەدوای ئەو شاعیرانی فارس هەر بەو شێوەیە شیعرێکی زۆریان هۆنیوەتەوە.

(٤) گێڕانەوەیەکی سەر زاری خەڵکیم، کە پێوەندیی بەم ڕووداوەوە هەیە لە باسی قسە خۆشەکانیدا داناوە.

(٥) دەقی ئەم تەلگرافەی لە زمانی شێخ ڕەزاوە نێرراوەتە وەزارەت بە قەڵەمی مستەفا موختار بەگ نووسراوە کە ئەوسا نووسەر (مەکتووبچی)ی ویلایەت بووە لە کەرکووک، ئەمە لەو بەرهەمە دەسنووسەی ئەو زاتەوە تێ دەگەین کە لە کتێبخانەی تایبەتیماندا پارێزراوە. ئەم ڕووداوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، شێخ ڕەزا نووسەر یان پەخشاننووس نەبووە. کە لەبارەی کاری خودی خۆیەوە تەلگرافنامەیەکی سێ چوار دێریی بە مەکتووبچی نووسیوەتەوە.

(٦) ئەم تەکیەیە لە کاتی خۆیدا بە زۆرینەیەکی زۆرەوە لە گەڕەکی (سوور)ی تەک مزگەوتی مورادییەدا بوو، ساڵی ١٩٦١ قەرەبوو کراوەتەوە و ڕووخێنراوە، لە بەرامبەریشیدا لە گەڕەکی کەڕادە تەکیەیەک بنیات نراوە.

(٧) هەروەکو ئەوەی لە نەریتی بەخشینی ئیجازەنامەی دوازدە عیلمی بە مەلا ئەحمەدی

فەرقان، لەلایەن عەلی حیکمەت ئەفەندیی سەرۆکی زانایانی کەرکووکەوە، لە ٢٢ی جومادیلئوولای ١٣٢٠ی کۆچیدا، شێخ ڕەزا شیعرێکی خوێندووەتەوە. (بڕوانن: محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی – ئەو نووسینەی کە لە لاپەڕە ٣٢٢ی ژمارە ١١ی ١٩٨٤ی کۆواری کۆڕی زانیاری کورددا بڵاوی کردووەتەوە.)

هەروەها، مێجەر سۆنی گەڕیدەی ئینگلیز لە مایسی ١٩٠٩ (ڕەبیعولسانیی ١٣٢٧) دا، لە ماڵەکەی کەرکووکی شێخ ڕەزا خۆیدا سەری لێی داوە. بۆ درێژەی باسەکە هەر لەم کتێبەدا بڕوانن: " وەسفە تایبەتییەکانی شاعیر.".

(٨) تەنانەت نازانین مردنی شاعیر پێش یان دوای نیوەشەو بووە. ئەگەر مردنی بەر لە سەعات بیست و چوار بووبێ، بە ڕۆژژمێری زاین بەر ١٣ / ١ / ١٩١٠، خۆ ئەگەر دوای ئەم سەعاتە بووبێ بەر ١٤ / ١ / ١٩١٠ دەکەوێ. بە مێژووی کۆچییش لە هەردوو بارەکەدا دەکاتە ١ی موحەڕەمی ١٣٢٨، لەبەرئەوەی شەو لە کۆچیدا بە مەغریب دەست پێ دەکا.

(٩) ئەم پارچە شیعرەی، شاعیر هێشتا لە ژیاندا بووە لە تەکیە بە دیواری ژوورەکەیدا هەڵواسراوە، کاتی خۆی (سولەیمان تاهیر) بە هۆنراوە و بەم شێوەیە بۆ تورکیی وەرگێڕاوە:

بن دخی قطمیر گبی أی انبیانک سروری
زمرەسیلە جنتە گیرسم نە وار اصحابنک
جنتە گیتسون دە اول لایقمیدر دوزخ بکا
اهل غارک کلبیدر اول بن سنک احبابنک

عومەر فەوزی ئاغای پیریادیی شاعیری کەرکووکییش هەر ئەو پارچەیەی بە شیعر کردووەتە تورکی، دواتر باسی ئەم وەرگێڕانەش دەکەین.

(١٠) تاريخ العراق، ج ٨، ص ٢٠٦، بغداد، ١٩٥٦.

(١١) لەبارەی ژیانی شاعیرەوە، لە کۆواری کۆڕی زانیاری عێراقدا – بەرگی ١١ی ١٩٨٤. خاتوو دوکتۆر شوکرییە ڕەسووڵ، پشتی بە دێرە شیعرێکی زۆر ناقۆڵای شێخ ڕەزا بەستووە، بە تەمەن هەشتا ساڵە دانانی ئەو، بێ واتایە.

عومرم گەییە هەشتا، (ک...) بە کارە هێشتا
تەسدیق گەر نەفەرمووی هەستم بەرم بە ڕیشتا

چونکە ئەو هەشتایەی شاعیر باسی لێوە دەکا، بە هۆی هونەری زیادەڕۆیی و جوانیی سەرواوە گوتراوە، ڕێی تێ دەچێ شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی چەندان ساڵ بەر لە مردنی گوتبێ.. خاتوو شوکرییە هەر لەو بابەتەدا باسی لە شیعرێکی تری نە گونجاوی شێخ

ڕەزاش کردووە کە "مەترەق"ی ئەستووری لە شیعرەکەدا بەکار هێناوە. لەبەرئەوەی شێخ ڕەزا بەو شیعرەی بەهۆی بەساڵدا چوون و لاوازییەوە، لەدەستدانی توانستە کۆنەکەی ئەندامی نێرینەی دەردەبڕێ، کە دەشێ ئەمەی لە پەنجا شەست ساڵیدا گوتبێ.

(١٢) سولەیمان نەزیف بەگ کە دۆستی باوکی بووە، بە قایمقامی ناوچەی دهۆکی دادەمەزرێنێ... ماوەیەک لە دامرکاندنەوەی بزووتنەوەکانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی سوودی لێ وەردەگیرێ، ئینجا دەگوازرێتە ناوچەی ڕانیەی سەر بە سلێمانی... دواتر محەمەدی خاڵسی کە لەلایەن شێخ مەحمودەوە کۆتایی بە کارەکەی دەهێنرێ. بە شیعرێک ئەو دادەشۆرێ و دەچێتە بەغدا و لەوێ نیشتەجێ دەبێ. دەتوانن ژیننامە و نموونەی هەندێک لە شیعرەکانی لە " لاپەڕە ١٨٥ی بەرگی ٢ی – کرکوک شاعرلری" دا ببینن.

(١٣) لەبارەی ژیان و شیعرەکانی ڕاسخەوە، بڕوانن: بەرگی دووەمی "کرکوک شاعرلری".

(١٤) بۆ ژیانی سەردەمی لاوی و شیعرەکانی عومەر ئۆێزتورکمەن، بڕوانە سەرچاوەی پێشوو.

(١٥) بەشێوەی ناوچەیی بە دوو ناوی (جەمیل) و (شوکری) هونەری (تەورییە)ی بەکار بردووە، مەبەستی لەو ناوانە (جەمیل سدقیی زەهاوی) و (شوکریی سلێمانیەیی)ی لە شاعیرە بەناوبانگەکانە، کە دەڵێ:

پێم مەڵێن ئەم دوو ژنەت بۆ چییە ئەی شێخ ڕەزا
شوکری بۆ تەسک و تroوسکی، جەمیل بۆ زگوزا

ئەم دێرە شیعرەی سەرەوە، ئەم چوارینە فارسییەمان بیر دەخاتەوە:

خداوندا دو تا خرما بمن ده
زن پیر و زن رعنا بمن ده
زن پیری برای کار کردن
زن رعنا برای دست کردن

واتە:

"خودایە، دوو دەنکە خورما (ژن)م بدەرێ!.. بە تەمەنەکەیان بۆ کارکردن و ئەوی گەنج و جوانەکەشیانە، بۆ لەگەڵ نووستن!..".

## تایبەتمەندییە کەسێتییەکانی

شـێخ ڕەزا کـابرایەکی گـەنمڕەنگ، ڕیش سـپی، چەنـاگـە پان، سـیـا چـاو، برۆ پێـوەست، بالآبـەرز و لەش قـورس و کـەڵەگـەت بووە. کـە بە سـاڵیـشـدا چووبوو دگانەکانی نەکەوتبوون. خـۆی ئارایشت نەدەدا، نارێک بوو، تەنانەت مەندیلیشی بە ڕێکوپێکی نەدەبەست، گەلێک جاران جبەکەی بەسەر شانیدا دەدا.

ئەوانەی شیعرە قێزەونەکانی دەخوێندنەوە، بەدوای قسە خۆشەکانیدا دەگەڕێن، پێیان وایە هەمـوو ژیانی خـۆی بە ڕابواردن و گاڵتـەوگـەپەوە بەسـەر بردووە. کـەچی ئەو وەک بەشـێک لە بەتەمـەنەکـان، بە تایبـەتی شـاکیـر ئەفـەنـدی کە مـاوەیەک هەر لەگـەڵیـدا بـووە، دەگـێـڕێتـەوە، شـێـخ زۆر سـەنگین و دیمەنـێکی بەسـامـی بووە، کەسایەتییەکی بەهێزی بووە.

ئەم شـاعـیـرەی لە پاڵ ئەو شـیـعـرە دژە ڕەوشـتـانەی بە ڕێکەوت و لە بـۆنە دیارەکاندا دەینووسین، پێوەستی خواپەرستییش بووە. بە لە خوا ترسـەکەی خۆی دەنازی و هەمـوو کـات دەیگوت: "ئەو هەمـوو نیعمـەتانەی خـوا لە دنیـادا داویە پێم، ئەگەر لەگەڵ خواپەرستییەکەمدا هەڵبسەنگێنرێ، قەرداری خوا نابم"!..

تەنیا پیاوماقووڵانی ڕیزی پێشەوەی شار ئامادەی کۆڕەکانی شێخ ڕەزا دەبوون. سـاڵی ١٩٠٩ مێـجـەر سـۆنی گـەڕیدەی ئینگلیـز بە ناوی خـوازراوی (مـیـرزا غولام حـوسـێن)ەوە هاتووەتە کـەرکووک، لەبەر ناوبـانگی شـێخ ڕەزا لە مـاڵەکەیدا کـە لە گەڕەکی بولآق بووە، سەری لێ دەدا، چاوپێکەوتنەکەی بەم جۆرە باس دەکا:

"کۆنسـوڵی ئینگلیـز لە کـەرکـووک و دۆسـتی سـەعـاتـچـیم بۆ چاوپێکەوتـن منیـان بردە لای ڕەزا ناوێکی یەک لە خـانەدانانی کەرکووک. ئەم پیـاوە، خرسـتیـانەکـان کە خۆشـیـان نەدەویست پێیان دەگوت (مـەلا ڕەزا)، موسـڵمـانانیش بـە (شێخ ڕەزا)یان ناودەبرد، وەک سـەرۆکێکی ڕوحی دەناسـرا و لە هەمـوو شـوێنێکدا قسـەی دەڕۆیی. لەگەڵ ئەوەشدا کـە سوننییەکی توندڕۆ بـوو، ڕێزی لەو شیـعانەش دەنا کـە دەهاتنە

کۆڕەکەی. هەروەها بە خۆشی و ڕەوشتبەرزی پێشوازیی لە ئێمەش کرد. هەر لە ڕیزی ئەو مزگەوتەدا کە ئەرکە ئاینییەکانی لێ بەجێ دەهێنا لە ماڵێکدا دادەنیشت. ئەم ماڵە یەکێ بوو لە ماڵە هەرە چاودێریکراوەکانی شار. حەوشەکەی بە شێوەی عەجەم (ئێران) ڕێک خرابوو، دیوارە بەرزەکانی بە دارتوو داپۆشرابوون. دیوەخانەکەی گەورەبوو، بە مافوور ڕاخرابوو. لە ژوورەکەی خۆیدا تەنیا بوو، بەڕاستی ئینسانێکی گەورە بوو. ڕووخۆش، سەرپێچە سپییەکەی برۆکانی دەرنەدەخست، ئەو دەنگی قورئانەی لە بۆڕیی گرامافۆنی داهێنراوەی ئەوروپاوە بەرز دەبووەوە، کە لە ژوورسەرییەوە بوو،، لەپڕ وەستا. هەر کە بیستی من لە شیرازەوە هاتووم، دەستی بە خوێندنەوەی شیعری حافز و سەعدی کرد. بە فارسییەکی چاک دەئاخاوت. دواتر کتێبێکی دەستنووسی دەرکرد و دەستی کرد بە خوێندنەوەی هەندێک لە شیعرەکانی خۆی.(١) ئەم پیاوەی چوار زمانی بە ئەدەبییاتەوە چاک دەزانی، لە هەموویان پتر فارسیی پەسند دەکرد. لەبەرئەوەی شیعری تورکی پڕە لە وشەگەلی عەرەبی و فارسی ئەمەی پەسند نەدەکرد.(٢)...".

ئەمین فەیزی(٣)ی سلێمانیی ئەدیب و شاعیر کە یەک لەوانە بوو شێخیان خۆش دەویست، لەو کاغەزەدا بۆ ئیبنولئەمین مەحموود کەمالی نووسیبوو لە باسی تایبەتمەندییەکانی شێخیدا دەڵێ:

"شێخ زمانپاراوێکی گەورە بوو... حەجی پیرۆزی کردبوو، ڕێ پێ دراوی ڕێنیشاندەیی (ارشاد) بوو.(٤)

لەگەڵ ئەوەشدا کە خەریکی خۆ پاراستن بوو لە خۆشی و گوناه، خوویەکی گوێ بە هیچ نەدەری هەبوو، بایەخی بەهیچ نەدەدا و خۆی بە کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی خەریک نەکردووە. تەمەنی بە دەستکورتی کۆتاییی پێ هێناوە، ئەوانەی خوو و ڕەوشتیان دەزانی خۆیان لێ دەپاراست."

ئیبنولئەمین، لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە و بەدخوویی شاعیر بەم جۆرە باس دەکا:

"بابم محەمەد ئەمین پاشای خوالێخۆشبوو، لەگەڵ ڕێزگرتن لە شایستەییی، لە باسی نەسازانیدا دەیگوت: " لە بارەگادا (خانووی سەر دەریای یووسف کامیل پاشای سەدرئەعزەم) جگە لە من کەس نەمابوو شەڕی لەگەڵدا نەکردبێ. " تەنانەت لەبارەی کەتخودای پاشا و نووسەری گەنجینەدا دێرە شیعرێکی قێزەونی هەبوو

که گێڕانەوەشی هەر قێزەونە."

دیسـان ئیـبنولئـەمین مـەحـمـوود کـەمـال، لە ئیـبـراهیم حـەقی ئەفـەندیی حـەیدەریزادەی شـەیخـەلئیـسـلام دەگێـڕێتـەوە، بەم بڕگـەیە لەبارەی توندی و کەللەڕەقیی شێخ ڕەزا و هەستی پەسندکردنی جوانیی نێرینە بەم جۆرە دەدوێ:

"ڕۆژێکیـان شـێخ ڕەزا لەگـەڵ ئاغـا و خـزمـەتکارانی دارولکامیلدا (بەهەرحـاڵ مـەبەست خـانووەکـەی یووسف کـامـیل پاشـایە) وەک فـێـر بووبوو بەشـەڕ دێ، ئەوانیش یەک دەگرن و فڕێی دەدەنە کۆڵانەوە، دەگوازێتەوە ژوورێکی سەر دووکانی قەسـابێک کە دەیڕوانیـیە مـەیدانی بایەزید. دواتر ئاگـرێک لە گەڕەکەکـەدا بەرپا دەبێ، (شـێخ) ئەو لاوە ئاگرکوژێنەوە نیـوە ڕووتانە دەبینێ بەرەو ئاگـرەکە دەچن، ئارەزووی دەورووژێ، تا شوێنی ئاگرەکە بە دوایانەوە ڕادەکا. هەر لەو دەمانەدا بە تەمـاشـای ئەو هەرزەکارانەوە خـەریک دەبێ کـە ئاگـر دەکوژێننەوە، لەو کـاتانەدا دەست دەکاتەوە بە گیرفانیدا، لە جێی تاکە سامـانیدا کە سێ لیرە بووە، با دێ و دەچێ " ئەسپێ لە باخەڵیدا سەوزەڵە خانم دەڵێ "، تەواوێ دەسووتێ ".

ئەم بەدخـوویـیـەی شـاعـیـرە، لە پیـریشـیـدا لە قـسـەوە نەبووەتە کـار، بەڵام بە درێژاییی تەمـەنی بەردەوام بووە. دەبیـنین ئەمـە لەو شیـعـرانەیدا کە بە چوار زمـان نووسیونی بە شێوەیەکی چڕ و کراوە دەردەخا.

(لافم نییە گوفتم نییە ئەز بمرم)

شێخ ڕەزا لە مـەیدانی داشـۆریندا ئێجگار بێڕێز بووە و سڵـی لە هیچ کەسێک نەکردووەتەوە، شـاعیرێکی سەرسوڕمێن بووە. وەزیر، والی، موتەسـەرریف و پیاوە بەرزەکانی تری دەوڵەت و کەسـایەتییە دەسەڵاتدارەکـان – کە شێخ و شـاعیریشیان تێـدا بووە – دواتریش سڵـی لە داشـۆردنی تەنـانەت سـوڵتـانیش نەکـردووەتەوە لەم ڕووەوە شـاعیر بە شیـعرەکانی وەک قـارەمـانێک دێتە بەرچاو و لـەگەڵ ئەم بوێرییـە شـارسـتـانییـەیدا بوێریی وەحشـیـیـانەی ئەوەندە لاواز بووە کە دەکـرێ بگوترێ لە پلەی نەبوودا بووە و لە ژیانی ڕۆژانەیدا وەک زانیـومـانە، زەلامێکی ترسنۆک بووە. ئەوانـەی لە زمـانی تفـتـی وەک ژەهر ڕزگـاریان بـووە، زۆر نەبوون. تەنـانەت شـێخ عەلی ئەفەندیی براگەورەی و شێخ محەمەد عەلییە کەڕەی برازای و شێخ غەفووری مـامیشـی بە شێوەیەکی گران داشۆردووە و هـەروەها دەبینین گاڵتـە بە شیـعرێکی

سۆفییانەی شێخ عەبدولقادر فائیزی برای چوار ساڵ لە خۆی گەورەتر دەکات و لە ڕێی نووسـینی لاسـاییی هاوتا (نظیـرة)یەکی قـێـزەون بەرامـبـەر غـەزەلێکی خواپەرستانەی زۆر بڵاوبووەوەی ئەو!

شـێخ ڕەزا، لەڕووی مـیـزاج و خـوویەوە، بەهیـچ شـێـوەیەک شـەرمی لەوە نەکردووەتەوە کە بەهۆنراوەگەلێکی قێزەونەوە خودی خۆی دابشۆرێ (٥) !..

لە ڕاستیدا دەمێکی لە دەمی تری نەچووە، ئەو کەسەی جاروبارێک بە قورسی جوێنی پێ دەدا، دواتر دەگەڕایەوە و پێیدا هەڵدەدا. وەک ئەو دێرە شیعرەی خۆی دەڵێ:

ایستەسە ایلر ستایش ایستەسە ایلر هجا

لاابالیـدر رضـانک مـشـرب رندانەسی

واتە:

گەر بییەوێ پێدا هەڵدەدا، ئەگەر ویستیشی دادەشۆرێ

سروشتی ڕەزا ڕەندانە و گوێنەدەرانەیە

لەگەڵ ڕەوشتیدا گونجاوە. لە کاتێکدا جارجار بە یەکێکیدا هەڵدەدا دەیبرد بە ئاسمانەکاندا، کە سەرەشی دەهات یان کە ئەو کاتانەی حەزی بکردایە بە بنی زەوییدا دەبرد، کورتییەکەی شێخ ڕەزا قەزاوقەدەرێکی ئومێدنەکراو، کارەساتێکی ناکاو بووە.

پەراوێزەکان:

(١) ئەم بەرهەمە، ئاخۆ ئەو شیعرانەی تێدا بووە کە شاعیر پەسندی دەکردن، یانیش لە کەشکۆڵێکی گشتیی شیعر پێک هاتووە؟ لە تواناادا نییە ئەوە بزانین.

(٢) رحلة متنكر (وەرگێڕانی عەرەبی) ص ١٧٦ – ١٧٧، بەغدا، ١٩٧٠.

(٣) تەمەنی لە ٢٥ی زیلقیعدەی ١٣٤٧ دا ٦٩ ساڵ بووە.

(٤) ئیبولئەمین ئەم دەستەواژەیەی خستووەتە ناو ئەم دێرە شیعرە کاریگەرەوە. کە دەڵێ:

کندیسی مـحـتـاج همت بر ددە

قندە قـالدی غـیـری یە همت ایدە

واتە:

(دەدە)یەکە پێویستی بە کۆمەک هەیە

ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە، کەسانی دیکە کۆمەکی بکەن

(٥) ئەم شـاعـیـرەی تەنیـا بـاوکی خـۆی دانـەشـۆردووە، لەم بارەیەوە لە نەفـعی جـودایە، لەبەرئەوەی نەفعی داشۆردنێکی باوکی نووسیوە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

ســـــعـــــــادتلـه ندیم اولالی پـدر خــــــانـه

نه مرجمک گورور اولـدی گوزم نه تارخـانه

واتە:

لەوەتەی ماڵە باب بووەتە هـاودەمی (نەدیمی) شـادی

چاوم نە نیسکێنە دەبینێ، نە ترخێنە!

بۆ تەواوی ئەم چامەیە بڕوانن:

پروفیسور فاخر ایز، اسکی تورک ادبیاتنده نظم، ج ١، ص ١٢٠ - ١٢١.

## کەسایەتیی ئەدەبی

بەر لە هەمـوو شـتێک ڕوونـکردنەوەی ئەوە لە جێی خـۆیدا دەبێ بڵـێـین، شـێخ ڕەزا بەوەی کە شاعیرێکی ڕیزی پێشەوەی کەرکووکە، لە سـایەی ئەو شـیعرانەیـەوە کە بە تورکیی نووسـیـون، بەسـەر لووتکەدا سـەرکەوتووە. ئەو شـیـعـرانەی بەم زمـانەی نەبوونایە، ئاسایی بوو ببێتە شاعیرێکی ئاساییی ناوەخۆیی.

لە ڕێی زمـانی تورکـیـیـەوە کـە لەنـاو نەتەوەکـانـدا بڵاو و بە بایـەخ دادەنرێ، لە ئیمپراتۆرییەتی عوسـمـانیدا، هەر لە بەڵقانەوە بگرە، تا دەگاتە ئەنادۆڵ و هەمـوو لایەکی عێراق، هەروەها لە میـسـر و ئێران و ئازەربایجـان و هەمـوو تورکسـتـاندا بەشێک لە شـیـعـرەکـانی لەناو تورکی دنیـادا پێوەندیی پەیدا کـردووە و داواکاری هەبووە.

هەر لە عێراقدا هیجری دەدەی شاعیری کەرکووکی کە بـە سـەردەمی شێخ ڕەزا گەیشـتـووە، لە یەکەم نیوەدێرە شـیـعـری پارچەیەکیدا گوتوویەتی "البت کە رئیس الشـعـرا شـیـخ رضـادر"، واتە: ئـەڵـبـەتە سـەرۆکی شـاعـیران شـێـخ ڕەزایە. ئەوی لە کـەرکـووکـدا لە سـەردەمی خـۆیدا بە گـەورەترین شـاعـیـری ژمـاردووە. بەشـێـک لە شاعیرە خۆجێیییەکانیش لەگەڵ ئەم ڕوانگەیەی دەدەیەدان. بەڕاستیش شێخ ڕەزا لە بـواری داشـــۆردندا لـە لووتـکەدا بووە و شـــاعـیــرێکی دیار بووە کـــە بە وەڵام ئامـادەیی، واتە توانسـتـی بەرزی لە گـوتنی شـیـعـری بەشـێـوەیەکی کـوتوپڕ و ڕاسـتـەوخـۆدا، ئامـادەییی زگـمـاکی، لە دۆزینەوەی ناوەڕۆکی سـەیر و ناوازە، توانسـتـی سـەرسـوڕمێن و بە هۆی بوێریی ئەدەبیـیـەوە هاوەڵەکـانی تری لە دواوە هێـشـتـووەتەوە. جگە لـە هەندێک لە پێـداهەڵدانـەکانی، شـیـعـرەکـانی کـوتومت لە داشـۆردن پێک هـاتووە. تەواوی شـاعـیـرێتـیـی زگـمـاکـە. بەپێی ئەوەی لە خـۆیان گێڕاوەتەوە، کە ویستوویەتی شیعر بڵـێ، سەری بۆ ئاسمـان بەرز کردووەتەوە، ئەو گـومـــەزە فـــراوان و بـەرینـە، پڕ لە نـاوەڕۆک و ســـەروا دەبینـێ، لـەمـــانە ئەوانەی

پەسندیان دەکا لە شیعرەکانیدا بەکار دەهێنێ!.

وەکو دەڵێن ئەو هێشتا لە تەمەنێکی، دەکرێ بگوترێ زۆر منداڵ بووە، لە ماڵەوە و لە کۆڵاندا، لە کاتی ئاخاوتندا لەناو قسەکانیدا یەک لە دووانی بە نیوەدێری گچکە گچکە دەربڕیوە.

خەلیفە مەلا حیسامەدین ئەفەندیی یەک لەوانەی سەر بە ڕێبازی قادریی کەرکووکن، لە کتێبی "الانفاس الرحمانية"یدا باسی سەرچاوەی سرووشی شیعریی شێخ ڕەزا، لە خەلیفە ئەحمەد، کە ئەمیش لە شێخ عەلی ئەفەندیی براگەورەی شاعیر دەگێڕێتەوە، کە دەیداتە پاڵ شێخ عەبدولقادری گەیلانیی پیری ڕێبازی قادرییان و بەم جۆرەی باس دەکا:

شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵس، عەلی و عەبدولقادر و ڕەزای کوڕانی لە کاتی هەرزەکاری (باڵغ بوون)یاندا بۆ سەردانی گڵکۆی پیرۆزی گەیلانی دەباتە بەغدا، لەوێ کە لە دەرگەوە دەچنە ژوورەوە، ئەگەر لە ژیاندا ئارەزوویەکیان هەیە لە بەردەمی گوزارەییی شێخدا لە دڵەوە داوای بکەن، تێیان دەگەیەنێ کە ئەم داواکارییانەیان بێگومان دێتە دی. لەسەر ئەمە هەر یەکەیان لە ناخی خۆیانەوە داواکارییەکیان دەبێ. باوکیشیان دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە و داوای بەدیهاتنی نیازەکانی خۆیشی و کوڕەکانیشی دەکا. باوکی دەبینێ شێخ ڕەزا شیعرێکی فارسی دەڵێ واتاکەی بەم جۆرە بووە:

"پاشای هەردوو جیهان، شا عەبدولقادرە، سەروەری نەوەی ئادەم، شا عەبدولقادرە، خۆر و مانگ و عەرش و کورسی و قەڵەم و ڕووناکیی دڵ لە ڕووناکیی بەرزی شا عەبدولقادرە."[1]

باوکی یەکسەر پێی دەڵێ ڕەزا چیت کرد؟ داوای شاعیریەتیت کرد؟ ڕەزا ناچار بێدەنگ دەبێ، ئیدی لەو ڕۆژە بەملاوە ڕەزا دەچێتە جیهانێکی تر و لە مەیدانی شیعردا دەست بە جووڵانەوە دەکا.[2]

ئەم ڕووداوەی سرووش وەرگرتنە، لەلایەن شاعیر بەخۆشییەوە لە شیعرێکی فارسییدا پشتڕاست کردووەتەوە.[3]

ناوبانگی ئەدەبیی شێخ ڕەزا، وەک کەمێک لەمەوبەر ڕوونمان کردەوە، وەک هەموو عێراقی گرتووەتەوە، تورکیا و میسر و ئێران و تورکستان و تەنانەت تا

هیندستانیش کەم تا زۆرێک ڕۆیشتووە.[٤]

هۆنراوەیەکی کە لە ئەستەمبوڵ بۆ ناسیرەدین شای نووسیوە، وەکو باسمان لێوە کرد لەلایەن شاعیرانی ئێرانەوە پەسند کراوە و گەلێک هاوشێوەی بۆ نووسراوەتەوە. شا، ماوەیەک واتەی دێرە شیعرێکی داخراوەی حافزی شیرازیی لە شاعیرە فارسەکان پرسیوە، کە وەڵامێکی تینوێتیشکێنی دەست نەکەوتووە، ئەم جارەیان لە شێخ ڕەزای دەپرسێ، ئەو وەڵامە هۆنراوەیەی شاعیر دەیداتێ بە شیاو و سەیر دەبینێ، سوپاسی دەکا.[٥]

بەشێک لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا، شاعیرە ناوەخۆییەکان، چوارخشتەکی (تەربیع) و پێنجخشتەکی (تەخمیس) و هاوتابێژی (تەنظیر) کردووە. دوای مردنی هەندێک لە شیعرەکانی لە کۆوار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراونەتەوە، دێرە تاک و تەراکانیشی لە هەندێک بەرهەمی سەرچاوەدا وەک نموونەی ئەدەبی بڵاو کراونەتەوە.[٦] لەلایەکی ترەوە پارچەیەکی زۆری، چوارینە و تاکە دێرەکانی تا ئەمرۆشمان بەسەر زاری خەڵکی ناوچەکەدا دەگەڕێن.

ئەگەر لە بەرهەمی هونەریی شاعیر ورد ببینەوە، نابێ تێیاندا لە هونەری پەسنی ڕوونبێژی (وەسفی بەدیع)ی بەرز بگەڕێین. ئەو خۆی پتر بە واتا و ئامانجی شیعرەوە پابەند کردووە. پتر لەبەر ڕووناکیی ڕووداوێلی ڕۆژانەدا بایەخی بەوە داوە کار لە بابەتەکانی داشۆردن و پێداهەڵدان بکا. لەبەرئەوەی لە شێوە پتر، پابەندی ناوەڕۆک بووە، لەم بوارەدا لە تازەبوونەوە گەڕاوە. لە شیعرەکانیدا داهێنراوی جوان و سەیری هێناوەتە گۆڕێ. ئەم شاعیرەی هەموو کاتێک هۆنراوەکانی دوور لە ئارایشت، بە زمانێکی ڕوون نووسیوەتەوە، گوێی بە جوانیی شێوە نەداوە، بە ژمارەیەکی کەم بە ئاگاییەوە بایەخی بە هەڵەکانی زمان و ڕێزمان نەداوە.[٧]

لەو هۆنراوانەیدا کە لە دەم و بۆنە دیارەکاندا ئەو هۆنراوانەی دەنووسی یان دەگوت، شوێنە ڕاستەکانی هەڵدەسەنگاند و کاریگەریی بەرهەمەکەی تاووتوو دەکرد...

ئەم شاعیرەی پتر لە داشۆردن زەوقی وەردەگرت، بەشێوەیەکی قێزەون لە داشۆردنی تەنانەت خۆیشی سڵی نەکردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، ویستوویەتی بە

خەڵک تێ بگەیەنێ، شیعرەکانی بەرهەمێکی گاڵتەجاڕی بووە، مەبەستی سووککردنی بەرامبەرەکەی و سەلماندنی وەستایی بووە بە هەموو کەسێک.

(لەم بارەیەوە بڕواننە دوو شیعری یەکەمی بەشی " جنێوەکان "ی ئەم کتێبە).

جارجار بە یەک شیعر زۆر کەس پێکەوە دادەشۆرێ، جارجارەش کە بە هۆنراوەیەک کەسێک دادەشۆرێ هەر بەو بەرهەمە پەسنی کەسێکی تر دەدا، کە بەم شێوە هەڵسەنگاندنە بەرامبەرکێیە بایەخی بە لایەنی بەهێزکردنی ڕەسەنی داشۆردن داوە.

ئەم شاعیرەی بەگشتی لە شیعرەکانیدا کێشی (عەرووز)ی بەکار هێناوە، لە ڕوانگەی شێوەوە بە گوێرەی شیعری کۆن کەموزۆر گۆڕینی کردووە و جۆری چامەی لە شێوەیەکی تایبەت بەخۆی خستووەتە ناو بارودۆخی هۆنراوەی بچووکەوە. هەروەک لە چامە کۆنەکاندا باوە، بەهای بۆ بەشەکان و ژمارەی دێرە شیعرەکان دانەناوە و ئەمەی هێناوەتە سەر نزمترین ئاست. لە شیعرەکانیدا پتر لە جۆرەکانی پارچە (قطعة)، چوارینە و تاکدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. هەروەها هەندێک لە خاسیەتییەکانیشی جوان و سەرسوڕمێنن. لەمانەدا ئەو لێکچواندنە پرشنگدارانەی بەرچاو دەکەون، بە بەهان. ئەوەی لە پەسنێکیدا لەبارەی سوڵتان عەبدولحەمیدەوەی گوتووە و دەڵێ:

الینده کاسەء شمس و قمر درگاهنه قارشو

بوکولش صانکه گردون بر گدای کاسه گرداندر

واتە: دەڵێی گەردوون چون دەرۆزەکەرێکی کاسەگێڕ، لە بەردەرگەیدا چەماوەتەوە، کاسەی خۆر و مانگی بە دەستەوە گرتووە.

هەروەها ئەوەی لەبارەی یووسف ئاگا پاشای سەرکردەی چاکسازییەوە گوتووە:

اگیلمکدن مرادی ماه نو ظنمجه اوپمکدر

رکاب اسا بو گون تبریک ایچون پای قومانداری

واتە: وەک من بۆی بچم مەبەست لە چەمانەوەی مانگی نوێ ئەوەیە، بۆ پیرۆزبایی، وەک ئاوزەنگی کردوویەتی، ماچکردنی پێی سەرکردەیە.

ئەو جوانی و وردەکارییەی لەو لێکچواندن و وێنەکێشییانەی ئەم دێرە

شیعرییانەدا دەبینرێن، کەم شاعیری وا هەن بەشی گوتنەوەی وایان بەرکەوتبێ، جوانیی هونەر دەردەخەن.

لەلایەکی ترەوە، شیعرە مولەممەعەکانی شاعیر (ئەوانەی بە تێکەڵکردنی پتر لە زمانێک نووسرابنەوە) توانستی زانینی زمانێکی زۆر پێشان دەدا.

شێخ ڕەزا داشۆردنی لە شیعردا، وەک هەر بابەتێکی تر کە بکرێ بەکار بهێنرێ، ئەوەی دێتە سەر زار لە نووسیندا سەربەستییەکی تەواوی بەخۆی داوە. تەنانەت لەمەدا زۆرتر ڕۆیشتووە، ئەو کەموکوورییانەی پێوەندییان بە تایبەتمەندییە خودییەکانیش نین، ئەم کردوونییە بابەتی باس و تەنانەت هێرشبردنە سەر ئەندامانی بنەماڵەی ئەو کەسەی دای دەشۆرێ بەبەرچاوەوە گرتووە. کەچی ئەم جۆرە داشۆردنە لە ئەدەبییاتدا بە ڕاست و شایستە دانانرێ. لەبەرئەوەی شاعیران کەسانی پێگەییون و دەبێ وتەیان ئاراستەی کەسانی پێگەییو بێ. بە داشۆردن کار و کردەوە بەدەکانی کەسان پیشان دەدرێ کە بنچینەی زیانن، هەوڵ دەدرێ ئەو پێوەندییانەی بە کۆمەڵەوە هەیانە ڕاست بکرێنەوە. ئەو تەگەرانە لاببرێن کە دێنە ڕێی کۆمەڵ. کەچی شێخ ڕەزا پتر لە پێناوی بەرژەوەندی و سوودەکانی خۆی، هەر مرۆڤێکی داشۆردبێ، بە ناڕاست و بێ بایەخی داناوە و خۆی بە ڕاست و ژیر داناوە.

ئەمین فەیزیی ئەدیب و شاعیری لەدایکبووی ١٢٧٨ی کۆچی، کە بەردەوام لە کۆڕەکانی شێخ ڕەزادا ئامادە بووە، لە کاغەزێکیدا لەبارەی کەسایەتیی ئەدەبیی ئەوەوە، ئەمەی نووسیوە:

" شیعری ڕەوانی بە زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی دەگوت... خۆی بە کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی خەریک نەدەکرد. شیعرە جوانەکانی بە ئێران و هیندستاندا بڵاو بووبووەوە. هێشتا لەناو (ویلایەتی) مووسڵدا کەسی (وەک نەبێ وایە) نرخزانی ئەدەب بێت و چەند شیعرێکی ئەوی لەبەر نەبێ. سەرلەنوێ ڕاستکردنەوە و نووسینەوە و تێکدانی شیعرەکانی نەدەزانی. زۆرتر سەرزارەکی و یەکسەر شیعری دەگوت، ئەگەر کەسێک لە ئامادەبووان تۆماری بکردایە ئەوا لە بزربوون ڕزگار دەبوو. چامەی تورکی و فارسیی زۆرە، قسەی پەندئامێز و سۆفییانەشی دەگمەن نەبووە. تەمەنی لەناو دەستکەوتیدا کۆتایی پێ هێناوە. ئەو

مـووچـەیەی لە حکوومـەتەوە بـۆی دابین کـرابـوو، یەک ڕۆژ دواکـەوتـایە والیـیـان و دەفتەردارانی دادەشۆرد. ئەوانـەی ڕەوشت و توانستی داهێنانی ناوەڕۆکی سەیری لە داشۆریندا دەزانی خۆیانیان لێی دەپاراست..."[٨]

ئەم مـیـرالآ خـانەنشـیـنـەی باسـمـان لێـوە کـرد، دانەری کـتـێـبی شـوعـاعـات "شـعـاعـات"ی بـەناوبانگە. دەمـێکی زۆر لەگەڵ شـێخ ڕەزادا پێـوەندیی دۆسـتـانەی بووە. جـاروباریش یەکتـرییـان دەبینـی. لە دووریشـدا نامـەیان بۆ یەکتری ناردووە. لەناو ئەو گفتـوگـۆ شـیـعـرییـە تورکی و فـارسـییـانەی بەرامـبـەر یەکتری، هەسـتی دڵسـۆزانەیان لەخـۆ گـرتووە، ئەو نامـە هۆنـراوەیەی ئەمین فـەیزییـە بۆ شـێـخی نووسیوە شایەنی باسە، کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

واصل اولدی دستمه اشعارکز
پک گوزلدر طوغروسی افکارکز
غرق نور مفخرت اولدی او گون
چوق شکر بو عبد بی مقدارکز

واتە:

شیعرەکانت گەیشتنە دەستم
ڕاستییەکەی بیرەکانت زۆر جوانن
ئەو ڕۆژە نوقمی ڕووناکیی شانازی بوو
ئەم بەندەی کەم بەهایەتان، زۆر سوپاس

هەندێک دوای مـردنی شـێخ ڕەزا، لـە کـۆواری تەسـەووف " تصـوف " دا کـە لە ئەسـتـەمبـوڵ دەردەچوو، ئیبـراهیم حـەققی ئەفـەندیی حـەیدەری زادە، لە زنجـیرە وتاری "بـەسـەرهـاتی کـاروبـاری سـۆفـیـیـەکـان"دا لەو وتـارەیدا کـە لـەبارەی عـەبدولڕەحـمـان خـالسـەوەی نووسـیـوە، لەو بەشـەدا کە پێوەندیی بە شێخ ڕەزاوە هەیە بەم جۆرە دەدوێ:

"شـێخ ڕەزای شـاعیری بەناوبانگی ئاماژەبـۆکراو (واتە یەک لـە کوڕەکانی شـێخ عەبدولڕەحمانی خاڵس) لەو چەندانەدا لە تەکیەکەی بـەغدایدا کۆچی دوایی کرد، لە دەرخستنی بە ڕاستیی توانستی شاعیرانەی وەک نەفعی لە زمانی عوسمانیدا

و فیردەوسی و قائانی لە زمانی فارسیدا لە هۆنراوەکانی خۆیدا، سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، هەروەک بۆ ماوەی ڕەوانبێژیی پیری ئامـاژەبۆکراو گواستراوەتەوە بۆ شێخ ڕەزا ئەفەندیی خوالێخۆشبوو، پایەی ڕێنیشاندەری و چاکەشی بووەتە بەشی حەزرەتی شێخ عەلی ئەفەندی[9].

ئیبنولئەمین مەحموود کەمال ئەو بەراوردەی ئیبراهیم حەیدەری کردوویەتی لە نێوان شێخ ڕەزا لەلایەک و نەفعی و شاعیرانی تر لەلایەکی تر بە " قیاس مع الفارق " واتە: (پێوەری بە جیاوازییەوە) دەبینێ[10]. چونکە لە هەڵسەنگاندنەوەکەی حەیدەریدا تۆزێک زیادەڕۆیی هەیە، خۆ ئەگەر لە بەراوردی نێوان ئەم شاعیرانەدا، ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاون و شوێن و ئەو بابەتانەی کاریان لەسەر کردووە بەبەرچاوەوە بگیرێ، بەڕاستی دەبێ بچووک نەکرێتەوە. خودی شاعیر خۆیشی لەو شیعرەی بیرەوەرییەکانی ئەستەمبوڵیدا ئەم بابەتەی تێ ئاخنیوە و لەم دێرە شانازییەیدا دەربڕیوە:

دوران کـارزار فـصـاحـتـده بـن دخی
نفـعی گـبی بر أفـعیء آتش زبان ایدم

لە نێوان ئەو شاعیرانەی پتر کاریگەرییان بەسەر شێخ ڕەزاوە هەبووە نەفعی لە سەرووی گشتیانەوەیە. وەرگرتنی هەندێ مۆتیف و ناوەڕۆک بە شیعرەکانی ئەوەوە دیارە. وەک ئەو پێداهەڵدانەوەیەی بۆ سوڵتان حەمیدی نووسیوە و دێری:

عرشـه اصـمه قورقارم عرشی ده ایتسون رخنەدار
جـوهـر فـرد کـسـان تیغ پریا جـوهرک

واتە:

بە عەرشیدا هەڵمەواسە دەترسم عەرشیش ڕەخنەدار بکا
گەوهەری یەکتا، تیغی بڕندە، گەوهەری چلچرات

سرووشی لەو دێرەی ئەو چامەیەی نەفعی وەرگرتووە کە بۆ سوڵتان عوسمانی دووەمی گوتووە و دەڵێ:

افرین أی روزگارک شـهسواری صفدری
عرشـه اص شیمدنگیرو تیغ پریا جوهری

واته:

ئافەرین ئەی شاسواری ڕۆژکاری ڕیزدڕ

بە عەرشدا هەڵواسە شمشێر و تیغی گەوهەر چلچرا " ئەستێرەی...

بەڵام بەشێوەیەکی وای نووسیوە زیادەڕۆییی پتری تێدا کردووە. دیسان شێخ ڕەزا وەک پێشتر باسمان لێوە کرد، ئەم دێرەی خوارەوەشی:

اگیلمکدن مرادی ماه نو ظنمجه اوپمکدر

رکاب اسا بوگون تبریک ایچون پای قوماندارى

واته:

پێم وایە ئەمڕۆ مەبەستی مانگی نوێ لە چەمانەوە، چون ئاوزەنگی،

ماچکردنی پێی فەرماندەیە بۆ پیرۆزبایی

ئەو دێرەی نەفعی دێنێتەوە یاد کە لەو چامەیەیدایە بۆ محەمەد پاشای سەدرئەعزەمی گوتووە و دەڵێ:

قدری اول مرتبه عالی که اولور ماه فلک

رخشنه نعل و رکاب اولغیچون بدر و هلال

واته:

پایەی هێند باڵایە کە، مانگی گەردوون دەبێتە مانگی نوێ و مانگی تەواو

دا ببێتە ناڵ و ئاوزەنگیی ڕەخش "ئەسپ"ەکەی

لەلایەکی ترەوە شێخ ڕەزا، لەگەڵ نامیق کەمال و عوسمان نەورەس و شاعیری تریشدا، چووەتە مەیدانی کارلەیەکتری کردنی بەرامبەر یەک. بەڵام ئەو داهێنراوانەی تایبەت بەخۆی، لە سایەی بابەتی سەیر و ناوەڕۆکی تازەیدا کەسایەتییەکی تایبەتی بە شیعرەکانی بەخشیوە.

کە دەڵێ:

خاییدهء اسلاف دگل شیوهء شعرم

ایین رضادر بۆ گبی سبک مجدد

واتە:

شێوەی شیعرم، سوواوەی پێشینان نییە

داوونەریتی ڕەزایە ئەم جۆرە هەڵچنینە نوێیە

شاعیر بەڕاستی توانیویەتی شێوەیەکی تایبەت بەخۆی دابهێنێ. شیعرەکانی کە خەندەیەکی ناسک لەسەر لێواندا دەخولْقێن بە گشتی داشۆردن و گەپ و هەروەها لە پێداهەڵدانەوەش پێک هاتووە و ئەمانەی هەر هەموو بەو شێوە هونەرییە نووسیوەتەوە کە پێی دەگوترێ یەکنەسەق " یکنسق ".

ئەو شاعیرانەی شوێنپێی کەسایەتیی ئەدەبیی شێخ ڕەزایان هەڵگرتووە، ئەگەرچی کەوتبێتیشنە هەوەسی لاساییکردنەوەی بەرهەمەکانی نەیانتوانیوە لایەنەکانی ئەو ریفۆرمەی لە شیعردا کردوویەتی دەرک پێ بکەن. لەناو ئەمانەدا نزیکترین کەس لە خۆی محەمەدی خاڵسیی کوڕی، ڕاسخ ئوێزتورکمەنی زاوای، بەهجەت کەرکووکیی سافیزادە[١١] و مەلا فەرەج بەهبەهانی خەلیفەی خودی شێخ بەخۆی و کەسانی تر، لە مەیدانی داشۆردندا بێ یان لە مەیدانی پێدا هەڵدان و گەپدا بێ، بەهەندێکی ئەو شیعرانەوە کە نووسیویانن، لەگەڵ ئەوەشدا کە بایەخیان بەوە داوە لاسایی شێخ بکەنەوە، نەیانتوانیوە سەرکەوتن بە دەست بهێنن.[١٢]

هیجری دەدەی شاعیری هاوچاخمان ئەوی لە سەردەم و دەوروبەری خۆیدا بە سەرۆکی شاعیران "ڕەئیسوشوعەرا" داناوە، ئەحمەد مەدەنیی ئەدیب و ڕۆژنامەنووسی ناوەخۆ و کەسانی تر هەندێک لە شیعرەکانی ئەویان تەربیع "چوارخشتەکی" و تەخمیس "پێنج خشتەکی" و تەنظیر "هاوشێوە "کردووە. لەلایەکی ترەوە عومەر فەوزی پیریادی، ئەو شیعرەی لە ژیننامەیدا باسمان کرد و لەسەر کێلە قەبرەکەیدا تۆمار کراوەی هەر بەشیعر وەرگێڕاوەتە سەر تورکی.[١٣] مەعرووف – ئەلڕەسافی –ی شاعیری ناوداری عێراقی لەلایەکەوە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی شێخ ڕەزا و یەک دوو دێرە شیعری ئەوی کردووەتە عەرەبی.[١٤].. زۆرانی تریش حەزیان لە بەرهەمەکانی شێخ بووە و وەک ئەوانەیان نووسیوە. لەمانە جەمیل سدقیی زەهاویی بەغدایی و شوکری " فەزڵی "ی سلێمانی شەڕە شیعریان لەگەڵدا کردووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لەگەڵیدا نەچوونەتە سەر...

شێخ ڕەزا کە بە چوار زمان شیعری نووسیوە، شیعرە کوردییەکانی ئاراستەی

ڕەمەکی خەڵکەکە کردووە. ئەو هۆنراوانەی بەم زمانەی نووسیون سادە و ساکار و بەرهەمی میللییانەن. شیعرە فارسییەکانی لە ئاستێکی بەرزتر و دیارترن. لە سەردەمی خۆیدا لەلای کەسانێک کە شیعری دیوان (کلاسیک) یان خۆش دەویست پەسند بوون.. کەچی شیعرە تورکییەکانی هەموو لە شێوەی کلاسیکدا نووسراون، جوان و پڕن لە چەمکی تازە و داهێنان و لەلایەن کەسانی ڕۆشنبیرەوە پەسند کراون.. لەم بارەیەوە لە پێداهەڵدانە پێگەییوەکانیدا توانیویەتی سەنگی خۆی بپارێزێ... کە دێینە سەر شیعرە عەرەبییەکانی ئەمانە لە پێودانگێکی سنووردراردان و لە هەندێک پارچە و دێرگەلێکی هۆنراوە پێک هاتوون کە لەلایەن جوانکاریی شیعرییەوە بایەخێکی ئەوتۆیان نییە...

شێخ ڕەزا لەناو شاعیرەکانی داشۆردنی پێش خۆی و پاش خۆی، وەک مامۆستایەکی جنێوی تایبەت بەخۆی لە مێژووی ئەدەبییاتی تورکدا جێی دیاری خۆی بە شایستەیی بەدەست هێناوە. لەبەرئەوەی مێژوونووسانی ئەدەبییات هەلی شیکردنەوەی بەرهەمەکانی شاعیریان نەبووە پایەی تایبەتیان نەداوەتێ.

بەهەرحاڵ دەرکەوتنی ئەم جۆرە کەسایەتییە کەموێنە هاوتا دەگمەنە، بەم زووانە یان لە داهاتوویەکی نێزیکدا بە نێزیک نازانین.

پەراوێزەکان:

(١) چوارینەکە ئەمەیە:

پادشاه هردو عالم شاه عبدالقادراست
سرور اولاد ادم شاه عبدالقادراست
افتاب و ماهتاب و عرش و کرسی و قلم
نور قلب از نور اعظم شاه عبدالقادراست

(٢) ئەو کەسانەی ئەم گێڕانەوەیە بە مەبەستی سۆفییانە دەگێڕنەوە و شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەرز ڕادەگرن، داخۆ چی لەبارەی ئەوەوە دەڵێن کە شێخ ڕەزا سرووشی لە گەیلانی وەرگرتووە و ئەم و ئەو بە بەدڕەوشتییەوە دادەشۆرێ؟ یان ئەو کەسانەی شێخ ڕەزا داشۆردنی لەبارەیانەوە نووسیوە شایانی ئەو جنێوانەن؟

(٣) سەرەتای هۆنراوەکە ئەمەیە:

کامم کە بکامست و نە از شاه و وزیرست
این مایە کە دارم همە از همت پیرست

واتە:

مەبەست و ئارەزووی بەدی هاتووم لە شا و وەزیران نییە.

ئەم مایەیەی کە هەمە، هەموو لە کۆمەکی پیرەوەیە کە شێخ عەبدولقادرە.

(٤) دەروێشە هیندییەکان زوو زوو سەردانی ئەو دەرگەی قادرییە دەکەن کە لە کەرکووکە، شێخ ڕەزا کە دەیتوانی بە زمانی ئەوان قسە بکا، بەرێنوێنی شێخ عەلیی پۆستنشین و براگەورەی شێخ ڕەزا، لەو کاتانەدا لە هەندێک ناوچەدا ناسرابوو.

(٥) وردەکاریی ئەم ڕووداوەمان لە بەشی کورتەباسەکانی ئەم کتێبەدا باس کردووە.

(٦) هەروەها بڕواننە بابەتی "ناگەهان" لە فەرهەنگی "لغت ناجی"دا.

(٧) شێخ ڕەزا ماوەیەک لە داشۆرینێکیدا کە جەمیل سدقیی زەهاویی یەک لە شاعیرە گەورەکانی عێراقی کردووەتە بابەت و تێیدا وشەی زەکەر " ذكر "ی لە ڕووی ڕێزمانەوە پێویست بووە بە سەر " منصوب " بەکار بهێنێ، کەچی بەبۆر " مرفوع "ی بەکار دەهێنێ، زەهاوی کە گوێ بە ناوەڕۆکە قێزەونەکەی داشۆردنەکە نادا، بگرە شێخ ڕەزا بە نەزانینی ڕێزمانی عەرەبی تاوانبار دەکا، لەسەر ئەمە شێخ ڕەزا دەڵێ: "وشەی – ذكر – نێرینەیە، کە نێرینە بێ هەمیشە هەر بە بکەر دەژمێررێ، لەبەرئەوە هیچی تێدا نییە گەر بەهەڵەی ڕێزمانیشەوە بەکار بهێنرێ، منیش وەهام کردووە".!

(٨) صوک عصر تورک شاعرلری. ل ١٤٩٩ – ١٥٠٠.

(٩) کۆواری "تصوف" ژمارە چوار –ی–١٣ی ڕەبیعولئاخیر ١٣٢٩ (ڕۆمی ٣١ی مارت ١٣٢٧).

(١٠) صوک عصر تورک شاعرلری، ص ١٥٠٠، پەراوێز، بەڵام چونکە ئیبنولئەمین لە گشت لایەکانی شێخ ڕەزای نەکۆڵیوەتەوە، زێدەڕۆیی لەم قسانەیدا هەیە.

(١١) ئەم شاعیرەی کە لە شیعردا نازناوی (ساکت)ە، لە بارەی ژیان و شیعرەکانییەوە لە (ب ١، ل ١٥٤ – ١٥٨)ی کتێبی " کرکوك شاعرلری " ماندا زانیاریی لەبارەوە دراوە.

(١٢) بەلاساییکردنەوەی ئەو پێداهەڵدانەی شێخ ڕەزا کە لە بارەی یووسف پاشاوەی نووسیوە، مەلا کەیفی پێداهەڵدانێکی نووسیوە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

حضرت مهدینک احوالنی اظهار ایتدک

خار ایکن صدق ایله گلزار ایتدک

منتفک شیخلرینک پاینه ایپلر تاقدک

صوفیلر بوینونه تسبیحلرک مار ایتدک

هۆنراوەکەی بەم دێرە خەنینەبەخشە کۆتایی پێ دەهێنێ:

حقمز لیرا ایکن ایکی مجیدی آلامام
بحر لطفکله بنی بویله طمعکار ایتدک

(١٣) ئەم وەرگێڕانە هەڵبەستراوە وەهایە:

نولور اصحاب کهفک کلبی تک بن یا رسول الله
اولایم زمــــرەء اصـــــحــــابک ایله داخل جنت
او گیـتسـون جنتــه بن ده جــهنمــه روادر بو؟
او کهفک کلبیدر بن ده سگ درگاهکم حضرت!

(١٤) له بابەت ئەو کاریگەرییەی شێخ ڕەزا بەسەر ڕەسافیدا هەیبووە، لە ژمارەی مایس – حوزەیرانی ١٩٨٧ی گۆواری (قارداشلق) دا بە عەرەبی هەڵسەنگاندنێکمان بڵاو کردووەتەوە.

## کورته باسه‌کانی

ژیانی شێخ ڕەزا پڕە لە کورتە باس و نوکتە، شیعرەکانی، بەتایبەتی پارچە و تاکە دێرەکانی، هەر یەکەو سەر بە باسێکن و ڕووداوێک دەگەیەنن. بەشێک لەم باسانە لە هەندێک بەرهەمی چاپکراو و لەناو هەندێک دەسنووسدا هەن، هەندێکیشیان بەسەر زاری خەڵکدا دەگەڕێن. هەندێک لەم باسانەی ژمارەیان گەلێک ئەستوورە و بەهایەکی ئەدەبییان هەیە لەم کارەماندا کۆ کردووەتەوە. دەمانەوێ بە هەندێک ڕووداوی نێوان نامیق کەمالی شاعیری ناوداری تورک و شێخ ڕەزاوە دەست پێ بکەین.

کەمال ئەمین باران (١٨٧٥ – ١٩٥٧)ی شاعیر و ئاوازدانەر لە نووسینێکیدا ئەو گفتوگۆیەی لە نێوانی نامیق کەمال و شێخ ڕەزادا بەڕێوە چووە، بەم جۆرە باس کردووە:

" ئێوارەیەک کە شێخ ڕەزا دێتە ئەستەمبوڵ بە کەمال بەگ دەناسێنرێ و لە نێوانیاندا گفتوگۆ دەست پێ دەکا، کەمال بەگ بەم جۆرە دەست بە قسە دەکا:

– شێخم شیعری جوانتان هەیە بەڵام عەرەبی و فارسی زۆر بەکار دەهێنی. هەندێک تورکیی پەتیتر بێ جوان دەبێ.

شێخ ڕەزا وەڵامی دەداتەوە:

– تەنیا تورکییش بێ، کەڵکی هیچی نابێ. ئێوە دێرێک بڵێن و بزانم.

کەمال بەگ بە سووربوونەوە:

ئەگەر بیری لێ بکرێتەوە زۆر چاک دەبێ. ئێوە نیوە دێرێک بە عەرەبی و فارسییەوە بڵێن بزانین لە شتێک دەکا؟.

شێخ کە لە سێ زماندا زیرەکییەکی شەیتانانەی دەبێ ئەم نیوەدێرە دەخوێنێتەوە:

فروغ صحن گلشن رونق بزم چمن سنسک[1]

ئیدی، دەڵێ ئەم نیوەدێرە جوان نییە؟ (فروغ، صحن، رونق) بە عەرەبین، (گلشن، بزم، چمن) فارسین، لەناویدا ئەوەی تورکی بێ، (ئاماژە بۆ نەورەسی بەغدایی دەکا کە لەوێ بووە... و دەڵێ " سنسک " واتە: تۆی)

– دەڵێ: شێخم، تۆش وشەت نەدیتەوە هەڵی بژێری لەلافی ئەم بوودەڵەیەت هەڵبژارد!.

شێخ ڕەزا یەکسەر ئەم قسەیە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ:

– نا قبووڵ ناکەم " ان نورسا من فحول اهل کمال.. " ئەمە دەڵێ و لاقرتێکە دەبڕێتەوە و کەمال بەگ بانگهێشتی شەترەنج دەکا و دەڵێ " وەرن بزانین هەندێکیش توانایيت لەمەدا ببینین " و باسەکە دادەخا"[2].

***

دەستەواژەی " فحول اهل کمال " بەپێی گێڕانەوە ناوەخۆییەکان نامیق کەمال کە یەکەم جار شێخ ڕەزا دەبینێ لێی دەپرسێ و دەڵێ: لە دەڤەرەکانی ئێوەدا " اهل کمال " هەن؟ شێخ ڕەزاش لە وەڵامدا دەڵێ ئێمە " فحول اهل کمال " مان هەن.

***

بەپێی ئەوەی مەلا محەمەد سادقی شاعیری کەرکووکی بە خۆی باسی بۆ کردووم، ڕۆژێکیان نامیق کەمال، ئەم نیودێرە شیعرە دەخوێنێتەوە و داوا لە شێخ ڕەزا دەکا بۆی تەواو بکا:

شجر باغ وصالک ثمری فرقتدر

واتە:

میوەی درەختی باخی بە یەکگەیشتنەوەت، لێکدابڕانە

شێخیش یەکسەر نیوەدێڕی خوارەوەی بۆ دەڵێ:

آدمی گمراه ایدن دانه دلیلمدر

واتە:

بەڵگەشم ئەو دانەیەیە کە ئادەمی وێڵ کرد.

کە ئەمە ئاماژەیە بەوەی کە ئادەم کاتێک لە بەهەشتدا بووە، تاکە یەک میوە هەبووە ڕێی خواردنی پێ نەدراوە، ئەم چووە ئەوەی خواردووە. بەم شێوەیەش واتای نیوەدێری پێشەوە بەشێوەیەکی گونجاو تەواو کراوە.

***

شێخ ڕەزا هەموو دەم، بە نامیق کەمالیشەوە بەرامبەرەکانی خۆی دەمکوت کردووە، کەچی لەم گاڵتە ڕەقەیدا کە لە کەرکووکدا بڵاوە، دۆڕانی بەرامبەر نامیق کەمالی تێدا دیارە:

ڕۆژێکیان لە کۆڵانێکدا جووتبوونی دوو سەگ دەبینن، شێخ ڕەزا بە توانجەوە بە کەمال بەگ دەڵێ: "سەیری کەماڵ بکە کەماڵ !" لەسەر ئەمە نامیق کەمالیش تەوریبە بە وشەی ڕەزا دەکا کە بەواتای ناوچەیی، ڕازیبوون دەگەیەنێ توانجەکەی ڕەت دەکاتەوە و پێی دەڵێ "ئەوەی ژێرەوە ڕەزا و ئەوەی سەرەوەش ڕەزایە!".

***

باسێکی تر کە لەم باسە دەکا، لە نێوانی شێخ ڕەزا و ئەمین ئاغای کۆییدا بەم شێوەیە بووە:

ڕۆژێک ئەمین ئاغا باس لە شارەزایی لە کڕین و فرۆشتنی کەرێک دەکا، شێخ ڕەزا بە وشەی "ئەمین" کە واتای "هێمن و لەسەر خۆ" دەگەیەنێ بە توانجەوە پێی دەڵێ و دەپرسێ: "داخۆ کەرەکە ئەمینە؟". ئەمین ئاغا هەر خۆی تێک نادا و دەڵێ: "بشیگێی ڕەزایە".

***

ڕووداوی باسی خۆشیی شێخ ڕەزا لە ئەستەمبوڵدا گەلێک زۆرن، لەناو ئەمانەدا ئەو باسەی حاجی ڕەشید تەرزیی گەدک ئەم باسە سەیرەی بۆ گێڕامەوە:

شاعیر ماوەیەک لە سەردەمی لاوێتیدا لەگەڵ دەروێش ئەفەندیی مفتیزادەی کەرکووکیدا لە ئوتێلێکی ئەستەمبوڵدا لە یەک ژووردا دەبن، کە دەزانێ دۆستەکەی دەیەوێ لەو پاداشت و دیارییانەدا بەشدار بێ کە بەرامبەر شیعری پێداهەڵدانادا بۆیان دەهێنا، ئەو ئوتێلە جێ دەهێڵێ و دەگوازێتە شوێنێکی تر. لەم کاتانەدا بە شیعرێکی قێزەونەوە قوتابخانەی شەڕی ئەستەمبوڵ یان سەربازیی ڕوشدییە دادەشۆرێ و ئەو شیعرە بە دزییەوە لەبەر دەرگەی قوتابخانەکەدا هەڵدەواسێ و

لەژێریشیدا دەنووسێ "شێخ ڕەزای کەرکووکی" و ناوی ئوتێلە کۆنەکەی کە شێخی لێ بووە، لەژێردا دەنووسێ... بەشێک لە قوتابییانی هەڵچوو دەچنە ئوتێل و دەروێش ئەفەندی پێشوازییان لێ دەکا، دەپرسن: " شاعیری کەرکووکی تۆی؟ ". دەروێش ئەفەندی وا دەزانێ هەرچییەک بێ دیارییان بۆ شێخ هێناوە و فەرموویان لێ دەکا، لاوەکان کە دێنە ژوورەوە سەروگوێلاکی چاک دەکوتن و داخی دڵیان بەسەردا دادەڕێژن. ڕۆژی دواتر شێخ ڕەزا دێتە لای و پێی دەڵێ: چاوچنۆکیت ئەم حاڵەی بە سەرتدا هێناوە... کەفارەت بێ[٣].

***

ئیبنولئەمین مەحموود کەمال، لەو کتێبەیدا کە ناوی براوە، ئەم باسەی نووسیوە کە پێوەندیی بە شاعیرەوە هەیە:

" شێخ ڕەزا چامەیەک دەنووسێ لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

مزن بیهوده از فضل و هنر أی یار همدم دم

که از فضل و هنر بهتر بود دینار و درهم هم

کە پێشکێشی عالی پاشای دەکا، بەڵێنی دەداتێ دابینکردنی پەنجا لیرە مووچەی بۆ پێشنیاز بکا. شێخ، کە چۆنیەتیی باسەکە بۆ ئەحمەد پاشای بابانی یەک لە خۆشەویستانی دەکا، دەڵێ: " یان سەدرئەعزەم یان تۆ شتێکتان لێ دێ ئەم کارە جێبەجێ نابێ ". بەر لەوەی ئەم کارە سەربگرێ پاشا نەخۆش دەبێ و ئیدی ناچێتەوە بابی عالی بۆ دەوام و ئەوەندەی پێ ناچێ کۆچی دوایی دەکا."[٤]

***

دیسان ئیبنولئەمین دەگێڕێتەوە: " لەو کاتانەدا کە شەوێک ئیبراهیم ئەفەندیی حەیدەری زادە لە ماڵمان بوو، گێڕایەوە کە شێخ ڕەزا ئەم دێرە شیعرەی خوارەوەی لە بارەی زاتێکەوە گوتووە کە یەک لە والییەکانی مووسڵ بووە:

باب عالیدن چیقان والیلره یوقدر سوزم

بویله بر بوق والی انجاق باب سافلدن چیقار

واتە:

قسەم بۆ ئەو والییانە نییە کە لە ئەنجوومەنی وەزیران "بابی عالی"یەوە دەردەچن

والییەکی وا "گوو" بەڵکو لە دەرگای خوارەوە دێتەدەر

(سادق ویجدانی)ی شاعیر لە کۆڕەکەدا بوو، گوتی: " لە جیاتی بر بوق، بوم بوق بووایە گونجاوتر بوو " واتە: لە جیاتی " گوویەک، یەک گوو " بیوتایە " گووی تەواو ". منیش گوتم " ئەم داهێنانە بەڵگەی خووخۆشیتانە " ئامادە بووان پێیان خۆش بوو[٥].

***

دیسانەوە ئیبنولئەمین، لە ئەمین فەیزیی شاعیر و ئەدیبی سلێمانی دەگێڕێتەوە و نووسیویەتی: ١٣٢٠ کە نیازی چوونە حەجم پێ ڕاگەیاند شێخ گوتی: "حەج لەسەر تۆ فەرز نییە، مەچۆ"، منیش ئەم دێرەم بۆ خوێندەوە:

مقصدک خالق ایسە خلقە نیازە گیتمە

املک عشق حقیقی ایسە مجازە گیتمە

واتە:

ئەگەر مەبەستت خوایە، بۆ نیاز مەچۆرە لای خەڵکی

ئومێدت ئەوینی ڕاستەقینە بێ مەچۆرە " ئەوینی مەجازی "

شێخ دوای هەندێک ڕامان ئەم دێرە شیعرەی لە بەرامبەردا گوت:

کعبەء دل گبی بر طور تجلیک وار

سندەدر منزل مقصود حجازە گیتمە

واتە:

چیای تووری‌کی دیارکەوتنی وەک کابەیی دڵت هەیە

مەنزڵی مەبەست لە خۆتدایە، مەچۆ بۆ " حیجاز "

***

ئەم باسەش کە لە کۆنەوە لە کەرکووکدا لەناو خەڵکدا بڵاوە سەرچاوەکەی دەبێ ئەمین فەیزی بێ. بەپێی ئەوەی ئیبنولئەمین لەو کتێبەیدا کە ناوی هێنراوە، چەسپاندوویەتی، کە هەواڵی ڕووداوی بۆمبدانانی کۆشکی یڵدز بە نیازی تیرۆرکردنی سوڵتان عەبدولحەمید دەدرێتە شێخ ڕەزا، دەمودەس کە ئەم دێرە

شیعره دەڵێ:

نـه دییـــەم حکم خـــدادر هو یحـــیی و یمیت

یوقسه مقصودمزی حاصل ایدردی دینامیت

واته:

چی بڵێم فەرمانی خوایە، خۆی دەژیێنێ و خۆی دەمرێنێ

ئەگەر نا دینامێت مەبەستمانی دەهێنایە دی

ئەمین فـەیزی بۆ گـاڵتـە پێی دەڵێ: "ئەگـەر پاشـا گـوێی لێ بێ دەتنێـرێتـە تاراوگەیەکی دوور"، شێخ یەکسەر شیعرەکە دەئاخنێتە ناو ئەم قالبەوە و دەڵێ:

جملەنک حافظی حقدر هو یحیی و یمیت

پادشـاه ظل خـدادر اکـا نیلر دینامـیت

واته:

پارێزەری هەر هەمووان خوایە، خۆی دەژیێنێ و خۆی دەمرێنێ

پاشا سێبەری خوایە، دینامێت چیی لێ دەکا

***

لە باسی گەشتەکەی شێخ ڕەزادا بۆ تورکیا و یەک لەو ڕووداوە سەیرانەیدا، لە دانیشتنێکدا کە شاکر ئەفەندیی خانەنشینی لێ بوو بەم شێوەیە گێڕراوەتەوە:

ڕۆژێکیـان لە بارێکی مـاندوو و شـەکەت و داهێـزراو، کاتی نیـوەڕۆ گەیشـتـمـە شـارێک، بێ پارە و پوول، بە برسێتی دەسووڕامـەوە. لە کۆتاییدا بینیم لە دەرگەی مـاڵێکی گـەورەوە خـەڵکێکی زۆر دەچنە ژوورەوە. منیش یەکسـەر خـۆم کـرد بە ژووردا. لەورە بانگهێشتێکی شاهانە هەبوو، کەمێکی تر پێکەوە لەسەر سفرەی نانخواردندا ڕۆنیشـتـین. بانگهێشتکراوەکان ناوی خوایان لێ هێنا و کەوچک و چەتاڵیان گرت بەدەستەوە و منیش وەک نەریتی خۆمان بەدەست دەستم بە بەرکوڵ و هەڵلووشین کرد. گشت بـانگهێشتکراوەکان چاویان تێم بریبوو. منیش خۆم لێ نەبان کردبوون هەر خەریکی خۆراکەکەی بەردەمم بووم!. خواردن خورا، هەڵساین و چووینەوە جێی خۆمـان، پەیوین دەستی پێ کرد و بەڵام من بێدەنگیم بەباشتر

زانی، دواتر ئەفەندییەکی تەمەن ناوەندیم بینی لێم نێزیک کەوتەوە. هاودەمی خاوەنماڵ بوو، دواتر ئەمەم زانی. بە ڕەوشتبەرزی لێی پرسیم کە من کێم؟ منیش وەڵامــیم بەم جــۆرە دایەوە: "ئەدی تۆ کــێــیت؟". کــابرا وەڵامی دایەوە و ئەم گفتوگۆیەمان لە نێواندا ڕووی دا:

– من شاعیرم.

– منیش ماعیرم.[٦]

– ماعیر یانی چی؟

– ئەی شاعیر یانی چی؟

– شاعیر بە کێش و بە سەروا شیعری چەمک جوان دەڵێ.

– ماعیریش وا دەکا.

– کەوابێ شیعرێکمان بۆ دروست بکە با بزانین.

– بە تورکی بێ یان بە فارسی؟

– دڵت هەرچۆنێکی گەرەک بێ!.. بە عەرەبیش بیڵێن هاوشێوەی شیعرەکەتان دەڵێم " تەنزیر دەکەم ! "

– بێدەنگییەکی قووڵ ئەو ناوەی داگرت... هاودەمەکەی خاوەنماڵ بە واتای:" چاوم مەلە، برژانگەکان باڵی ئەون. هەر کاتێک ویستی بفڕێ سێبەریشی بە دوادا دەچێ " شیعرێکی فارسیی گوت.[٧] منیش بەرامبەر بەمە " شێخ ڕەزا دەڵێ " یەکسەر دێرێکی تیزئامێزم هەڵبەست و خوێندمەوە کە واتاکەی بەم جۆرەیە: " – هینەکەی من ئەسپە، تووکەکانی یاڵە ئەسپە، دەچێتە ناو قینگی شاعیرەوە، گــونیش بەدوایدا دەچێ "[٨]. بێــدەنگیی ئەو ناوە یەکــســەر بووە پێکەنین و سەرسوڕمان...

***

دەڵێن جەمیل سدقیی زەهاویی شاعیری ناسراوی بەغدایی بە شیعرێکی داشۆردنی درێژی عەرەبی شێخ ڕەزا دادەشۆرێ. شێخ هەر کە ئەمە دەبیێ و نابیێ. بە چوارینەیەکی قــێــزەونی بە عــەرەبی، زەهاوی دادەشــۆرێ کــە ئەمــە واتاکەیەتی: " قسەم قسەیە بوختان نییە، دایکی جەمیل لە پشتەوەی زاییوە، ئەگەر

بڕوا بە قسـەم ناکـەی؟ تۆ نـابینی زەردیی ڕووی لـە شـوێنەواری گـووەوەیە؟ "[٩]. لە بارەی زەهاوییـەوە کە زمـانی تورکیی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک زانیوە و شـیعریشی پێ نووسـیـوە، دێڕێکی ناشـرین و نـاقـۆڵای بە تورکی گـوتـووە، کـە ئـیـدی زەهاوی جارێکی تر خۆی تووشی شەڕەشیعری شێخ ناکا. دێڕەکە ئەمەیە:

سـورمــەدان مــادرک س..دن یمش ملیـونجـە مـیل
کیم بیلور سن هانگی کلبک یاوریسیسک أی جمیل

واتە:

کولتووری دایکت لە کێر، ملیۆنەها میلی خواردووە
کێ دەزانێ تۆ بەچکەی کام سەگی ئەی جەمیل

***

شێخ ڕەزا کە جارجـار چووەتە سـەردانی کـەسـانی ناسـراوی شـارەکـە، بەپێی داوونەریت لەبەرئەوەی لە پیــاومــاقــووڵان ژمـێـرراوە بـە سـواری ئەسـپ دەچووە ئەملاولا.. لە هـەندێک بۆنەشدا سـەری لە تـەکیـەی شـێخ باقی داوە کـە لە گـەڕەکی شــاترڵودایە... مــاوەیەک لـەبەر ئەوەی ئەسـپـەکـەی دەتۆپـێ ناچار دەبێ سـواری گوێدرێژ ببێ. شـێخ باقی ئەفەندی بەناوی سوعبەتەوە توانجی تێ دەگرێ و لێی دەپرسێ: "ئەسپەکەت لە کوێیە؟"، شـێخی شـاعیریش گەمەی بە "تەوریـیە" بە ناوی باقی واتە "ماوەتەوە" دەکا و بەم دێرە شیعرەوە وەڵامی دەداتەوە:

هر خصوصده بنی تعطیل ایلمز اللهم
اتمی اولدیردی امــا اشگم باقــیــدر[١٠]

واتە:

هەرچۆنێک بێ خوا پەکم ناخا
ئەسپەکەمی تۆپاند بەڵام کەرەکەم (باقی)یە.

***

شێخ ڕەزا لـە هونەرەکانی شـیعری دیوان "کلاسیکی" پتـر مـەراقی ئەم جۆرە هونەرەی "تەوریـیە"یە بـووە، بۆ توانجگرتن لـەم و لەو. دیسـانەوە لەم دێرە شـیعـرە

قێزەونە، بەڵام ڕەسەن و لە دوو وشەی کۆتاییی نیوەدێڕەکاندا بەرچاو دەکەون کە لەبارەی تەکیەی شێخ باقی، لە گێڕانەوەیەکی تردا لەبارەی شێخ عەلیی براگەورەی خۆی و تەکیەکەی خۆیانەوەی گوتووە و دەڵێ:

بو تکیە کیمک تکیەسیدر شیخی/دەوارمی

سرحالقەء ذکرندە گزەن خلفە/سی کیمدر؟

واتە:

ئەم تەکیەیە تەکیەی کێیە؟ شێخیشی هەیە؟... یانیش: شێخەکەی " دەوارە؟ ".

لەسەر هەڵقەی زیکرەکەیدا خەلیفەی هەیە؟!... یانیش خەلیفەکەی کێرمە؟!

***

لە کتێبی ئەنتۆلۆجیی داشۆردن "هجو انتولوژیسی"ی حیلمی یوجەباشدا، ئەو باسەی لەو وتارەی بە ناوونیشانی شێخ ڕەزای شاعیری کەرکووکی"کرکوکلی شاعر شیخ رضا "ی کەمال ئەمین بارانە لێرەدا وەک خۆی دەگوێزینەوە:

" لە مێژوویەکدا........ سەردارانی عەشیرەتێکیان کە ناوی زەنگنە بووە دەستگیر کردووە.[11] بەبۆنەی ئەوەوە کە کچێکیان لێ خواستوون و خزمایەتییان لەگەڵ شێخ ڕەزا هەبووە، شێخی بانگهێشتی بەندیخانە کردووە و داوای لێ کردووە لە موتەسەریف داوا بکا لێیان ببوورێ. لەبەر خاتری ئەوان چووەتە لای موتەسەریف و تکاکەی لێ کردووە. پاشا پێی ڕاگەیاندووە کە: " شێخ ئەفەندی! تۆ بچۆرە تەکیەکەی خۆت، نزا بکە. تێکەڵی کاروباری سیاسی مەبە " و بەم جۆرە دووری خستووەتەوە. کە چووەتە دەرەوە کەهیەی موتەسەریف دوای دەکەوێ و پێی دەڵێ: " ئەگەر سی لیرە بدەی پاشا بەندییەکان بەردەدا ". دۆزەکە بە زەنگنەکان دەڵێ و ئەو سی لیرەیەی لێیانی وەرگرتبوو دەداتە کەهیە. دوای چاوەڕوانیی چەند ڕۆژێک کە دەبینێ زەنگنەکان بەرنەدرانەوە، دووبارە دەچێتەوە لای کەهیە و کەهیە دەڵێ: " پاشا ئەسپەکەی تۆشی دەوێ " کە ئەمەش دەبیێ، ناچار ئەسپەکەشی کە ناوی (ڕەهوار)[12] بووە دەدات، بەڵام دیسانەوە کاتێکی باش ڕەت دەبێ هەواڵی بەربوونەوەیان هەر نابێ، دەڵێ: "بێن بزانم ئەو قەڵەمەم بدەنێ" و ئەو داشۆردنە دەنووسێ کە سەرەتاکەی ئەمەیە کە دەڵێ:

واجب اولدی ایدەلم درد دل اظهـــــاری
چونکه دل علتنه منجر اولور اضمـاری[١٣]

دوای ئەم هـۆنراوەیـە مـــوتەســـەریف پـارەکـــەش و ئەســـپـــەکـــەش دەداتەوە و بەندکراوەکانیش ئازاد دەکا".

ئەوەی باســـەکـــە دەیگەیـەنێ ئەوەیە کـــە دیارە مـــوتەســـەریف بەرتیلەکـــەی وەرنەگـرتووە، بەڵکو دەرگـاوانەکـە بووە، دواتر کـە پـاشـا هـەڵوێسـتـەکـەی زانیـوە بەهەرحاڵ سزای شایستەی ئەوی داوە.

***

باسی ئەو چامـەیە و ئەو پاداشـتـەی شێخ ڕەزایەمـان کردبوو کە سـاڵی ١٢٩٠ بۆ ناسیرەدین شای حوکمداری ئێرانی لە کاتی سەردانی ئەستەمبوڵیدا پێشکێشی کـردبوو. شـا مـاوەیەک واتای ســەرەتای غـەزەلێکی حـافـزی کـە واتاکـەی دەڵێ: "بولبولێک پەلکە گوڵێکی ڕەنگ جوانـی بە دەنووک هەڵگرتبوو، بۆ گەیشتن بەو گوڵە بەسـۆزەوە دەکرووزایەوە."[١٤] لە کاتی خۆیدا لە شـاعیرە ئێرانییـەکانی پرسـیـوە، وەڵامی دڵنیاکەرەوەی دەست نەکەوتووە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە ئەم جارە لە شێخ ڕەزای پرسـیـوە، شێخ ڕەزاش دێڕی مـەبەسـتی، هەر بەو کێش و سـەروایەوە و هەر بەو زمـانە، بە هۆنراوەیەکی سـەیروسـەمەرەوە ڕوون دەکاتەوە.[١٥] واتای هۆنراوەکە وەهایە: " گەورەم! زۆر خەمبـار بووم لە کاتێکدا ئەو پرسـیارەم بەبیردا هاتەوە کە پرسـیبـووتان، داخۆ مـەبەستی حـافز لە " بولبولێک پەلکە گوڵێکی ڕەنگ جـوانی بە دەنووک هەڵگرتبوو. " چی بووە؟.. بۆ بینین و زانینی ئەم گـەوهەرە تاکـانەیەی ناو ئەم سـەدەفە، بە دەریـای ئەبجەددا ڕامـام. " بلبلی برگ گلی " بـە ژمارەی ئەبجـەدی سێـسـەت و پەنجا و شـەش دەگرێتـەوە کـە لەگەڵ (عـەلی)، (حەسـەن)، (حـسێن) هـاوژمارەن. پەلکی گوڵ سەوزە، نیشانەی حەسەنە، چونکە کە شەهید کراوە ڕووی سـەوز هەڵگەڕاوە.[١٦] ڕەنگی گوڵ سـوورە، نیشـانەی حوسێنە، چونکە کە شـەهید کـراوە کـوڵمی بە گـوڵە هـەنار هەڵگەڕاوە، بولبـولەکـە بە یەکگەیشـتـنەوەی هەردوو گوڵەکەوە بە سۆزەوە لە کرووزانەوەدایە ".

شـێخ ڕەزا کـە ناوی حـەزرەتی عـەلی و حـەسـەن و حـوسـێن سـڵاویـان لێ بێ بە ژمـارەی ئەبجـەدی هەڵسـەنگاندووە، شـا ئەم هـۆنراوەیەی پـێ خـۆش دەبـێ. هەر

لەلایەن شاعیر بەخۆیەوە تەخمیسیش کراوە.[17]

باس و قسەی خۆشی تری شێخ ڕەزامان لە هەندێک لە لاپەڕەکانی تری کتێبدا جێ کردووەتەوە.

پەراوێزەکان:

(١) ئەم نیوەدێرە، لە سەرەتای غەزەلێکی عوسمان نەورەسی شاعیرەوە وەرگیراوە کە نامیق کەمال خۆشی نەویستووە، لە دیوانەکەیدا بەشێوەی: "فروغ شمع مجلس رونق صحن چمنسک سن" نووسراوەتەوە.

(٢) بڕوانن: نووسینی بە ناوونیشانی دۆزی زمان " دیل مسئلەسی "ی " کەمال ئەمین باران ". گۆواری (تورک دوشونجەسی)، ژمارە ٢٥، کانوونی یەکەمی ١٩٥٥، کە پێشتر باسی ئەم بڕگەیەمان کردووە و ساڵی ١٩٠٩ مێجەر سۆنی گەڕیدەی ئینگلیز لە ماڵی شێخ ڕەزا خۆیدا لە کەرکووک سەری لێ داوە، بەهەڵە تێی گەیشتووە و بە شێوەیەکی ئاڵۆزی گوازتووەتەوە.

(٣) لەوانەیە ئەم ڕووداوە، نیشانەیەکی بێ بایەخی کێبەرکێیەکی نێوان بنەماڵەی مفتی دەروێش ئەفەندی و بنەماڵەی تاڵەبانی لە کەرکووکی سەردەمی خۆیدا بووبێ، کە شێخ ڕەزا سەر بەمەی دواییانە، هەروەها لەم بارەیەوە سولەیمان موفتیی کوڕە گەورەی دەروێش ئەفەندی لە کتێبی دەستنووسی وەرگێڕانی " اجمال عشق " دا کە لە " فوزوولی "ی وەرگێڕاوە، هەندێک پەراوێزی بۆ کردووە. لەم بارەیەوە بڕوانە: نووسینێکمان بە ناوونیشانی – ئیجمالی عیشق –ی فوزوولی و وەرگێڕانێکی کە لە کەرکووکدا کراوە – " فضولینک اجمال عشقی و کرکوکدە یاپیلان ترجمەسی " – ژمارە ١٨٤ی کانوونی دووەمی ١٩٨٧ی گۆواری " قارداشلق "... لەگەڵ بەدەست نەکەوتنی تەواوی هۆنراوەکە هەندێ لە نیوەدێرە شیعرییە قێزەونەکانیمان بە گوێ بیستووە.

(٤) و (٥) صوک عصر تورک شاعرلری ل ١٥٠١.

(٦) بەهەرحاڵ شێخ ڕەزا وشەی (بعیر)ی عەرەبی کە واتای حوشتر دەگەیەنێ بە شێوەی (باعر) گوتووە. بەڵام لەبەر ئەوەی شاکر ئەفەندیی گێڕەرەوەی باسەکەی بە (ماعیر)ی گێڕایەوە، منیش هەر وەهام نووسییەوە.

(٧) دەقەکەی ئەمەیە:

چشم من مرغست مژگان بال او
هر کجا او رود سایە از دنبال او

ئەم دێرە بەپێی گێڕانەوەیەکی تر بەم جۆرەیە:

چشم مـــا بـازسـت مـــویش بـال او
مـیـرود هر جـا کـه خـواهد مـال او

(٨) ئەم دێرەی کە لەنگی لە کێشەکەیدا هەیە، ئەو شێوەیەی پێی گێڕراوەتەوە بەم جۆرەیە:

کـــیــر مـن اســپــست مــویهــا بال او
میرود درکون شـاعر خـایه از دنبـال او

بەپێی گێڕانەوەیەکی تریش بەم جۆرەیە:

کـــیــر مـــا مـــارست و مـــویش بال او
میرود درکون شـاعر خـایه در دنبـال او

(٩) دەقی چوارینەکە بەم شێوەیەیە:

اقـــول قـولا لـيس مفـــتري          ام جمـيل ولدتـه من الـورا
ان لم تصدق قولي اما تري          صفرة وجهه من اثار الخرا

جـەمـیل سـدقـی زەهاوی (١٨٦٣ – ١٩٣٦) یەکێکە لە دوو شـاعـیـری گـەورە، کـە لە سەردەمی خۆیاندا بەعەرەبی شیعریان نووسیوە. ئەوی تریان مەعرووف ڕەسافییە.

(١٠) لە جیاوازیی ڕوونووسدا وشەی (ایلمز) لە شێوەی (ایدەمز)، (اتمی اولدیردی) لە شێوەی (اتم اولدیسەدە) هاتووە.

(١١) وشەی (زنگە) کە لە نووسینەکەدا هاتووە، هەرچۆنێک بێ دەبێ (زەنگنە) بێ.

(١٢) ڕەهوار، وەک کـەمـال باران دەڵێ لەوە پتـر کە ناوی ئەسپ بێ، وشـەیەکـە بۆ ئاژەڵی ڕێ بە ئاسانی دۆزەرەوە دەگوترێ، لە شێوەی ناوچەییدا ڕەهوانی پێ دەگوترێ.

(١٣) ئەم داشـــۆردنەی لە ســەرەتادا لەبارەی فــەریق عــەلی پاشــای گـوتووە، دواتر بەو ســەرەتایەی ســەرەوە تـەخـمـیـسـی کـردووە. دەقـەکـانیـانمـان لە بەشی داشـــۆردندا نووسیوەتەوە.

(١٤) دەقەکەی ئەمەیە:

بلبلی برک گلی خوش رنگ در منقار داشت
وندران برک و نوا خوش نالهای زار داشت

(١٥) دەقەکە ئەمەیە:

صاحبا در حالتی کین بنده غم بسیار داشت
یادم امــد از کــلام ان جناب اظـهــار داشت
گفته بودی مقصد حافظ چه بود ازانچه گفت
(بلبلی برک گلی خـوش رنک در منقـار داشت)

نصف شب غـواص گــرديدم ببـــحــر ابجـدی
تا ببــينـم اين صـــدف ايا چه در دربار داشت
بلبلـی برک گلی شـد سيـصد و پنجـاه و شش
با حسين و با حسن هـم با علی معيـار داشت
برک گل سـبـزست ان دارد نشــانـی از حـسين
چونکه در وقت شـهادت سبزهء رخسـار داشت
رنک گل سـرخست ان دارد نشـانی از حـسين
چونکه دروقت شـــهـادت عـــارچ گلنـار داشت
بلبلـی باشـــــد علـی کـــــرفت ان هـر دو گل
(وندران برک و نوا خـوش نالهــای زار داشت)

(١٦) واته شـين و مۆر بووبوو كه ئەمەش بەهۆی ژاراويبوونەوه بووه.

(١٧) له بنەڕەتدا حـافز، دێری مـەبەستی ئەو غـەزەله بنەما سـۆفيگەرييـەكەی بەشێـوەيەكی نواندنی يـەكێـتـيی بوون – سـەربـەخـۆ وێنا دەكـا... هـەرچۆنێك بێ واتـای ئەم دێره به دووەم دێر به هونەری دەستنيشـانكردن و به گۆهێنان ڕوون دەكاتەوه. دەقی دێرەكه و ڕوونكردنەوەكەی بەم جۆرەيه:

گفـتمش در عين وصل اين ناله و فرياد چيست
گفت مـارا شـيـوهء معـشـوق در اين كـار داشت

واته: " بەو بولبـولەم گوت: كه تەواوێك له باری بـەيەكگەيشـتنداى ئـەم ناڵين و هـاوارەت له چييه؟ گوتی: دەركەوتنی دڵبـەر ئێمـەی خـستـووەته ئەم بارودۆخه " ئەمـه واتا: بەهۆی ڕوو له خوا كردنەوه، له پايەی بەيەكگەيشـتندا چاكەی ڕەهـا و جوانيی خوايی ئێمەی خستووەته ناڵين!

# بەشی دووەم

## شیعری جنێو و داشۆردن

١

(بەسەرهاتی دزێوی لەگەڵ کوڕە بولغاری و ئەو ڕسواییەی داویەتییە پاڵ خۆی)

عـاجـز و مـحـزون دولاشـیـرکن در أیـام فـراق
بر اوشـاغی گـوردم أندر کـوچەء شـهـر عـراق
لبلری لعل بدخـشـان دیشلری مـانند در
گلمـمش گلمـز جـهانـه بویله بر شـیـرین اوشـاق
بی أمـان عـاشـقلری پروانه وش سـوزان ایدر
قـدرت حـقـدن اولوبدر هر یاکـاغی بر چراق
یوغـیکن روز أزلدن بر فلوس أحـمـرم
سـویلدم بیک لیـرایه گلک فـقط بر از یتـاق
حاصلی بو سوزیمه یومشالدی دوشدی اوکمه
منزل مـقـصـودیمه عـزم ایتـدی یتـدی براق
گـچـدی صـدره اوطوروب مانند شاه مـحـتـرم
أمـر قیلدی باده گلسون مـجلس عـشرت قـوراق
چـونـکـه اول نـوش ایـلـدی قـاچ بـاده مـی
دیدی بویروک جبهەسک قویدی یره اول یوزی اق

....................................

.................

خـیل ایله تاصـبـحـه دک اول ایشـی صـاووتمادم
اونجـه گلدم گـیـتـدم طاقـتم طاق اولدی طاق

گون طلوع ایتدی اول ایش کافر کفایتدر دیدی
سن گبی بر بی مروت گورمدم قوی بر صیچاق
عاجز اوله بندەدن أی شاه خوبان سویلدم
..........................
خیل ایله طوتدی گریبانم دیدی اقچه ویر
سویلدم صبر أیله جانم بر ذره باری اوطوراق
بیلدی بنده پاره یوقدر شویله فریاد أیلدی
شول اوازدن باشه جمع اولدی اصحاب سوقاق
دیدیلر نولدی سکا أسراریکی فاش ایت بزه
بو هریف باغم صوارمش ویرمز ایمدی حق طاق
دیدیلر ویر چوجغک حقک دیدم یوقدر فلوس
چوزدم اندن بر ایکی قدم همان اولدم ایراق
بریسنه دیدی بوندن حقمی تحصیل قیل
ممکن اولوب ویرمز ایسه صاریغک بوینته تاق

واته:

لە ڕۆژانی دووریدا لە کاتێکدا خەمگین و بێهێز دەگەڕام
لە کۆلانێکی شاری عێراقدا منداڵێکم بینی
لێوەکانی یاقووتی بەدەخشان. دانەکانی وەک مرواری
منداڵی وەها جوان و شیرین نە هاتووە و نە دێتە جیهان
بەبێ سڵکردنەوە، دڵدارانی وەک پەپوولە دەسووتێنێ
لەلایەن خواوە هەر کوڵمێکی بووەتە چرایەک
هەر لە ڕۆژی ئەزەلەوە یەک فلسی سوورم نەبووە
گوتم بە هەزار لیرە وەرن، تەنیا هەندێک پێکەوە بنووین
بە کورتی بەم قسانەم نەرم بووەوە و پێشم کەوت
بەرەو شوێنی مەبەست کەوتە ڕێ...
چووە سەرەوە دانیشت وەک شاهێکی بەڕێز

فەرمانی دا بادەی خواردنەوە بێ، کۆڕێک ببەستین
چونکە ئەو چەند جامێکی مەی نۆشی
گوتی فەرموو، ئەو ڕوو سپییە نێوچەوانی نایە سەر زەوی
............................
بە زیادەوە تا بەیانی ئەو کارەم سارد نەکردەوە
هێند هاتم و چووم تاقەتم تاق بوو " بەشە ئاوی لێ بڕا!! "
کارەکە تا خۆر هەڵات هەر بەردەوام بوو، گوتی کافر بەسە!
بێ ویژدانی وەک تۆم نەدیوە لێگەڕێ با گوویەک بکەین
گوتم ئەی شای جوانان لێم زیز مەبە
.......................
داوێنی بە توندی گرتم و گوتی پارە بێنە
گوتم پشووت بێ گیانە با یەک تۆز دانیشین
زانی پارە لەلای من دەس ناکەوێ وەها دەستی بە هاوار کرد
لەم ئاوازەوە خەڵکی کۆڵانمان بە سەردا کۆ بووەوە.
گوتیان چیت لێ هات نهێنیتمان بۆ بدرکێنە
گوتی ئەم کابرایە باخەکەمی ئاو داوە و ئێستاکە هەقی بەشە ئاوەکەم نادا
گوتیان هەقی منداڵەکە بدە گوتم پارە نییە
لەو جودا بوومەوە و یەک دوو هەنگاو لێی دوور کەوتمەوە
بە یەکێکیانی گوت مافەکەمی لێ وەربگرە
ئەگەر دەکرێ و نەیدا سەرپێچ (مێزەر)ەکەی بە ملیدا بئاڵێنە

***

پەراوێزی نووسەر: دێرە درێوەکانی ناو ئەم هۆنراوە بەرهەمی خەیاڵەم لێرە دانەنا. دەکرێ بۆ ئەم دێرانە سەیری دیوانەکانی شاعیر بکرێ. وشەی (اوشاق)ی ناو هۆنراوەکە بۆ منداڵی نێرینەی بچووک بەکار هێنراوە. دەستەواژەی (حق طاق) – مافی تاق – لە بنەڕەتدا واتای کرێی دیاریکراوی ئاودێریی باخەکان دەگەیەنێ، کە یەک (تاق) برە ئاوی بەکاربراوی دە سەعات بووە. شاعیر بەمە هونەری

(ایهـــام)ی دروست کـــردووه. دەســـتـــەواژەی (صـــاریغـــیک بوینـنـه تاق) واتـه: سەرپێچەکەی بخه ملیەوه، واتا: کەسێکی زانا هەڵسوکەوتێکی سووکی لێ ببینرێ لەلایەن کەسانی ترەوه، سەرپێچەکەی لە ملی بکرێ و بەناو خەڵکدا پەلکێش بکرێ و ســووک و ڕســوا بکرێ. شــاعــیــر ئـەمــه بۆ خـۆی بـه ڕەوا دەبینـێ!. لە کـۆنەوە شـاعیران وەک لە نـیوەدێری فـوزوولیی شـاعیری هەرە گـەورەی تورکدا کە دەڵێ: "فضـولی رند و شیـدادر / همیشـه خلکه رسوادر" واته: "فوزوولـی ڕەند و شەیدایه / هەمـیشـه ڕسـوای ناو خەڵکه" پێیـان نەنگ نەبووە ڕیسـوابوون بدەنه پاڵ خـۆیان، بڕوانه فـەرهەنگی (لغت نـاجی، ل ٤٠١). بەڵام عـیـشـقی شـێخ ڕەزا جـۆرێکی تره. شیعریشی دزێوه.

٢

(ئەمـەش بەسـەرهاتی لەگەڵ کوڕە بولغاری و ڕسوایی دانه پاڵ خۆی و گاڵتـەی لەگەڵ ئەحمەد پاشای بابان کە لە پێداهەڵدان دەچێ)

(ڕۆژی یەکشـەممه کە مـەشـهـووره بە ڕۆژی پازار
من بـەغـار کـەوتمـه دومـبـالی کـوڕێکی بولغـار)
..................
...............
(دامـــەنم گـــرت و وتم): مـــرحـــمت ایت الماسم
بویلـه یـاندیرمـــه بـنـی اتش عـــشـــقک ایلـه زار
بـنـی صـــیـــد ایتـــدی سنک دیده اهـو روشک
أی سـنـک دیدەلـرک اهـویـی شـــــیـــــرشـکـار
(ساعەتێ چاک لە سەر و سوورەتـی نەحسم فکری)
(پێم وت): گـیت ایشـیکه حـاجی بابا یـغمـامی وار
صـاچمـه لاقـیردیلرک حاصلی یوق اقـچـه گـتـیـر
اقـــچـــەســـز ایتـــمـــه صـــاقـین ارزوی بوس کنار
(من کــه یەک پارەی جـڵــقـم لە ازل شک نـەدەبرد)
(پێم وت): ایشـتــه کـمــرمــده دولیــدر یوز دینار

ســـویلدم: چشم حــقــارتله بکا باقـــمـــه گـــوزم
(مـــردمی کن مـــشـــو از مـــردم مـــردم ازار)
بن بیـــوک ذات شـــریفم وکـــلا خـــوجـــه‌سی یم
طانیـــــور بندنکزی زمـــرهء شـــــاه و خنکار
..............
.............
(چاکی کـرد) پردهء نامـــووسی دیدی (س...) بنی
ویرمـــدی پاره‌سنی بویله‌می قـــانون کـــبـــار؟
دیدیلر حـــاجی افندی چوجـــغک حـــقنی ویر
ســر کـــه فـــاش اولدی دها فـــائده ویرمـــز انکار
یوغـیـســه اقـــچـــه‌ک مـــهلتک اولســـون اوچ گـــون
حـــقنی اوچ گـــونه دک ویرمـــه‌لیـــسک أی غـــدار
.......
.....

واته:

ڕۆژی یەکشەمە کە بە " پازار " بەناوبانگە
من بەغار کەوتمە دوای کوڕێکی بوڵغار
دامەنم گرت و گوتم: بەزەییت بێتەوە ئەڵماسەکەم
بەم جۆرە بە ئاگری عەشقتم مەسووتێنە زار
چاوی ڕەوشت ئاسکت منی ڕاو کرد
ئەی چاوەکانی تۆ مامزی ڕاوکەری شێرانە
سەعاتێک، چاک لە سەر و گوێلاکی نەگبەتی ڕوانیم
پێمی گوت: حاجی بابا بچۆرە کاری خۆت، تالآنە؟ چییە؟!
لاقرتێی بێ سوود بەری نییە پارە بێنە
بەبێ پارە ئارەزووی ماچ و نزیکبوونەوە مەکە
من کە یەک فلسی قەڵبم لە ئەزەلەوە شک نەدەبرد

پێم گوت ئیدی ئەوە کەمەرەم پڕە، سەد دیناری تێدایە
گوتم: بە چاوی سووک تەماشام مەکە چاوەکەم
پیاوەتی بکە و ئازاری چاوی خەڵکی مەدە
من زاتێکی بە نامووسی مامۆستای وەزیرانم
شا و خونکار بەندە " مەبەستی شێخ خۆیەتی " دەناسن
.............
پەردەی نامووسی دادڕی و گوتی (گ..)می و
پارەکەی نەدا داخۆ قانوونی گەورەکان وایە؟
گوتیان حاجی ئەفەندی هەقی منداڵەکە بدە
نهێنی کە درکا ئیدی ئینکاریکردن سوودی نییە
ئەگەر پارەشت نییە با سێ ڕۆژت بە مۆڵەت بێ
دەبێ تا سێ ڕۆژ هەقی بدەیتەوە ئەی غەددار

***

پەراوێزی نووسەر: شاعیر بەم هۆنراوە (مولەممەع)ە کە بەری خەیاڵە، بەسەرهاتی دزێوی لەگەڵ کوڕە لاو و جوانی بولغارییەوە باس دەکا، خۆی لە سووککردنەوەی خۆی لانادا!... ئەم شیعرەی کە زۆر درێژە، ئێمە بەشێکیمان لێرە نووسییەوە. لە کۆتاییدا شاعیر بە چەند دێرە شیعرێکی کوردییەوە

پەراوێزی وەرگێڕ: مامۆستای دانەر ئەو دێرە شیعر و دەستەواژە کوردییانەی کە لەناو کەوانەی داناون، بە پێی ڕێنووسی کۆن نووسراونەتەوە و مامۆستاش وەک خۆیانی داناونەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی بە کوردین، ئێمە بە ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردیمان نووسینەوە. ئەو دێرە نەبێ کە سەرەتاکەی دەڵێ: (مردمی کن مشو... هتد) کە بە فارسییە، وەک خۆیمان هێشتەوە.

٣

(لەبارەی شێخ محەمەد عەلی ئەفەندیی برازایەوە)
ظلمده گرچه بزم شیخ شریفک ادی وار
ظلمه یوقدر میلی اما ظالمه امدادی وار

یاری الماز اوچده بر مقطوعدر رسم فکاک
شیخ عالی همتک بر معتدل معتادی وار
بیخبر هر ایشندن کندوسی خلوت چکر
لعنة الله علیهم بر ایکی اولادی وار
گوز اوجیله بر اشارتدر قوماندایی بیلور
خیلی خیال طریقت امرینک منقادی وار

واته:

ئەگەرچی شێخە شەریفەکەی ئێمە لە زۆرداریدا ناوی هەیە
ئارەزووی زۆرداریی نییە، بەڵام هاوکاریی زۆرداری دەکا
لە ڕەسم (باجی) تەڵاق و جودابوونەوەدا نیوە وەرناگرێ سێ یەک بڕاوەتەوە
شێخی هیممەت بەرز، خوو و ڕەوشتێکی مامناوەندیی هەیە
بەخۆی لە هەموو کارێکی بێئاگایە، هەر لە خەڵوەتدایە
نەفرەتی خوایان لێ بێ یەک دوو منداڵی هەن
بە لاچاوێکەوە ئاماژەیەکە فەرمانداری دەزانێ
زۆرێک دواکەوتەی فەرمانی خەیاڵی ڕێبازی ئاینیی هەیە

پەراوێزی نووسەر: لە هەندێک ڕوونووسدا، لە جیاتی وشەی (شیخ)ی دێرە شیعری یەکەمدا (ذات)ە و لە جیاتی (فکاک)ی دێری دووەم (نکاح) نووسراوە.

٤

(دیسان لەبارەی شێخ محەمەد عەلی ئەفەندیی برازایەوە)

زرله تعبیر اولنان حدن اوته بر دلیلک
مذهبک اونمی اوتوزمی نه عجب حولحولیسک
أی معرس بیلورم بن سنی بیلمز دگلم
سن بو درگاهه صیچان شیخ محمد علیسک

واته:

ئەو شێتییە لە ڕادەبەدەرەی تۆ کە بە (زڕ) باسی دەکرێ (زڕ: واتە شێتی تەواو)

ڕێبازەکەت دەیە سییە داخۆ چەند حولحولی (ڕاڕا)یەکی سەیری
ئەی (....) دەزانم وە نەبێ تۆ نەناسم
تۆ شێخ محەممەد عەلیت کە گووت لەم تەکیەیە کردووە

***

پەراوێزی نووسەر: محەممەد عەلی لە ١٣٣٠ی کۆچیدا دوای باوکی بە پۆستنشینی دەرگەی قادری دامەزراوە. پێشتر هەرچۆنێک بێ لە تەکیەدا خەلیفایەتیی کردووە.. ئەو (زردلی)یەی ناو شیعرەکە، واتەی شێتی لە ڕادەبەدەر دەگەیەنێ... (حولحولی مذهب) دەستەواژەیەکی ناوچەیییە کە ڕاڕایی کەسێک دەگەیەنێ، ئێمە پێمان وایە لە وشەی (حەنبەلی)یەوە هاتبێ.

٥

(مولەممەع لە بارەی سوڵتانەوە)
دوشمانە قارشی کدی ملتە قارشی اسلان
(لعنة الله علی حضرت هذا السلطان)
(لعنة الله علیه و علي تابعه)
(و علی من لم یرض بحکم القران)

واتە:
بەرامبەر دوژمن کتک، بەرامبەر میللەتت شێر
نەفرەتی خوا لەم سوڵتانە بێ
نەفرەتی خوا لە خۆی و دەستوپێوەندی و
لەوانەش بێ کە بە حوکمی قورئان ڕازی نابن

***

پەراوێزی نووسەر: وەکو لێی تێ دەگەین شێخ ڕەزا ئەم داشۆردنەی، لە بارەی بەبێ ویستی سوڵتان لە ٢٣ی تەمووزی ١٩٠٨ دا جاڕدانی دەستوور (قانون اساسی)یە. ئەمە و ئەو داشۆردنەی خوارەوە، وەک لە بەشی پێداهەڵداندا دەبینرێ ورشەدارترینی پێداهەڵدانەوەکانیشی بۆ سوڵتان نووسیوە.، لە ١٩٣٠یەکاندا مەعرووف ئەلرەسافیی شاعیری عێراقی لە شیعرێکیدا کە ئەم دێرەی خوارەوەی

تێدایە کە ئاراستەی پیاوانی دەوڵەتی ئەوساکەی کردووە، ناوەرۆکی نیوەدێری یەکەمی ئەم شیعرەمان بیر دەخاتەوە. ڕەسافی دەڵێ:

کلاب للاجانب هم ولکن على ابنأ جلدتهم اسود

واتە: ئەوان سەگی بێگانەکانن، بەڵام بەسەر هاوڕەگەزی خۆیان دەبنە شێر..

٦

(دیسان لەبارەی سوڵتان حەمیدەوە)

نە دییەم حکم خدادر هو یحیي و یمیت
یوقسە مقصودمزی حاصل ایدردی دینامیت

واتە:

چی بڵێم حوکمی خوایە، هەر خۆی خەڵکی دەژێێنێ و دەشمرێنێ
دەنا دینامێت مەبەستمانی دەهێنایە دی

***

پەراوێزی نووسەر: لە ٨ی تەمووزی ١٩٠٥ دا کە سوڵتان حەمید لە کاتی ڕێوڕەسمی چوونە نوێژی هەینیدا هەر دەردەچێ و دەرناچێ، لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێک کە لەلایەن ئەرمەنییەکانەوە دانراوە سوڵتان هەر هیچی لێ نایێ. شێخ ڕەزا ئەم دێرەی گوتووە،

ئەمین فەیزیی دۆستی شاعیر پێی دەڵێ: " سوڵتان گوێی لەمە بێ، تۆ بۆ تاراوگە دەنێرێ "، وەک لە نوکتەکانی شاعیردا ڕوونمان کردووەتەوە، شێخ دێرەکە وەردەگێڕێ و دەیکاتە ئەم پێداهەڵدانە:

جملەنک حافظی حقدر هو یحیی و یمیت
پادشاه ظل خدادر اکا نیلر دینامیت

واتە:

خوا خۆی هەمووان دەپارێزێ ئەو دەژێێنێ و ئەو دەمرێنێ
پاشا "سوڵتان" سێبەری خوایە دینامێت چی لەو دەکا

٧

(دیسان لەبارەی سوڵتان حەمیدەوە)

پادشاه نادان اولورسه عالمی تقبیح ایدر
گوهر یکدانه اوزره مونجوغی ترجیح ایدر

واتە:

پاشا کە نەزان بوو هەموو خەڵکی بە خراپ دەزانێ
پەسنی مووروو بەسەر گەوهەری تاقانەدا دەدا

***

پەراوێزی نووسەر: مانگانەی سێ لیرەی (تەکیەدارێتی) نەدراوەتە عەلی حیکمەت ئەفەندی کە زانایەکی دیاری کەرکووک بووە و دراوەتە سەید محەمەد ساڵح ئەفەندیی بە (شێخ مونجوغ) ناسراو شێخ ڕەزا لەسەر ئەوە ئەم شیعرەی گوتووە. مونجوغ نازناوی ئەم زاتەش بووە و هەروەها بەو وشەیە هونەری (ایهام) دروست کراوە. سەید محەمەد بە گەنجێتی بە تەسبیحفرۆشی و بە پیریش نوشتەنووسیی بۆ نەخۆشان گوزەرانی کردووە.

٨

(دیسان لەبارەی حوکمدارەوە)

بو أنواع فسادک باعثی ظن ایتمه والیدر
بالیق باشدن قوقار ضرب المثل معلوم عالیدر

واتە:

وا تێ مەگە ئەم هەموو جۆرە گەندەڵییە لە والییەوەیە
ماسی لە سەرەوە بۆگەن دەبێ ئەمە پەندێکە لای بەرێزتان دیارە

***

پەراوێزی نووسەر: ئەم دێرە شیعرەی شێخ ڕەزا، ئەم دێرەی خوارەوەی شاعیرێکی نەزانراومان بیر دەخاتەوە کە لەبارەی عەبدولوەهاب پاشاوە گوتراوە کە ساڵی ١٣٢٢ی کۆچی (١٩٠٤ ی. ز) والیی بەغدا بووە:

خطای نابجـایی یاپدیران هپ شـبـهـه یوق باریدر
مسلمدر قوقار باشدن بالیق مراد الله بویله جاریدر

واته:

ئەوەی هەموو تاوانە بێ ڕێوشوێنەکان بە خەڵک دەکا، گومانی تێدا نییە خوایە
شتێکی بڕاوەیە ماسی لە سەرەوە بۆگەن دەبێ ویستی خوا وەها بەڕێوە دەچێ

عـەبدولوەهاب پاشـا بـەوە ناسـراوە کـە حـەیدەریزادەکـانی لە خـۆی نـێـزیک کردووەتەوە و بنەماڵەی زەهاویی سزا داوە.

٩

(مەحموود نەدیم پاشا)

چشم لطفندن دوشـرسـه پادشـاهک بر کـیـشی
چشمەدە محبوس اولور محمود ندیم پاشا گبی

واته:

ئەگەر کەسێک لە بەرچاوی پاشا بکەوێ

لە چەشـمـە "ژووری بەلووعـەی دەسـتنوێژ"دا بەند دەکرێ وەک مـەحـمـوود نەدیم پاشا

***

پەراوێزی نووسەر: شاعیر ئەم دێرە شیعرەی ساڵی ١٨٧٥ بە هونەری تەورییەوە بۆ مەحموود نەدیم پاشا گوتووە، کە بۆ دووەم جار کراوەتە سەدر ئەعزەم (سەرەک وەزیران) و دوای هەشت مـــانگ لابراوە و بەرەو شـــارۆکـــەی (چەشـــمــــە) دوورخراوەتەوە. وەکو دیارە وشـەی چەشـمـە واتای: شـار و ئاوی ڕەوان یانیش بۆ ئاودەست هەڵگرتن و شتی تر ئامادە کراو دەگەیەنێ. شێخ بەم وشـەیە گاڵتەی بە تەورییەوە بەکار هێناوە.

١٠

(لە بارەی سەید مەحموود ئەفەندیی نەقیبولئەشرافی بەغداوە گوتووە)

نقـیـبک نقـبنه گـیـرسـون هزاران (ک..) أفـغـانی
دایانسـون (گو..) وارسـه نسل پاک غوث گیلانی

واته:

هەزاران کێری ئەفغانی بچێ بە کونی نەقیبولئەشرافدا

ئەگەر قینگی هەیە با خۆی ڕاگرێ نەوەی پاکی غەوسی گەیلانی

***

(شیخ الاسلام أفندی)

گیرمه بغداده أگر گلدک ایسه حمامه

بر گل أندامی گوروب سن ده دوشرسک دامه

چیلدیرر گورسه أگر غلمانلری شێخ الاسلام

طولاشور پاینه زنجیر گبی عمامه

بوسەدن رشوت أگر وعده ألورسه أیلر

باطلی حقدار تحریر شهادتنامه

واته:

مەچۆرە بەغدا، ئەگەر هاتیتە حەمام

گوڵئەندامێک دەبینی و تۆش دەبی بەداوەوە

شەیخەلئیسلام ئەگەر مێردمنداڵانی ببینێ شێت دەبێ و تێک دەچێ

مێزەرەکەی وەکو زنجیر بە پێیەکانیدا دەئاڵێ

ئەگەر خۆ بەڵێن لە ماچکردن وەربگرێ

ناهەق بە هەق دەکات و گەواهی نامەی بۆ دەنووسێ

١٢

(أبوالهدی)

کیمسه مغرور اولماسون دنیاده جاه و مالنه

عبرت ألمق لازم اولدی بوالهدانک حالنه

بر زمان صدر وزارت رتبەسی ایدی ناگهان

چالدی بر تکمه فلک اول مفسدک اقبالنه

رفع اولندی رتبەسی بیلمم نه اولدی مسندی

باب عالیدن سورولدی ایرمدی اموالنه

نفـینه چیـقدی اراده بخـتی اولدی سـرنگون

حـالی دوندی بردخی اسکی حلب حـمـالنه

هر کیم ایلرسـه خیـانت دولتـه حـالی بودر

طولاشــور بر گــون اياغی دامن اعــمــالنه

واته:

کەس لە دنیادا بە پایە و سامانییەوە بایی نەبێ

پەند لە (بولهودا) وەرگرتن بوو بە پێویست

دەمانێک لە پلەی لە سەرەوەی وەزارەتدا بوو لەپڕ

زەمانە پێلەقەیەکی لە داهاتووی ئەو گەندەڵکارە دا

پایە و پلەی لێ سەنرایەوە و نازانم پۆستی بوو بە چی

لە سەرۆکایەتیی وەزیران (بابی عالی)یەوە دەرکرا فریای سامانەکەی نەکەوت

فەرمان بە ناردنە تاراوگەی دەرچوو بەختی سەرەوژێر بووەوە

جارێکی تر حاڵی گەڕایەوە کۆنە حەماڵەکەی حەلەب

هەر کەسێک خیانەت لە دەوڵەت بکا ئەمە حاڵیەتی

ڕۆژێک دەبێ پێی بە داوێنی کارەکانیدا دەئاڵێ

***

پەراوێزی نووسەر: ئەبولهودای سۆفی و شاعیر و زانای ئاینیی سووریایی، بۆ ماوەی سی ساڵ لە خزمەتی سوڵتان عەبدولحەمیددا بووە، دوای ئەوەی لە کار خراوە، دووریش خراوەتەوە، ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی تەمەنی شەست و دوو ساڵ بووە.

١٣

(نافیع ئەفەندیی والی)

مـــوصل اولدی ولایت نافـع أفندی والـی

ویل لکم رعــیت کــول باشــیــوه أهـالی

واته:

مووسڵ بووه ویلایەت، نافیع ئەفەندیش بووه والی
داخ بۆ ئێوه ڕەشوڕووت خۆڵەمێشتان لەسەر خەڵکینه

***

پەڕاوێزی نووسەر: له ساڵی ١٢٩٥ی کۆچیدا نافیع ئەفەندی دەبێته والیی مووسڵ، وەک له ساڵنامەکانی مووسڵدا نووسراوه، ماوەی ده مانگ لەم کارەیدا ماوەتەوه. بەپێی قسەی ئیبنولئەمین مەحموود کەمال کۆن دەفتەرداری بەغدا بووه، له ١٢٩٦ی کۆچی (١٨٧٩ی زاین) دا به والیی مووسڵ دامەزراوه. سەر به ڕێبازی قادری بووه. بەرهەمێکی زۆری زانستی و ئەدەبیی هەیه، لەمانه: ده دانەی به دیوانیشەوه له چاپ دراون. له ١٣٠٨ی کۆچیدا دوای ئەوەی حەجی کردووه، کۆچی دوایی کردووه. شاعیر له نێوان دەستەواژەی (کول باشوه = کول باشکه) واته: (خۆڵەمێشت بەسەر)، که له دێرەکەدایه و (ویل لکم رعیت) واته: (مخابن بۆ بەسەرهاتتان ئەی خەڵکینه)دا پێوەندیی دروست کردووه، ئەمه ئاماژەیه بۆ ئەوەی که له کەرکووک و دەوروبەریدا له کاتی شیوەندا ژنان که مردوویەکی نازداریان بمردایه، قوڕ و خۆڵەمێشیان بەسەر خۆدا کردووه، هەر لێرەشدا ئاماژەیه بۆ ئەوەی که بەهۆی بەوالیبوونی نافیع ئەفەندییەوه کارەساتی چەن گەوره گەوره بەسەر خەڵکەکەدا دێ. دەقی زۆر بڵاوی ئەم دێره، لەلای کەمال ئەمین بارانی نووسەری تورکدا که دەقەکەی وەک خۆی گواستووەتەوه، تەنیا له جیاتی (موصل اولدی ولایت) واته: مووسڵ بووه ویلایەت، کراوەته (کرکوک اولدی ولایت) واته: کەرکووک بووه ویلایەت. کەچی ئاگاه سری لەوەند له لاپەڕه ١٣٥ی کتێبی "دیوان ادبیاتی" واته "ئەدەبیاتی دیوان"یدا – ئەستەمبوڵ ١٩٤٣دا بەم جۆرەی چەسپاندووه:

موصل ولایت اولدی نافع افندی والی
وا ویله الولایة وا ویلة الاهالی

واته:

مووسڵ بووه ویلایەت، نافیع ئەفەندیش بووه والی
داخی زۆر بۆ ویلایەت و داخی زۆر بۆ خەڵکەکەی

***

ئیسماعیل حەبیب سەووکیش لەو نووسینەیدا کە لە ژمارەی ٢٥ / ٦ / ١٩٥٣ی ڕۆژنامەی (جمهوریەت)دا بڵاوی کردووەتەوە، ئەم دێرە شیعرە باس لێوە کراوە هەر بەو شێوەیەی ئاگاە سری ڕای گەیاندووە، ئەمانەشی خستووەتە سەر: "ئێمەمانان ئەو کەرکووکەی شارە کۆنەکەمان بەهۆی شێخ ڕەزای شاعیری داشۆرینەوە دەناسین. بەهۆی دێرە شیعرێکی زۆر بەهێزی وەک ژەهر بەبیرمدا هاتەوە، لە کاتێکدا مووسڵ موتەسەڕیفێتییەکی پێوەست بە بەغدا بووە، ئەو کاتەی کراوەتە ویلایەتێکی تر، نافیع ئەفەندیی مەکتووبچیی ویلایەتی بەغداش کە شاعیر گەلێکی لێ تووڕە بووە بووەتە والی.

لەو داشۆردنەوەیەوە کە بۆ ئەوی نووسیوە، پیتی واوی وشەی مووسڵی یەکەم وشەی ئەو دێرە شیعرەی بە بیرمدا هاتەوە، دوو سێ ئەوەندەی خۆی درێژ کردەوە و بزوێنی دوای صادەکەشی هەڵگرین و ئەم وشەی موویڵ –ە دوو برگەییە یەکپارچە بکرێ و بەشێوەی درێژ بیخوێننەوە و لە دووەم دێریشدا واوی دووبارە کراو کە بە واتای مخابن هاتووە، ئەگەر بیر لەوەش بکەنەوە کە وشەی " ولایە " ش کە بە واتای ئەو "ویلایەت"ەی کە دەیزانین بەکار هاتووە، تێ دەگەین کە چەند دەربڕە. عەباس ئەلعەزاویی مێژوونووسی ناوداری عێراقی لە کتێبی: مێژووی عێراق لە نێوانی دوو داگیرکاریدا " تاریخ العراق بین احتلالین " (بەرگی ٨، لاپەڕە ١١٤) باسی هەر ئەم دێرە شیعرە و گێڕانەوەی تری دەکا کە لە ١٣٠٧ی کۆچیدا کە سری پاشا بە والیی بەغدا و حەقی ئەفەندیی قازیی شارەکەوە شێخ ڕەزا بەم شێوەیەی خوارەوە دێرەکەی گوتووە:

حقی اولنجە قاضی سری اولنجە والی
کـــول باشکە رعـــیـــە ویل لکم اهالی

واتە:

کە حەقی بووە قازی، سرریش کە بوو بە والی
خۆڵەمێشتان بەسەر ڕەشوڕووت داخی زۆر بۆ دانیشتوان

عەزاوی لە هەمان کاتدا دێرەکەی وەک ئێمەش بە شێوە بڵاوەکەی دامان ناوە، داناوەتەوە و بەڵام لە جیاتی (باشیوە)، بەشێوەی (باشکزە)ی نووسیوەتەوە.

١٤

(عارفی پاشای –ی والیی مووسڵ)

یاشی یوزدن متجاوز نه ایدر بر والی
ایشته بوندن بوزیلور مملکتک احوالی
ملک احیاسنه بر میتی ایلر مأمور
افـرین قـوهء ادراکنه باب عـالی

واته:

والییەکی تەمەن لە سەت ساڵ پتر دەتوانێ چی بکا
ئیدی لەمەوە کاروباری وڵات تێک دەچێ
بۆ ژیاندنەوەی موڵک مردوویەک دەکاتە فەرمانبەر
ئافەرین بۆ هێزی دەرک پێکردنت ئەی (بابی عالی)

***

پەراوێزی نووسەر: عەباس ئەلعەزاوی لە (لاپەڕە ١٢٦ی بەرگی ٨)ی کتێبی "تاریخ العراق.." یدا نووسیویەتی، شاعیر ئەم چوارینەیەی ساڵی ١٣١٤ی کۆچی، ١٨٩٦ی زاین لەبارەی عەتائوڵلا پاشاوە گوتووە کە ئەو دەمی والیی بەغدا بووە. لە کاتێکدا حاجی عەبدوللەتیف تەرزی باشیی باوکم لە دەستنووسێکدا کە ساڵی ١٣١٢ – ١٣١٧ی ڕۆمیدا ڕێکی خستووە، دەڵێ شێخ ڕەزا ئەمەی بۆ عارفی پاشای والیی مووسڵ نووسیوە. لە ساڵنامەی ویلایەتی مووسڵدا، دیاری کراوە کە عارفی پاشا لە ١٣١٢ی کۆچیدا موتەسەڕیفی کەرکووک بووە، هەروەها لە لاپەڕە ١١٨٠ی کتێبی "صوک عصر تورک شاعرلری"دا هاتووە کە ماوەیەک والیێتیی مووسڵیشی کردووە.. دوای کەرکووک بەجێهێشتنی عارفی پاشا بە موتەسەڕیفی مووش دادەمەزرێ، کە ئەمە لەو نامەیەوە تێ دەگەین کە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٣١٠ دا بۆ عومەر نەورەس نەفتچیی کەرکووکیی نووسیوە. دەقی ئەم نامەیەمان لە کۆمەڵە دەستنووسێکی ناوەخۆییدا بینیوە. وا دیارە عارفی پاشا دوای ئەم مێژووە لە والیێتیی مووسڵدا دامەزراوە. بەپێچەوانەی شێخ ڕەزاوە لە پێداهەڵدانی عارفی پاشای موتەسەڕیفی کەرکووکدا ئیبراهیم خەزانی ئەفەندیی حەیدەریی شاعیری هەولێری بە تورکی هۆنراوەیەکی جوانی نووسیوە، عەبدولڕەزاق ئاغای شاعیری

دیسانەوە هەولێری بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کردووەتە پێنج خشتەکی. (وکل اناء بما فیه ینضح) واتە هەموو دەفرێک چیی تێدابێ ئەوە دەدەڵێنێ. سەرەتای ئەم پێنج خشتەکییە بەم شێوەیەیە:

اثار بدیعـــده مطولله بیـــانی
پیش نظره آلدی مـعـا فن مـعـانی
یوقدر سکا مانند اوله بر عارف ثانی
صوردم ارادم جمله سخندان زمانی
دعوای فضیلتده بتون مفتخرکدر

واتە:

لە بەرهەمی داهێنراودا ڕوونکردنەوەی بە دوور و درێژی
لەگەڵ هونەری واتاسازیی بە بەرچاوەوە گرت
کەسی هاوتای تۆ نییە زانایەکی دووەم (دیکە)
پرسیم و پشکنیم هەموو قسەزانانی سەردەم
لە داوای هونەر و چاکەدا هەموو شانازی بە تۆوە دەکەن

١٥

(لەبارەی والییەکەوە)

عسکریدن یتیشوب بر اوکوز اولمش والی
لعنة الله علی ساکن باب عالی

واتە:

گایەک لە سەربازییەوە پێگەییوە و بووەتە والی
نەفرەتی خوا لە دانیشتووانی بابی عالی

١٦

(بۆ والییەکی تر)

نسبتی یوق باب عالیدن چیقان والیلره
بویله بر بوق والی انجاق باب سافلدن چیقار

واته:

لەگەڵ ئەو والییانەدا بەراورد ناکرێ کە لە – دەرکەی باڵا (بابی عالی)یەوە دەرچوون

والییەکی وەها (گوو) هەر دەبێ لە دەرکەی خوارەوە (پاشەڵ)ەوە دەربچێ

***

پەراوێزی نووسەر: بو بیتلە ایلگیلی بر فقرەیی شاعرک فقرەلری بحپندە یازمشزدر.

١٧

(سابت پاشای موتەسەریف)

ارتجالی اوصوروب ادینی قویمش ابیات

فضلنی فضلە ایلە ایلدی ثابت اثبات

واته:

سەرزارەکی ترپوە، ناوی لێیان ناوە دێرە شیعر

سابت پاشا بە (پاشەڕۆ)یەوە چاکەی خۆی سەلماند

***

پەراوێزی نووسەر: شاعیر ئەم دێرەی سابت پاشا کە لە ١٢٨٨ی کۆچیدا موتەسەریفی کەرکووک بووە، لەبارەی شێخ ڕەزاوە گوتوویەتی:

یمە نان جویی قارین کوپورور

تعفن أیدر ادم اوصورور

واته:

نانی جۆ مەخۆ زگ هەڵدەئاوسێ

بۆگەن دەکا، پیاو دەترێ

بەرامبەر بەمە شێخ ئەو دێرەی سەرەوەی کوتوپڕ گوتووە.

١٨

(نافذ پاشا)

عـبـثدر التـفـاتی امـری نافـذ اولمیـان والی
تلذذ بادەدندر نشـئـه ویرمـز شـیشـەء خـالی

واتە:

ئەو والییەی فەرمانی جێبەجێ نەکرێ ئاوڕ لێدانەوەی بێ سوودە
چێژ وەرگرتن لە مەیەوەیە شووشەی بەتاڵ هیچ خۆشییەک نابەخشێ

***

پەراوێزی نووسەر: نافـذ پاشـا لـە سـالانـی ١٢٩١ – ١٢٩٣ی کـۆچـیـدا موتەسەریفی کەرکووک بووە. پردی بەناوبانگی بەردینی شار بە هیممەتی ئەم والییە و بە یارمەتیی خەڵک دروست کراوە.

١٩

(ڕائیف پاشا)

گلور گلمـز همـان دین یهـودی التـزام ایتـدی
نه تعظیم شـریعت نه مـراعـات نظام ایتـدی
مـسلمـان اولمشـیکن بر یهـودی زادەیی جبـرا
ید خاخامه تسلیم ایلیوب چوق احترام ایتدی
ایشـی بـر خـانەیه واردردی اخـر رائف جـاهل
که ملت هر طرفدن خارج و داخل قیام ایتدی
ملوث ایلدی رشـــوتلـه دین و دولتـی گـــویا
جناب داور اکـرم سـچـوب ابقـای نام ایتـدی
امـیـر المؤمنـین اعدامنه امـر ایتـسه شـایاندر
بو بد طینت کـه هتک ملت خـیـر الانام ایتـدی
بنای رشـوتک چوق یرلری نقصـانده قـالمشـدی
قمو نقصانلری الله ایچون رائف تمام ایتدی

الـهی حـــاکم شـــرع شـــريفی بر دوام ايلـه
نه غيـرتلر که اول عـلامـه‌يی عـالی مقـام ايتدی
خـصـوصـا قـهـرمـان دولت و ملت امين پاشـا
قـومـانـدان ديانت پيشـه خـيلی اهتمـام ايتدی

واته:

هـەر دێ و نایێ، پشتگیریی ئاینی جووی کرد
نه بەرز ڕاگرتنی شەریعەتی ئیسلام و نه قانوونی بەبەرچاوەوە گرت
کوڕە جوولەکەیەک کە بووبووە موسڵمان، بە زۆر
ڕادەستی خاخامی کرد و گەلێک ڕێزی لێ نا
ئاخر ڕائیفی نەزان کاری گەیاندە ڕادەیەک
کە میللەت لە گشت لایەکەوە ناوەوە و دەرەوە ڕاپەڕین
گوایە بە بەرتیل دین و دەوڵەتی ئاڵوودە کرد
جەنابی داوەری ئەکرەم (ڕێ پێدراوی پلە وەزیری سـەردەمی عوسـمـانی) گووی کرد و ناوی بەجێ هێشت
میری ئیمانداران (سوڵتان) فەرمانی لە سێدارەدانی بدا شایانە
ئەم لە قوڕی بەد دروست کراوە هەتکی میللەتی چاکترینی خەڵک (پێغەمبەر)ی کرد
بینای بەرتیل گەلێک شوێنی کەموکووڕیی هەبوو
هەموو کەموکووڕییەکانی پیاو بۆ خوا بلّێ ڕائیف تەواوی کرد
خوایە دادوەری شەریعەتی پیرۆز بەردەوام کە
چ غیرەتگەلێکە ئەو زانایەی پایەبەرز کرد
بەتایبەتی ئەمین پاشای قارەمانی دەوڵەت و میللەت
سەرکردەی ئاینییشە گەلێکی بایەخ دا

***

پەراوێزی نووسەر: لە ٢٠ی تەمووزی ١٣١٦ی ڕۆمیدا لە شاری هەولێردا منداڵە جوویەک بووەتە موسڵمان کە لەوێوە دەهێنرێتە کەرکووک لەلایەن ڕائیف پاشای موتەسەڕیفەوە ڕادەستی خاخام دەکرێ. بەڵام هەڵچوونی خرۆشانی خەڵک و

پاڵەپەستۆی توندی زانایانی شار و پیاوە دیارەکانییەوە منداڵەکە دوای سێ ڕۆژ وەردەگیرێتەوە. ڕائیف پاشا دواتر لە پۆستەکەی لادەدرێ. بەم بۆنەیەوە شێخ ڕەزاش تێکەڵی ئەم هەرایە دەبێ و لەبارەی موتەسەڕیف پاشاوە چەند داشۆرینێکی نووسیوە. ئەو زانیارییانەی لەبارەی ئەم بابەتەوە لەو کۆمەڵە دەستنووسە وەرگیراوە کە لەلایەن عەبدوللەتیف ئەفەندیی باپیرمەوە وەرگیراوە کە باسی لێوە کرا. ڕائیف پاشا، بەپێی ئەوەی ئیبراهیم عەلائەدین لە کتێبی ناودارانی تورک " تورک مشهورلری " یدا باسی کردووە، مەدحەت پاشا کە والی بووە لە بەغدا ئەمی وەک یاریدەدەری والی هێناوەتە لای خۆی. دوای ئەوەی لە گەلێک موتەسەڕیفێتی و والیێتی و وەزیریدا بووە و دواتر لە ١٩١١ دا مردووە. ئەو شیعرەی شێخ ڕەزایە کە بابەتی ئێرەیە لەلایەن خودی خۆی و ساکتی سافی زادەی شاعیری کەرکووکییەوە تەخمیس کراوە کە تەخمیسەکەی شێخمان خستووەتە ناو ئەم کتێبە.. شێخ ڕەزا چەند پارچە شیعرێکی داشۆردنی تری لەبارەی ڕائیف پاشاوە نووسیوە، لەوانەیە هۆیەکەی جگە لە توندڕۆیی ڕێبازی ئاینی کێبەرکێی پیشەی (شاعیرێتی)شی سەربار بووبێ. چونکە ڕائیفیش شاعیرێکی مامناوەندی بووە. لە کۆمەڵە دەستنووسە ناوەخۆییەکاندا بەرهەمی بەرچاو دەکەون لەمانە ئەم غەزەلەی خوارەوە کە سەرەتاکەی دەڵێ:

اولمشم اولی پروردهء ناز و نعـــمـــتک
شمدی لایقمی که بن چکمیەیم درد و غمک

واتە:

لە سەرەتاوە پەروەردەی ناز و بژێویی تۆ بوومە
داخۆ ئێستاکە شایانە من دەرد و خەمی تۆ نەکێشم

کە دێرە شیعری پرشنگداری وەک ئەمەی خوارەوەشی تێدایە:

قورقارم اینجیده پاینی مژەم یوقسە او شوخ
راضییم ایتسە گوزم اوزرە نهادە قدمک

واتە:

دەترسم برژانگم پێی ئەو شۆخە بئێشێنێ دەنا
ڕازیم بەوەی پێی بنێتە سەر چاوم

بەڵام چییە، ڕائیف ئەم دێرە جوانەی لەژێر کاریگەریی ئەو غەزەلە شاهانەیەی فائیضی شاعیری برای شێخ ڕەزادا نووسیوە کە لەبارەی لاوێکەوە کە سێ بازی کردووە و ئەم دێرەی خوارەوەی تێدایە:

قویاردم گوزلرم کفشە بدل اما نزاکتدن
او پای نازگە کیرپیک باتار خار مغیلان تک

واتە:

چاوەکانم دەنایە ناو کەوشەکەی لە جیاتیی بەڵام لەبەر ناسکی
برژانگ وەک چقڵی داری دڕکاویی موغیلان بەو پێیە ناسکەیدا بچەقێ

دوای مردنی ڕائیف عەبدولڕەزاق ئاغای شاعیری هەولێری کە غەزەلی باسکراوی تەخمیس کردووە لەمەدا بەپێچەوانەی شێخ ڕەزا ڕائیف پاشای زۆر پێدا هەڵداوە.. (وللە في خلقە شؤون). واتە: خوا هەر یەکەو بە جۆرێک و مەبەستێک ئەفراندووە.

***

پەراوێزی وەرگێڕ: واتەی ئەو دێرە شیعرە لە دێرە شیعرەکانی وەلی دێوانە نێزیکترە کە دەڵێ:

گیانە لە پرخەی خەوی خاومدا
پێ بنێ وەبان هەردوو چاومدا
مەڵێ برژانگت تیژە وەک چقڵ
دەچەقێتە پێی ناسکتر لە گوڵ

٢٠

(لەبارەی ڕائیف پاشاوە تەخمیسکردنی شیعری خۆی)
بر ازەجق مدت ایچرە کندوزین رسوای عام ایتدی
معلم تک یاقیشدی جملەسی کندینە رام ایتدی
صاپوب دە دوغری یولدن اول زواللی فکر خام ایتدی
گلور گلمز همان دین یهودی التزام ایتدی
نە تعظیم شریعت نە مراعات نظام ایتدی

---

نولور بر زاهد صد سال ایچرسه بادەیی جبرا
مرامی مرتد ایتمکدر داروی سادەیی جبرا
خراب ایتمک دیلر رائف دل ابادەیی جبرا
مسلمان اولشیکن بر یهودی زادەیی جبرا
ید خاخامه تسلیم ایلیوب چوق احترام ایتدی

---

قیلوبدر اول دنی یی حرص پیر رشوته مائل
جهانده نان گورورمیدی عجب اولسەیدی بو سائل
سزامی اویله بدمنظر اوله شو منصبه نائل
ایشی بر خانەیه واردردی اخر رائف جاهل
که ملت هرطرفدن داخل و خارج قیام ایتدی

---

نهایت انده بولشدی دیانت قلتی گویا
وقایه ایتمگه گلمش افندی ملتی گویا
ویرر اسلامه زعمنجه او ظالم ذلتی گویا
ملوث ایلدی رشوتله دین و دولتی گویا
جناب داور اکرم سچوب ابقای نام ایتدی

---

انک افعال نا پایانی زیرا پک بی پایاندر
وجودی سرتسر چرکاب قسوتلرله ریاندر
نەلازم یاپدیغک تصریح قیلمق هپ نمایاندر
امیر المؤمنین اعدامنه امر ایتسه شایاندر
بو بد طینت که هتک مذهب خیر الانام ایتدی

---

اردده واسطەلر هپ یاقالاره صارلشدی
مصالح اهنک اطرافنی دیوسلر المشدی

انکچــون مــرتشــیلرده بحــور فکره طالمشــدی
بنای رشــوتک چوق یرلری نقـصـانده قـالمشـدی
قـمـو نقـصـانلری الله ایچــون رائف تمام ایتـدی

---

حـــوریلر انی باغ جـــهـــانده پک خـــرام ایلـه
بتــون کــرکــوک اهـالیــسی انک امــرینه رام ایله
اول هجــو ایلیـوب صــوک مـدح ایدندن انتـقـام ایله
الـهی حــــاکم شـــــرع شـــــریفـی بردوام ایلـه
نه غـیـرتلر کـه اول عـلامــهیی عـالی مـقـام ایتـدی

---

فریق شعبان پاشانک یاپدیغک کس یاپمادی حاشا
او عــالی هـمــتک قــویمـق ســزادر نعلینی باشــه
اوررمی هیـچ نجـیب اولان جـهـانده جـوهـرک طاشـه
خــصــوصــا قــهــرمــان دولت و ملت امین پاشــا
قـومـاندان دیانت پیـشـه خـیلی اهتـمـام ایتـدی

واته:

له ماوەیەکی کورتدا خۆی ڕسوای گشت خەڵکی کرد
وەک فێرکار ڕستەی گونجاو گوێڕایەڵی بوو
له ڕێی ڕاست لای دا ئەو بەستەزمانە بیرێکی خاوی کرد
هەر دێ و نایێ، پشتگیریی ئاینی جووی کرد
نه بەرز ڕاگرتنی شەریعەتی ئیسلام و نه قانوونی بەبەرچاوەوە گرت

---

چی دەبێ گەر خواپەرستێکی سەت ساڵه بە تۆبزی مەی بخواتەوە
مەبەستی دەرمانی سادە بەزۆر هەڵگەڕێنێتەوە
ڕائیف بە هیوایە دڵی ئاوا بکاتە وێرانە
کوڕە جوولەکەیەک کە بووبووە موسڵمان، بە زۆر

ڕادەستی خاخامی کرد و گەلێک ڕێزی لێ نا
--
ڕژدی، ئەو پیرە نزمەی بەرەو بەرتیل ڕاکێشاوە
داخۆ ئەگەر سواڵکەر بووایە لە جیهاندا نانێکی دەبینی و دەست دەکەوت
سزا و مخابنە گەر بەدیمەنێکی وەها ئەم پۆستە وەربگرێ
ئاخر ڕائیفی نەزان کاری گەیاندە ڕادەیەک
کە میللەت لە گشت لایەکەوە ناوەوە و دەرەوە ڕاپەڕین
--
لە کۆتاییدا گوایە ئاین کمبوونەوەی لەمدا بینیوەتەوە
گوایە ئەفەندی هاتووە پارێزگاریی میللەت بکا
ئەو زاڵمە گوایە سووکایەتی بە ئیسلام دەدا
گوایە بە بەرتیل دین و دەوڵەتی ئاڵوودە کرد
جەنابی داوەری ئەکرەم (ڕێ پێدراوی پلە وەزیری سەردەمی عوسمانی) گووی کرد و ناوی بەجێ هێشت
--
چونکە کارە بێ کۆتاکانی ئەو زۆر بێکۆتاییە
بوونی سەرتاسەر بە چڵکامی دڵڕەقی نمدارە
چ پێویستی بەو ڕوونکردنەوانەیە کە کردت هەموو شتێک دیار و ئاشکارە
میری ئیمانداران (سوڵتان) فەرمانی لە سێدارەدانی بدا شایانە
ئەم لە قوڕی بەد دروست کراوە هەتکی میللەتی چاکترینی خەڵک (پێغەمبەر)ی کرد
--
لە نێواندا میانبینەکان هەموو بە ئێخەکاندا ئالاّبوون
گەوادەکان دەوروبەری ئاهەنگ بەرژەوەندییەکانیان گرتبوو
لەبەرئەوە بەرتیلخۆرەکانیش بە دەریای بیردا ڕامابوون
بینای بەرتیل گەلێک شوێنی کەموکووڕیی هەبوو
هەموو کەموکووڕییەکانی پیا بۆ خوا بلّێ ڕائیف تەواوی کرد

حۆرییان ئەویان لە باخی جیهاندا بە لار و لەنجەوە
خەڵکی کەرکووک هەر هەموو گوێڕایەڵی بوون
تۆڵە لەو بکەوە کە لە پێشدا دایشۆردەوە و دواییش پێیدا هەڵدا
خوایە دادوەری شەریعەتی پیرۆز بەردەوام کە
چ غیرەتگەلێکە ئەو زانایەی پایەبەرز کرد
--
حاشا کەس ئەوەی نەکردووە کە فەریق (شەعبان پاشا) کردی
پاپۆشی ئەو بخرێتە سەر سەر هێشتا کەمە
کەسێک ئەگەر خانەدان بێ گەوهەری خۆی لە بەرد دەدا
بەتایبەتی ئەمین پاشای قارەمانی دەوڵەت و میللەت
سەرکردەی ئاینپیشە گەلێکی بایەخ دا

***

پەراوێزی نووسەر: شێوەی ئەم تەخمیسەم لە کۆمەڵە دەسنووسێکی ناوەخۆدا بینی، جگە لە غەزەلەکە.. بەخۆی، لە شێوەی شیعری شێخ ڕەزا ناچێ.

٢١

(دیسانەوە لەبارەی ڕائیف پاشاوە)

قلم الدم یازەیم شـــــاهـە شکایتنامـــــە
دهشت واقــعــەدن چاتلادی نوک خـــامــە
بر یهودی بیچە اسلامی قبول ایتمش ایکن
اغــلایە اغــلایە ویرمک نەدیمک خـــاخـــامــە
زوجـەسی طالقــەدر قـانی هـدر مـالی حـلال
گـوشــەء چشم اهـانتلە باقـــان اســلامــە
رائفک سـینەسی گـون گبی مـیـدانە چیقـار
گر شـهنشاه دوشـورسە بو ایشی استعـلامە
حکم ایدوب کفرینە اصحاب شریعت حتی
حــضــرت قـاضـیء لازی گــبی بر عــلامــە

ایتــمــســون غــیــرت اگــر شــیخ الاســلام
قــالامــاز حــرمــتی پاچاوره قــدر عــمــامــه
سن ده بـو یۆلّده ســرومــالی فـدا ایله رضــا
مـۆمنک جـیـبنه گـیـرمـز بو گـبی هنگامـه

واته:

قەڵەمم گرتە دەس دا سکاڵایەک بنووسم بۆ شا
لە تاو ڕووداوەکە نووکی خامە قڵیشایەوە
بەچکە جوولەکەیەک کە ئیسلامەتیی پەسند کردبێ
یانی چی ڕادەستی خاخام بکرێتەوە
ژنەکەی تەڵاقی کەوتووە و خوێنڕشتنی ڕەوایە و سامانی حەڵالی بردنە
هەر کەسێک بەچاوێکی سووک لە ئیسلام بڕوانێ
بەدکاریی ڕائیف وەک خۆرەتاو لە مەیداندا دەردەکەوێ
ئەگەر شاهانشا بخاتە لێپرسینەوە
خاوەنانی شەریعەتی ئیسلام بە کوفر حوکمیان داوە، تەنانەت
حەزرەتی فرەزانایەکی وەک قازیی لازیش
ئەگەر غیرەتێک نەنوێنێ شەیخولئیسلام
مێزەر ڕێزی ئەوەندەی پەڕۆیەکی بێنوێژ نامێنێ
تۆش لەم ڕێیەدا سەر و سامانت بەخت کە
جەنگ و هەرایەکی وەها ناچێتە گیرفانی باوەڕدارێکەوە

٢٢

(رائف پاشا حقنده کندی شعرینی کندی تخمیسی)
عــرض راز ایتــمگه مــجــبــورم او خــوب اندامــه
بـاغلـودر عـــــارضـنک رؤیتـی ســـــعی تـامـــــه
نـه جـــور چاره نـه دســـتم بـنم اول گـلفـــامـــه
قـلـم الـدم یـازەیم شـــــــاهـه شـکـایـتـنـامـــــــه
دهـشـت واقــــعــــەدن چاتـلادی نـوک خـــــامـــــه

---

زهی زیبای حقه بیک گوج ایله یتمش ایکن
پرچمک تازه‌لیوب زلف سرک اتمش ایکن
ایشی احکام شریعتجه قمو بیتمش ایکن
اول یهودی بیچه اسلامی قبول ایتمش ایکن
اغلایه اغلایه ویرمک نه‌دیمک خاخامه

---

کوسه محمود ایمش زبده‌ء تزویر خلال
شک و شبهه دیله‌یه‌مز سویلدیگم بو صقال
رائفه رشوتی تفهیم قیلان ماء زلال
زوجه‌سی طالقه‌در قانی هدر مالی حلال
گوشه‌ء چشم اهانتله باقان اسلامه

---

الدی التمش لیرایی ویردی چوجغی با وقار
اولمادی قانع معاشه یوق ایکن انده افتقار
بیلیور رشوت المق کلبه‌ء دینک یقار
رائفک سینه‌سی گون گبی میدانه چیقار
گر شهنشاه دوشورسه ایشی استعلامه

---

قیلمغه رائفه انواع نصیحت حتی
علی بورغول گبی ارباب حقیقت حتی
جمع اولوب تکیه‌لره اهل طریقت حتی
حکم ایدوب کفرینه اصحاب شریعت حتی
حضرت قاضیء لازی گبی بر علامه

---

گورینور نافله هپ ایتدیگمز جمله کلام
استیلا ایلر او دم گوکلمزی درد و الام

ســویلیــه‌یم گـر عظیم ایسـه قـضـیـه و السـلام
ایتـمـسـه غـیـرت اگـر حـضـرت شـیـخ الاسـلام
قـــالامـــاز حـرمــتـی پاچاوره قـــدر عـمـــامـــه

---

بـز کـــه رحـــمت بیلـورز وارد اولورســـه نـه‌جـــزا
گوگسکی گرده دایان هـرنه که حکم ایتسه قضا
اولـور ارباب حـــمـــیت ینه تحـــســـینه ســـزا
سن ده بـو یولده سـر و مـالی فـدا ایله رضـا
مـۆمنک جـیـبنه گـیـرمـز بـو گـبی هنگامـه

واته:

ناچارم ڕازی خۆم بخه‌مه به‌ر دیده‌ی ئه‌و ئه‌ندام جوانه
که بینینی ناوچه‌وانی پێوه‌سته به کۆششی ته‌واوه‌وه
نه جۆره چاره‌یه‌ک، نه ده‌سه‌ڵاتێکم بۆ ئه‌و گوڵڕه‌نگه
قه‌ڵه‌مم گرته ده‌س دا سکاڵایه‌ک بنووسم بۆ شا
له تاو ڕووداوه‌که نووکی خامه قڵیشایه‌وه

--

چه‌ند به جوانی به هه‌زار زه‌حمه‌تی که گه‌یشتووه‌ته مافی خۆی
په‌رچه‌می تازه کردووه‌ته‌وه سه‌ره زوڵفی قڕێ داوه
که هه‌موو کارێکی به‌پێی حوکمه‌کانی شه‌ریعه‌ت ته‌واو بووه
به‌چکه جووله‌که‌یه‌ک که ئیسلامه‌تیی په‌سند کردبێ
یانی چی ڕاده‌ستی خاخام بکرێته‌وه

--

مه‌حموودی کۆسه بووه کاکڵه‌ی تێکدانی میانه‌کان
شک و گومان ناخوازێ ئه‌م ڕیشه‌ی که باسی ده‌که‌م
ئاوی سازگاره به‌رتیلی به ڕائیف گه‌یاندووه
ژنه‌که‌ی ته‌ڵاقی که‌وتووه و خوێنڕشتنی ڕه‌وایه و سامانی حه‌ڵاڵی بردنه

هەر کەسێک بەچاوێکی سووک لە ئیسلام بڕوانێ
--
شەست لیرەکەی وەرگرت منداڵەکەی بە سەنگینی دایەوە
قانیع نەبوو بە مووچە کە پێویستیشی نەبوو
دەزانی بەرتیل وەرگرتن کۆلیتی ئاین دەڕووخێنێ
بەدکاریی ڕائیف وەک خۆرەتاو لە مەیداندا دەردەکەوێ
ئەگەر شاهانشا بخاتە لێپرسینەوە
--
جۆرەها ئامۆژگاریی دایە ڕائیف تەنانەت
کەسی وەک (عەلی بورغول)ی لایەنگری ڕاستی تەنانەت
لە تەکیەکاندا کۆبوونەتەوە تەنانەت
خاوەنانی شەریعەتی ئیسلام بە کوفر حوکمیان داوە، تەنانەت
حەزرەتی فرەزانایەکی وەک قازیی لازیش
--
بێ سوود دەردەکەوێ هەموو ئەم قسانەی کردمان
ئەو دەمە دەرد و ژان دڵمان داگیر دەکا
با بیڵێم ئەگەر زۆر گەورەش بێ دۆزەکە و بڕایەوە
ئەگەر غیرەتێک نەنوێنێ شەیخولئیسلام
مێژەر ڕێزی ئەوەندەی پەڕۆیەکی بێنوێژ نامێنێ
--
ئێمە کە بەڕەحمەتی دەزانین ئەگەر بێت سزای چییە
سینگ دەرپەڕێنە و بەرگەی قەزاوقەدەر بگرە
خەڵکی خاوەن غیرەت هەر پاداشتی دەستخۆشیی پێ دەبڕێ
تۆش لەم ڕێیەدا سەر و سامانت بەخت کە
جەنگ و هەرایەکی وەها ناچێتە گیرفانی باوەڕدارێکەوە

٢٣

(ينه رائف پاشا حقنده)

گورسه خاخامی اولور ناصيه فرسای سجود
متصرف نيجه اولمش بو يهود اوغلی يهود

واته:

ئەگەر خاخام ببینێ دەبێتە نێوچەوان لەناوبەرەوەی کڕنووش بردن
چۆن بووەتە موتەسەڕیف ئەم جووی کوڕە جووە؟

٢٤

(رائف پاشانک عزلنده)

عزل اولوب رائف افندی گيدەجكدر كرەته
قورقارم الديغی اموالی اوانتەيله يوته
أی اهالی ايديكز مالكزی استرداد
نه روادر بو قدر مالی يديرمک بو ايتە

واته:

ڕائیف لادراوە و لەسەر ڕۆیشتنە ئەم کەڕەتەیە
دەترسم ئەو سامانەی وەری گرتوون بە هەوانتە قەەت بدا
خەڵکینە سامانەکانتانی لێ وەربگرنەوە
چۆن ڕەوایە ئەمەندە سامانە بەم سەگە دەرخوار بدرێ

٢٥

(رائف پاشانک اردندن)

رائفک عزلنی دويمقله بايلدی ناحوم
پاطلادی خوجه فرايم ايله گبردی شالوم
ناصر دين يهود ايلدی اهنک رحال
اه و فرياد ايدەرک تعزيەسيدر تالوم

واتە:

بە بیستنی لابردنی ڕائیف، ناحووم لە هۆش خۆی چوو
خۆجە فرایم شەقی برد و شالووم مردارەوە بوو
پشتگیریکەرەوەی ئاینی جوولەکە ئاهەنگی ڕاگوزاریی کرد
تالووم پرسە دەگێڕێ بە ئاخ و فریادەوە

***

پەراوێزی نووسەر: "خۆجە" کە بە واتای "مەلا" و "ئوستاد" ە، نازناوێکە لەلایەن تورکمانەکانەوە، لە سەرەتای ناوی پیاوانی جوو بەکار هاتووە، وەک "مسیو" و "مستەر".

پەراوێزی وەرگێڕ: (ناحووم) و (فرایم) و (شالووم) و (تالووم) ئەمانە ناوی جوولەکانەن.

٢٦

(دیسان لەبارەی ڕائیف پاشاوە کە لەسەر چیرۆکێک بنیات نراوە)
یرندن دپرەنور جسم نحیفی بر اوصورمقلە
هوا اوزرە گزن مشهور فسفس پهلواندر بو

واتە:

لەشی لاوازی بە تڕێک لە جێی خۆیدا جووڵەی تێ دەکەوێ
ئەمە ئەو فسفس پاڵەوانەیە کە لەسەر هەوادا دەگەڕێ

***

پەراوێزی نووسەر: ئەو چیرۆکە بنچینەیییەی شاعیر لەم شیعرەیدا پشتی پێ بەستووە ئەمەیە: کابرایەکی لەڕ و لاواز ڕۆژێکیان لە کاتێکدا لە دەشتدا دەگەڕا دەچێتە ناو ئەشکەوتێکەوە. لەوێدا چل عفریت (دێو) دەبینێ دانیشتوون. کە لێی دەپرسن تۆ کێیت، دەڵێ: " من فسفس پاڵەوانم، هاتووم بۆ کوشتنی ئێوە لە تیر و کەوانەکەی باوکم دەگەڕێم! ". دێوەکان لە ترسان دەس بە تڕین دەکەن!. بای تڕەکانیان کابرا تا بنمیچەکە بەرز دەکەنەوە. عفریتەکان کە لێی دەپرسن تۆ لەوێ چی دەکەی؟ دەڵێ: " ئیدی تیر و کەوانەکەی باوکم لێرەیە. دەیانهێنم و هەمووتان

دەکوژم! ". لەسەر ئەمە دێوەکان لە ترسان هەڵدێن، کاتێک بای هەڵکردووی ترپیان تەواو دەبێ کابرا بەردەبێتەوە و ملی دەشکێ.

شێخ ڕەزا کە سوودی لە چیرۆکەکە وەرگرتووە، دێرە شیعری دزێوی سەرەوەی گوتووە.

٢٧

(لەبارەی حەمزە پاشای موتەسەڕیفی کەرکووک و دادگەی بیدایەوە)

خـبـرک وارمی النمش! نـه النمش؟ رشـوت.
النان شی نـه ایمش؟ لیره.. الان کـیم؟ هیـئت.
هیـــئـــتک ادی ندر؟ دائرهء عـــدلیـــه..
انـی ایجـــاد ایدەنک روحنه یوز بیک لعنت..
قـاچ عـدد لیـره النمش عـجـبـا؟ یوزاللی
لیـرهء خـالصـه.. اوستنده یازلمش " ضـربت "
بیلمدک کیملرایمش رشوت الانلر؟ های های!
گـیـدیشندن بیلینور خـائن ملک و ملت...
بری مـسـتنطق افندی، بری چنگانه رئیس،
او برین سـویلیـەمم! سـویله باباکـه رحـمت.
حـضـرت داور اکـرم مـتـصـرف پاشـا،
اشگک باشنی طوت حـمـزەیه گلدی نوبت.
اوتوزک راغب الوب یوتدی یگرمـیـسک امین
یوزینی سـویلدیگم ذات ولی النعـمت
اک بیـوک حـصـه او الدی ینه خـوشنود دگل
هپـسنی المادیغندن چکر آه و حـسـرت!
حـصـه ویرمک بکا لازم ایکن حق سکوت
ویرمـدی.. اغزینی ظن ایتـدی قاپاتمش ذمت
چوغنک نامی یازلـشـدی بو قـومـپـانیـاده
المادی فـاسق مـحـروم گبی هیچ بر قـسـمت!

ادی دفـتـرده اوزی خـائب و خـاسـر: بری بن
بـری ده مـــوصـلده اولان والـیء عـــالـی همت.
عـجـبـا الدی قـومـانـدان دخی برشی؟ حـاشـا..
وارمـی دنیـاده قـومـاندان گـبی صـاحب عفت!.

واته:

ئاگەداری کە وەرگیراوە؟ چی وەرگیراوە؟ بەرتیل.
ئەوەی وەرگیراوە چییە؟ لیرە.. کێ وەری گرتووە. لیژنە " هەیئەت "
لیژنەکە ناوی چییە؟ فەرمانگەی دادوەری " دائیرەی عەدلییە "
سەت هەزار نەفرەت لە گیانی ئەوەی دای هێنا..
داخۆ بە ژمارە چەند لیرە وەرگیراوە؟ سەت و پەنجا
لیرەی بێ فێڵ... لەسەری نووسراوە " ضربت "
نەتزانی ئەوانەی بەرتیلیان وەرگرت کێ بوون؟ های های!
لە ڕەوشتیەوە دیارە خائینی موڵک و میللەت
یەکیان موستەنتیق (لێتۆژەرەوەی داد) ئەفەندی، یەکیان سەرۆکی قەرەج،
ئەوی دییان ناتوانم بڵێم! دە بڵێ ڕەحمەت لە باوکت.
جەنابی داوەری ئەکرەم (دادوەری ڕێ پێدراو) موتەسەڕیف پاشا،
سەری کەرەکە بگرە سەرە هاتە سەر حەمزە..
سیی ڕاغب وەری گرتووە بیستیشی ئەمین قووتی دا
سەتی ئەو بەڕێزەی گوتم وەلییولنیعمەت (بژێوی بەدەست)
ئەو گەورەترین پشکی وەرگرت دیسانەوە مەمنوونیش نییە
بەوەی گشتی وەرنەگرتووە، ئاخ و هەناسەی سەرد هەڵدەکێشێ! لە کاتێکدا
پێویست بوو منیش بدەن هەقی بێدەنگی
نەیدا.. وای زانی ویژدان دەممی داخستووە
ناوی گەلێکیان لەم کۆمپانیایەدا نووسرابوو
وەک تاوانباری بێبەش هیچ پشکێکی وەرنەگرت!
ناوی لە دەفتەردا بوو، خۆی نائومێد و دۆڕاو: یەکیان منم

یەکیشیان والیی هیممەت بڵند کە لە مووسڵە
داخۆ سەرکردە (قوماندار)یش شتێکی وەرگرت؟ حاشا..
لە جیهاندا خاوەن خاوێنیی وەک سەرکردە هەیە!..

***

پەراوێزەکانی نووسەر: ئیبولئەمین مەحموود کەمالی نووسەری ناسراوی تورک کە بە دوای ئەم شیعرەی شێخ ڕەزادا چووە، کە دەگاتە یەک دێری پێش کۆتایی لەبارەی شاعیرەوە ئەم لێکدانەوە ستایشکارانەیەی گوتووە: "ئەم قسانە گەواهیی ئەوەن نەک هەر تەنیا بە چەک لە چیای بێ شێ و دەشتە چۆڵ و بێدەنگەکاندا، بگرە لە شارەکانیش و لەناو خەڵکیشدا دەکرێ یاخیبوون بە قەڵەم ئەنجام بدرێ. هەرەشە جاروبار پێوەندیی بە ژیان و هەندێ جاریش بە نامووسەوە دەبێ. ئەوانەی ڕێز بەبەرچاوەوە دەگرن دووەمیان لە یەکەم پڕ مەترسیترە، لەم بارەدا یاخیبوونی قەڵەم، لە یاخیبوونی چەک بەدترن. بەڵام ئەم تێبینییە بۆ خاوەن نامووس و داوێنپاکی – لەبەر هۆیەک – سەر بە بەدکارە زیادەڕەوەکانە. دەنا ئەوانەی کاری بەندەکانی خوا بە بەرتیل ڕادەپەڕێنن، تاوانبارانی بەرتیلخۆر حەقدار بە ناحەق پێشاندەران – بە زمانیش و بە قەڵەمیش – سووککردن و حەیابردنیان خزمەتی سوودی گشتی دەکا. ئەوانەی لەم ڕێیەوە خزمەت دەکەن ئەڵبەتە ڕاستگۆی نیشتمانن و خزمەتکاری میللەتن و شایەنی هەموو ڕێزێک و قەدرزانییەکن". لەم قسانەی ئیبنولئەمینەدا ڕاستی بەشی زۆرە. بەڵام دەبێ میزاجی خودی شاعیر و بەرژەوەندی پەرستییشی بەبەرچاوەوە بگیرێ. ئیبنولئەمین، کە دێتە سەر برگەی دێرە شیعری پێدا هەڵدانی سەرکردەی ناو شیعری بابەتی قسە، بەم جۆرە دەڵێ: " گەواهی بۆ دەستپاکیی سەرکردە پێویستە. چونکە لەودا تەنیا دەستپاکی نییە، هێزیش هەیە. ئەوەی زمانی لە بەرامبەردا درێژ بکا دەیداتە بەر پێلەقە. ڕوونکردنەوەی ئەمە لە جێی خۆیدا دەبێ کە بەرژەوەندیی تایبەتی شێخ ڕەزا لەلایەن فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرێتییەوە لێ دەدرێ و لەبەرئەوەی لەناو ئەمان و فەرماندە سەربازییەکاندا ڕکابەری هەبووە، شاعیر بەگشتی بە قسەی پێداهەڵدانەوە بە فەرماندەکانیدا هەڵدەنا... وشەی "لیرە"ی ناو نیوە دێری دووەمی دێرە شیعری سێیەمی هۆنراوەکەدا لە دەقی جیاوازیی تردا بە " سکە " دانراوە... حەمزە پاشا کە بووەتە بابەتی داشۆردن، لە

سەرەتای ساڵی ١٣١٦ی کۆچیدا لە کەرکووک موتەسەریفێتیی کردووە. ئەم پاشایە کە شاعیر بووە لە هەندێک لە دەستنووسە ناوەخۆییەکاندا شیعریمان بەرچاو کەوتووە. ئەو غەزەلەی سەرەتاکەی ئەمەی خوارەوەیە هی ئەوە کە دەڵێ:

خدایا حکمتک صورمغە یوقکن اذن و دستوری
ندر انسانک اکا اطلاعە سعی موفوری

واتە:

خوایە، کە ڕێ بە مرۆ نەدرابێ لە حیکمەتت بپرسن
ئەم کۆششە فراوانەی مرۆیە چییە بۆ زانینی

٢٨

(لەبارەی حەمزە پاشاوە)

دیکدی پالان خری ایشتە علی الاستعجال
شرقدن غربە خروج ایلیەجکدر دجال
پایمال ایتدی بتون ملت اسلامی یازیق
أی مسیحا یره أن ویرمە بو دجالە مجال
صویدی رشوتلە اگر حمزە بنم عشرتمی
بن دە اسلانم انی هجو ایلە الحرب سجال
متصرفمی اولور حمزە گبی قانجق اشک
هر نە ایتدکسە سن ایتدک بزە أی قحط رجال

واتە:

ئیدی کورتانی کەری دوورییەوە بە پەلە
جەجاڵ نیازی لە خۆرهەڵاتەوە دەرچوونی بەرەو خۆراوا هەیە
مخابن هەموو میللەتی ئیسلامی نایە ژێر پێ
ئەی مەسیح دابەزەرە سەر زەوی بوار بەم جەجاڵە مەدە
ئەگەر حەمزە عەشرەتی منی بە بەرتیل ڕووت کردەوە
منیش شێرم بە داشۆردنەوەی ئەو جەنگ لە گەرمیدایە
ماکەرێکی وەک حەمزە دەشێ ببێتە موتەسەڕیف

هەرچیت کرد تۆ بە ئێمەت کرد ئەی قاتوقڕیی پیاوان

***

پەراوێزی نووسەر: وشەی "ان" لە دێرەکەدا شێوەزاری ناوچەییە لە جیاتی "این" بەکار هاتووە.

(الحرب سجال) دەستەواژەیەکی عەرەبییە واتە: "شەڕ دەمێ لە بەرژەوەندیی ئەو و دەمێک لە دژی ئەو درێژەی هەیە". لە دێری سێیەمدا "عشرتمی" واتە "عشیرتمی" جیاوازیی دەقە. هەروەها لە شێوەی "طائفەمی" شدا بینراوە.

٢٩

(دیسان لەبارەی حەمزە پاشاوە)

حمزەنک اوغلنە (ق.. دم) قیزینە گلدی صیرە

شیمدی دعوا گورییور بعد خراب البصرە

(س.. رم) النی اولادینی هپ عائلەسک

حمزە بابایی دخی عائلەسندن صوکرە

واتە:

لە کوڕەکەی حەمزەم برد سەرە هاتە سەر کچەکەی

تازە تازە دەیەوێ بەرەنگار بێتەوە دوای تێکچوونی بەسرە

بنەماڵە و منداڵەکانی و هەموو خێزانی (دەگێم)

دوای خانەوادەکەشی حەمزە باباش دواتر

٣٠

(تاکە دێرێک لەبارەی حەمزە پاشاوە)

نە ضمیرندە فطانت نە دماغندە خرد

بدلا حمزەیە چاتدق مدد اللە مدد

واتە:

نە لە ویژدانیدا تێگەیشتن و نە لە مێشکیدا ئاوەز هەیە

تووشمان بوو بە تووشی حەمزەی بوودەڵەوە، خوایە فریامان بکەوە

٣١

(تاکە دێڕێک لەبارەی حەمزە پاشاوە)

کــــــرکــــــوک ســــــــرایندە ایکی قلـەء نمرود
یاپمش (گ.. تنە) صـوقمق ایچـون حمزەء معـهود

واتە:

حەمزەی ناسراو لە سەرای کەرکووکدا
دوو قەڵای نەمروودی دروست کردووە، تێیدا بە قینگیدا بەرن

٣٢

(تاکە دێڕێ کە حەمزە پاشای کردووەتە بابەت)

حــمــزە بابا دگلم هجــو ایلە اسکات اولایم
شـاه شـطرنج گبی بر کیش ایلـە مـات اولایم

واتە:

حەمزە بابا نیم بە داشۆڕدن بێدەنگ بکرێم
شای شەترەنج نیم بە (کش)ێک بمرم (مات) بم

***

پەڕاوێزی نووســەر: وشـــەی کش (کـیش) کــە لە دێرەکــەدا هاتووە، لە کـێـشـی (قـیشـی تورکی واتە: زسـتـان)، کـە شـا تەنگەتاو دەکـرێ بەکورتی یا کـەوتنی یان جــووڵەی لاســایی دەنگی دەرکــردنی مــەل دەگــوترێ : (کش). (مــات) واتـای بێ دەسەڵات مانـەوە و نە جووڵانەوە دەگەیەنێ. وەک مردبێ وایە، لە وازیی شـەترەنجدا لە کاتی تێکەوتن و خورانی شـادا دەگـوترێ... شـێخ ڕەزا مـاوەیەک لەگـەڵ قـازیی کەرکووکدا شـەترەنج دەکا، کە شایەکەی دەکەوێتە بۆسـەوە، ئەم دێرە شیـعرە بۆ قازی دەڵێ.

٣٣

(دیسانەوە بۆ حەمزە پاشا)

بارینی طوتدی بولر صالدی یوله حمزەء معهود
بو سیاستی ایدر فکر گیدر منزل مقصود

واتە:

باری خۆی گرتەوە (دەوڵەمەند بوو) ئەوی دیی بەڕێ کرد حەمزەی ناسراو
ئەم سیاسەتە دەکا، بیر لەوە دەکاتەوە کە دەگاتە جێی خۆی (!)

٣٤

(دیسان داشۆردنی حەمزە پاشا)

نشر اولندی تزەک تازە گبی بر غزلک
اول تزەکدن بیلورم حالی یماندر صقالک
صقالک هر تیلی چاروب خلایە دونەجک
حمزە پاشا بو ایسە زادەء طبع جعلک
گیت سنک عزلک ایچون کیمسە تاسف ایدەمز
تا کوپک وارایسە کرکوکدە چوقدر بدلک
بو لوادە املک قالمق ایدی ییللرجە
(گ.. تکە) قویدی فلک رشتەء گول املک
سنی تشییع ایدەرم دیدەء گریان ایلە
دوشمەدی داممە اول بچەء اهو مثلک
اوپمەدم لبلریکی اشک ندامت دوکرم
اول بت غنجە دهن اول پسر لب عسلک
گلورم بن دە سزکلە بینەرم ارقاکزە
بر ایمش مادەلری چونکە جمیل ایلە جملک
عزل عالیکزە ظن ایتمە رضا اولدی سبب
سوء کردار و فساد عملکدر عملک

واتە:

غەزەلێکی وەک تەپاڵەی تازەت بڵاو کرایەوە
لەو تەپاڵەیەوە دەزانم ڕیشت حاڵی خراپە
حەمزە پاشا ئەگەر ئەمە بەرهەمی سروشتی وەک قالۆچەت بێ
هەر موویەکی ڕیشت دەبێتە گسکی ئەدەبخانە
دە بڕۆ کەس بۆ لابردنت خەفەتێک ناخوا
تا سەگ مابێ لە کەرکووکدا بریکارت زۆرن
ئاواتت ئەوە بوو سالآنێک لەم لیوایە بمێنی
زەمانە داوی درێژیی هیواتی کردە قینگتەوە
بە چاوی بە گریانەوە بەرێت دەخەم
کە ئەو بێچووە چون ئاسکەی تۆ نەکەوتە ناو داومەوە
لێوەکانیم ڕانەمووسی ئەسری پەشیمانی هەڵدەرێژم
لێوی هەنگوینی ئەو کوڕە، ئەو بتە دەم غونچەیە
منیش لەگەڵتاندا دێم سواری پشتتان دەبم
چونکە پێکهاتەیان هەر یەکە جەمیل " جوان " و جەمەل " حوشتر "
وا مەزانە " ڕەزا " بووە هۆی لابردنی بەرێزتان
بەدکرداری و گەندەڵیی کردەوەکانتە کردارت

***

پەراوێزی نووسەر: (جەمیل) کە لە دێری بەر لە دوادێردا هاتووە، ناوی کوڕی لاو و جوانی حەمزە پاشایە. ئەم دێرەی بە (تەوریە)وە گوتووە.. (عەباس عاجز ئەفەندی) ئەم داشۆردنەی کردووەتە پێنج خشتەکی، پارچەی یەکەمی بەم شێوەیەیە:

(س.. دی) خلاق معانی و زمانه تملک
یدیگک هرزه ایله ظاهره چیقدی عملک
بول قیلدک اَ کوپک زمزمه گلمش اجلک

واتە:

بناغەی تۆ گووی کردە، واتە ئەفرێن و زەمانە
بەو وتە هەرزەیەتەوە کە خواردت کارت بەدەرکەوت

میزت کرد ئەی سەگ ئاهەنگ ئەنجەلت هاتووە

٣٥

(دیسان لەبارەی حەمزە پاشاوە)

حمزە پاشا ایلە غوغادە ایکن گلدی بشیر
کە بشارت سکا او خائنی عزل ایتدی مشیر
سادە عزلیلە قناعت ایدەمم اول ترسک
ایدەرم مرگ مفاجات ایلە آنی تبشیر
شیخ مونجوغ ایلە طبعی اویەجقدر زیرا
مونجوغ ایلە بزەنور کلّە اعناق حمیر

واتە:

کە لەگەڵ حەمزە پاشا لە شەڕدا بووم مژدەهێن هات

کە مژدەت لێ بێ موشیر "سەرکردەی لەشکری بە دەسەڵات" ئەو خائینەی لە کار لادا

تەنیا بە لابردنی ئەو تەرەسە قەناعەت ناهێنم

مژدەی مەرگی کوتوپڕ دەدەم بەو

خوو و ڕەوشتی لەگەڵ "شێخ مونجوغ – شێخ مووروو" دەگونجێ، چونکە

سەر و ملی کەر بە مووروو دەڕازێنرێتەوە

***

پەڕاوێز: ناوی شێخ مونجوغ، واتە شێخ مووروو، نازناوی (سەید محەمەدی سەید ساڵح ئەفەندی)ی تەکیەدارە، کە لە سەردەمی لاویدا بە فرۆشتنی مووروو (تەسبیح) و لە پیرییدا نوشتەی بۆ نەخۆشان نووسیوە و بژێویی خۆی بەو شێوەیە پەیدا کردووە. شێخ ڕەزا لەبارەی ئەمەوە داشۆردنێکی تریشی نووسیوە. (بڕوانە دێرە شیعری ژمارە حەوتی ئەم کتێبە و پەڕاوێزەکەی بکە).

٣٦

(له بارەی بەهرام پاشاوە)

اگر وار ایسه عجل سامری بهرام پاشادر
الک تصویرینی الله ایچون جای تماشادر
هنردن معرفتدن فهمدن ادراک و دانشدن
تهی خالی مجوف صانکه بر شکل مقوادر
مقوا شکلنه بر شی دینور اما بو عگروته
نه دنیلسون که صورتدن مجرد بر هیولادر
قدوم منحست قلزومی ویران ایلر ایرانی
دگل ایرانه ایراندن اویانه دفعی اولادر
اگر ایلدن ایله احبابنی ایلرسه بر دعوت
بساط آراسی خوانه نعمتی زیتونله خورمادر
تورم ایلمش اشکنبهسی باسور ریحندن
گگیردکجه صانورسک صوت ناقوس کلیسادر
نیچون مطران افندی سومسون بهرام پاشایی
که ناقوس دبردن لقمهپرداز نصارادر
ید اشراره تسلیم ایلدی اغنام و اعشاری
لوانک حاصلی خائنلرک بیننده یغمادر
بنم مخدوممی اغنامه مأمور ایتمدی زیرا
بیلوردی لیره بندن حاصل اولماز ایش بیدوادر
ندامت حاصل ایتدم شمدی حمزه پاشادن
که بو دیوسه نسبت حمزه افلاطون دانادر
نجابت خاندانلق نشئهسی باق وارمی ذاتنده
بو ملعون ابن ملعون لاجرم ادنادن ادنادر

واتە:

ئەگەر گوێرەکەی " سامیری " هەبێ بارام " بێهرام " پاشایە

له ڕێی خوا وێنەی بگرن شایستەی تەماشاکردنە
لە هونەر و زانست و تێگەیشتن و دەرککردن و دانش
چۆڵ و بۆش و ناوک بەتاڵە دەڵێی شێوەیەکی مقەببایە
شتێک بە شێوەی مقەببا دەگوترێ، بەڵام ئەم "عەگرووتە"
چیی پێ بگوترێ کە " هیوولا " یەکی لە وێنە داماڵراوە
هاتنی نەگبەتیی قلزوومی " قلزم: دەریای سوور " ئێران وێران دەکا
نەک بۆ ئێران، پاڵ پێوەنانی بۆ لە ئێران بەولاتریشی چاکترە
ئەگەر ساڵەو ساڵ جارێک خۆشەویستانی بانگهێشت بکا
بژێویی ڕایەخ ڕازێنەوەی بۆ خوان، زەیتوون و خورمایە
ورگی ئاوساوە و لە بای مایەسیریی
هەرچەند قرقێنە دەدا وا دەزانی دەنگی ناقووسی کڵێسەیە
مەتران ئەفەندی بۆچی بەهرام پاشای خۆش نەوێ
کە لە ناقووسی پاشەڵیەوە پاروو ڕێکخەرەوەی دیانانە
باجی مەڕانە و دەیەکانەی دایە دەست بەدکاران
داهاتی لیوا لە نێوانی خائینائدا تالآن کراوە
کوڕی منی نەکردە فەرمانبەری باجی مەڕانە، چونکە
دەیزانی لەمنەوە لیرەی دەست ناکەوێ کارەکە بەلاش و بێ بەرامبەرە
ئێستا پەشیمانیم لە حەمزە پاشاوە بۆ مایەوە
کە لە چاو ئەم دەییووسە (گەوادە) حەمزە ئەفلاتوونی دانایە
بڕوانە خۆشیی ڕەسەنی و خانەدانیی تێدایە
ئەم نەفرەت لێکراوی کوڕی نەفرەت لێکراوە بێگومان لە نزم نزمترە

***

پەراوێزی نووسەر: شاعیر ئەم هۆنراوەیەی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣١٦ی کۆچیدا، بۆ بەهرام پاشای موتەسەڕیفی ئەوسای کەرکووک نووسیوە، کە تکای بە مەئمووری باجی مەڕومالآت دامەزراندنی کوڕەکەی لێ کردووە و تکاکەی ڕەت کراوەتەوە... (عەگرووت) واتە: گەڕ و بێفەڕ.

٣٧

(دیسان بۆ بەهرام پاشا)

قتل و نهب اشقیادن ملت اولدی پایمال
امن و اسایش ینه الحمد لله برکمال
قورقارم بردن بره یقسون بنای دولتی
حمزه و بهرامی پاشا ایلین قحط رجال
باب عالی چاره بول بیچارەکان ملته
بر طرف قحط رجال بر طرف قحط غلال
حضرت بهرام پاشا گلدیگی تاریخدن
سایەسندە بر زمان اکسوک دگلدر اختلال
اشقیا دفعندە عاجز ارتکاب ایتمکدە حر
ارکک ایله قانجوغک بیننده واقع بر مثال
گر دوام ایلرسه مال و ملکمز الدن گیدر
جان دخی ایتمزسه تخلیص گریبان احتمال
قوش ده گیچمز کاربانله باد پیما نیلسون
اشقیادن اویله باغلانمش طریق چمچمال
ایلیق الق صنعتندن باشقه بر شی بیلمیور
اولماسون بهرامه یارب آلدیغی آیلق حلال

واتە:

بە کوشتن و تالانی ڕێگران میللەت کەوتە ژێر پێیانەوە
کەچی "ڕۆژنامەکانی دەوڵەت هەر دەڵێ" سوپاس بۆ خوا ئاسایش و ئارامی سەقامگیرە
دەترسم بە یەکجاری بینای دەوڵەت بڕووخێنێ
ئەو قاتوقڕییەی پیاوان کە حەمزە و بەهرامی کردووەتە پاشا
ئەی بابی عالی " سەرۆکایەتیی وەزیران " چارەیەک بۆ میللەت ببینەوە
لەلایەکەوە قاتیی پیاوانە و لەلایەکی ترەوە قاتیی بەروبووم

لەو ڕۆژەوە حەزرەتی بەهرام پاشا هاتووە
لە سایەیدا هیچ کاتێک ئاژاوە کەم نەبووەتەوە
لە لابردنی ئەشقیا و ڕێگراندا بێدەسەلات و لە تاوانکردندا ئازادە
نموونەیەکە کەوتووەتە نێوانی نێر و مێوە
ئەگەر بەردەوام بێ ماڵ و سامانمان هەموو لە دەس دەڕوا
لەوانەیە گیانیش بڕوا ئەگەر داوێنی خۆی لە دەس ڕزگار نەکا
مەلیش ڕەت نابێ لەگەڵ کارواندا، هەواپێو چ بکا
وەها بە ڕێگران داخراوە ڕێی چەمچەماڵ
لە پیشەی مانگانە وەرگرتن بەولاوە چیی تر نازانێ
خوایە ئەو مانگانەیەی وەری دەگرێ لە بەهرام پاشا حەڵاڵ نەبێ

***

پەراوێزی نووســـەر: بـەهرام یـان بایرام پاشـــا، لـە ســـاڵانی ١٣١٦ – ١٣١٧ی کۆچیدا لـە سـەنجـەق (لیوا)ی کـەرکوکـدا مـوتـەسـەرپفێتـیی کـردووە. هۆی رق و کینەی شێخ ڕەزامـان لەگەڵیدا لە پەراوێزی شیعری پێشـەوەدا ڕوون کردووەتەوە... سـەرەڕای ڕوودانی زنجیرەیەک ڕاووڕووت و تاوان لە وڵاتدا، شێخ ڕەزا لە ڕۆژنامـە (غـەزەتە) کـانـدا دەسـتـەواژەی : " سـایەء اسـایش وایەء پادشـاهیـدە ولایتک هر گرفندە امن و اسـایش برکمالدر "، واتە: " لە سـایەی ئاسایشبەشی پادشاهیدا لە هەمـوو لایەکی ویلایەتدا ئەمن و ئاسایش بەردەوامە ". دەبینێ، بەم دێرە ئاماژە بۆ ئەو لایەنە دەکا.

٣٨

(تاکە دێر لەبارەی موتەسەرپیفەوە)

متصرف ایدەجک حضرت مطرانە قیام
بن گـبی عـالمە امـا ایدەمـز رد سـلام

واتە:

موتەسەرپیف بۆ مەتران هەڵدەستێتە سەر پێیان
زانایەکی وەک منیش تەنانەت وەڵامی سەلامیشم ناداتەوە

***

٣٩

(لە بارەی عوسمان پاشای موتەسەرریفەوە)

خـدا مـرد مطیـعی جـمله خلقـه اشنا قـیلدی
کــلامنده دخی قـــاچ یرده انـی پک پنا قـــیلدی
اطاعت ایتـمـدی عـثـمــان پاشــا والی پاشــایه
هوای حــرص ایله چنگانەلکله اغـتنا قــیلدی
گـورونجـه انوری بـی اطاعت چیـقـدی طاعـتـدن
او فکر واهیــده اول ذاتـه کندی اقــتـدا قــیلدی
علیــهنده او بدخــویک یازنجــه حــضــرت والی
اکی عزل ایتدیروب کرکـوکدن فورا جدا قـیلدی
هنر گوسترمک ایدی شو غرضله فکری عثمانک
تأســفلر اکـا یاکلیـشـدی غـایت اول فنا قـیلدی
بیوردی شو غرض یوقسه یشاسون حضرت والی
اوکک المقـده بو حـالک گـوزل بر اعـتنا قـیلدی
اک اخـر مــیـرلوا ایلـه نقـیب اسـبـقــه رغــمــا
وجـودک سـرتسـر حـاجی علی یه هپ فدا قـیلدی
عجـبمی بقـلاوه اکل ایلمک هر جـمعه صـبـاحی
نه قـیلســه اکـا جـاسم افندی اول غدا قـیلدی
قــاپیلدی پنـجــهء جـایه طـوتیلدی عـشق حلوایه
بو یوزدن ایشــتــه کندین گـرفـتـار عنا قـیلدی
سـویندی چوق گـوکللر حـاصلی اخـبـار عـزلندن
اهالی حـضــرت والی یه جـدا هـپ دعــا قـیلدی
رضــا ظـاهرده گــرچه والی اولمش باعث عـــزلی
حـقـیــقـتـده شـو الطافی بزه انجق خـدا قـیلدی

واتە:

خوا پیاوی گوێڕایەڵی کردە ئاشنای هەموو خەڵک

له چەند شوێنێکی فەرموودەشیدا زۆر پەسنی ئەوی داوە
عوسمان پاشا گوێڕایەڵی والی پاشا نەبوو
بە ئارەزووی ڕژدی و چاوچنۆکیی دەوڵەمەند بوو
کە (ئەنوەر!)ی بێ گوێڕایەڵیی بینیی لە گوێڕایەڵی دەرچووە
لەو بیرە بێ بایەخەیدا شوێن پێی ئەو کابرایە کەوت
کە جەنابی والی لە دژی ئەو بەدخووەی نووسی
ئەوی بەلادان دا و یەکسەر لە کەرکووکی دوور خستەوە
بیری عوسمان بەم مەبەستە پێشاندانی هونەر بوو
مخابن بۆ ئەو، زۆر هەڵە بوو، بەدکاریی کرد
فەرمووی ئەمە مەبەستێکە ئەگەر نا بژی جەنابی والی
لە وەرگرتندا چاودێرییەکی باشی بارودۆخی کرد
دوایەمین جار سەرەڕای میرلیوا و نەقیب بەداخەوە
سەرتاسەری بوونی خۆی بۆ حاجی عەلی بەخت کرد
داخۆ هەموو بەیانییەکی هەینی پاقلاوە خواردن سەیرە
جاسم ئەفەندی چیی بداتێ خواردنی دا پێی
بە پەنجەی پایە فڕێنرا، بووە گیرۆدەی ئەوینی حەلوا
لەم ڕووەوە ئیدی خۆی کردە گرفتاری ماندووبوون
بە کورتی بە دەنگوباسی لەکارخستنەوەی، دڵان گەلێک پێخۆشحاڵ بوون
خەڵکەکە زۆر دوعایان بۆ جەنابی والی کرد
ئەی شێخ "ڕەزا" بە ڕواڵەت ئەگەرچی والی بووە هۆی لە کارخستنی
لە ڕاستیدا ئەم چاکانەی لەگەڵماندا کران تەنیا خوا کردنی

***

پەراوێزی نووسەر: شاعیر ئەم هۆنراوەیەی بە بۆنەی لادانی عوسمان پاشاوە لە پۆستەکەی گوتووە کە ساڵی ١٣٢٠ی کۆچی موتەسەڕیفی کەرکووک بووە.

٤٠

(له بارەی مەهدی پاشای موتەسەڕیفەوە)

گـیـچـوب تشـرین اول، اول تشـرین ثـانیـدر
حلول مـاه نو مـاهـانەدن بر مـژدەگـانیـدر
سند یاز هر کیمه امر ایلدمسه یازمادی یعنی
معـاش آلق نه ممکن مـهدی پاشـا زمـانیـدر

واتە:

تشرینی یەکەم ڕەت بوو، ئەوە تشرینی دووەمە
داهاتنی مانگی نوێ موژدانەی مانگانە وەرگرتنە
بەڵگە بنووسە، فەرمانم بە هەرکێ دا نەینووسی، واتە
مووچە وەرگرتن کەی لە تواناداییە، سەردەمی مەهدی پاشایە

***

پەراوێزی نووسـەر: مـەهدی پاشـا سـاڵی ١٣٠٨ی کـۆچی لە کـەرکـووک موتەسەڕیف بووە.

٤١

(لەبارەی ئیسماعیل پاشاوە)

اسم عالی ایله عالی اولاماز شخص رزیل
سکا بر فـائده ویرمـز لقب اسـمـاعـیل
بو وکـالت سکا تقـدیر خـدادر یوقـسـه
مـتـصـرفـمی اولور عـجل بنی اسرائیل

واتە:

کەسی پیسکە و نزم بە ناوی بەرز " عالی " بەرز " عالی " نابێ
ئیسماعیل، نازناو هیچ سوودێکت پێ نابەخشێ
ئەم بریکارییە بۆ تۆ کاری خوایە دەنا
گوێرەکەی ئیسرائیلییان دەبێتە موتەسەڕیف؟

***

پەراوێزی نووسەر: شێخ ڕەزا ئەم چوارینەیەی لەبارەی ئیسماعیل پاشاوە گوتووە کە ساڵی ١٢٧٦ی کۆچی جێگری موتەسەڕیفی کەرکووک بووە، وەک لە خوارەوە دیارە دواتر کردووشیەتی بە پێنج خشتەکی... وشەی (شخص)ی نیوەدێرە شیعری یەکەم لە دەقی تردا (مرد) ە، واتای هەر دوو وشەکە هەر یەکە... شاعیرێک لە کاتی خۆیدا بە واژۆی (ع. نووری) بەم جۆرەی خوارەوە ئەم چوارینەیەی شێخی لاسایی و تێهەڵکێش کردووە:

ندماکزلە کوپک اولدیغکز اثباتە دلیل
اولیور طوغریدر الجنس الی الجنس یمیل
نیجە بدمایە اولور رتبە و منصبلە جمیل
اسم عالی ایلە عالی اولاماز شخص رزیل

---

شیخ رضا عجل دیمش سکا خطادر یوقسە
قوریەلیلر سنی یرلردی قیامت قوپسە
کوپک اخلاقلی اشکسک ایو دقت اولسە
بو وکالت سکا تقدیر خدادر یوقسە

واتە:

دۆست و هاودەمانتان بەڵگەی سەلماندنی سەگایەتیتە
دەبێ و ڕاستە ڕەگەزێک حەز لە ڕەگەزی هاوتای خۆی دەکا
" جەمیل " چۆن بە پلە و پایەوە مایەپووچ دەبێ
کەسی پیسکە و نزم بە ناوی بەرز " عالی " بەرز " عالی " نابێ

---

شێخ ڕەزا گوێرەکەی پێ گوتووە، ئەمە هەڵەیە دەنا
خەڵکی بەری قۆریەی کەرکووک تۆیان دەخوارد ئەگەر قیامەتیش هەڵسابایە
ئەگەر بەچاکی سەرنج بدرێ کەرێکی ڕەوشت سەگی تۆ
ئەم بریکارییە بۆ تۆ کاری خودایە دەنا

***

پەراوێزی نووسەر: (قوریەلیلر) کە لە هۆنراوە هەڕەمەکییەکەی (ع. نووری)دا هاتووە، کۆمەڵگەی تورکمانی دانیشتووی لای خۆراوای کەرکووکن، کە ئەمانە لە کۆنەوە بە گاڵتەوە بە " گاخۆرەکان " ناسراون. شاعیریش ئاماژەی بەم بابەتە کردووە... (عجل) زانراوە " نێرە گوێرەکەیە ".

٤٢

(لەبارەی ئیسماعیل پاشاوە پێنج خشتەکیی شیعری خۆی)

أشک هە أشک اولور سەیسی اولسە جبریل
هیچ قدایفمی اولور جان تلف ایلرسە فجل
تازیدر ادینی طاووزە ایدرلر تبدیل
اسم عالی ایلە عالی اولاماز شخص رزیل
سکا بر فائدە ویرمز لقب اسماعیل

---

أهرمن پنجەسنە خاتم اعجاز تاقسە
گورینور ساختەلکک هر کیم ایراقدن باقسە
نورە طاش اولاماز لعل بدخشان اولسە
بو وکالت سکا تقدیر خدادر یوقسە
متصرفمی اولور عجل بنی اسرائیل

واتە:

کەر هەر بە کەرێتی دەمێنێتەوە ئەگەر چاودێر " مەیتەر " هکەی جبریل " جبرائیل " – یش بێ

توور ئەگەر خۆیشی بکوژێ دەبێتە قەتایف کە " جۆرە شیرینەمەنییەکە لە هەویر و خورما دروست دەکرێ ".

کەسی پیسکە و نزم بە ناوی بەرز " عالی " بەرز " عالی " نابێ
ئیسماعیل، نازناو هیچ سوودێکت پێ نابەخشێ

---

ئەگەر ئەهریمەن ئەنگوستیلەی پەرجووی لە پەنجە بکا

ساختەچێتیی دیار دەبێ هەر کەسێک لە دوورەوە بڕوانێ

نووره " شـتێکی وەک گـەچ وایە " نابێـتـە بـەرد ئەگـەر ببێـتـە یاقـووتـی ناوچەی بەدەخشانی ئەفغانستانی ئەمڕۆ، کە بە ناوبانگ بووە.

ئەم بریکارییە بۆ تۆ کاری خوایە دەنا

گوێرەکەی ئیسرائیلییان دەبێتە موتەسەڕیف؟

٤٣

(لە بارەی ڕەفیق پاشاوە)

صـالسـه صـیـاد قـضـا اردینه گـورگ اجلی

تا قـیـامت بـو خـرک خـایەسنه ایرمـز الی

الله الله نه یماندر بو خـر تیـز خـرام

ایریشـور منزل مـقـصـوده صـبـادن ازلی

دگل ایلغـاره أگـر هرولەیه دوشـسـه ینه

دولاشـور ثانیـه ظرفنده جـمـیع دولی

او قدر نازک و زیبا که صـانیـرسک رضـوان

بسلەمش سـایەء طوباده بو آهو کـحلی

بو گـبی صـاعـقـه رفـتـاره سزادر دنیلسـه

دلدل شـاه ولایت أسـد الله علی

یاپیـشـور وسـمـه گـبی مـیـرلوانک بیـغنه

نوش جـان ایلدیگی ارپالرک مـاحـصلی

بیلمـدم کـوسـه ایمش مـیـرلوامـز یوقـسـه

بر خط اوزره تراشـیـده اولنمش صـقـالی

حـاضـر ایت جـائزەیی عـهـده وفـا ایله بگم

ایشته سن ایشته رضا ایشته رضـانک غزلی

واتە:

ڕاوکەری قەزاوقەدەر ئەگەر گورگی ئەجەلی بخاتە دوو

تا قیامەت دەستی ناگاتە گونی ئەم گوێدرێژە

ئەی خـــوا چ بـەڵایەکـــە ئەم کـــەرە تیـــژڕەوە "لـە بنـەچەدا خـــیـــرام: ڕێکردنی بەلارولەنجە"

بەر لەوەی با بیگاتێ ئەم دەگاتە شوێنی مەبەست

نەک بکەوێتـە ئێلغـار: کـە مـەبەسـت لە غـاری چوارناڵەی ولاخـە، ئەگـەر بکـەوێتـە نەرمەغاریش

لە ماوەی چرکەیەکدا بەهەموو دەوڵەتاندا دەگەڕێ

ئەوەندە ناسک و ڕازاوەیە پێت وایە کە سوپاسگۆیەکی ڕازی لە ژینی خۆی

لەژێر سێبەری تووبادا کە درەختێکی ناو بەهەشتە ئەم چاو چون مامز ڕەشەی لە ڕێژراو دەچێ پەروەردە کراوە.

تاوانە ئەگەر بەم جۆرە ڕەوت هەورەتریشقەیە بگوترێ

دولدولی شای ویلایەت عـەلیی شێری یەزدان... "دولدول: ناوی ئەو هێسترە بووە پێغەمبەر(د.خ) داویە بە ئیمام عەلی".

هەر وەک وەسمەی بۆیاخی ڕەش بە سمێڵی میرلیواوە دەنووسێ

ئەنجامی ئەو جۆیەی بووەتە نۆشی گیانی " واتە پاشەڕۆی "

نەمزانی میرلیوا کۆسە و بێ تووکە یان

کە ڕیشی تاشراوە یەک هێڵی لێ هێڵراوەتەوە

پاداشتەکە ئامادە بکە بەڵێن بەجێ بهێنە بەگم

ئەوە تۆ و ئەوە ڕەزا و ئەوە غەزەلەکەی شێخ ڕەزا

***

پەراوێزی نووسـەر: کە ڕەفیق پاشای میرلیوا سـەرکردەی تیپ بووە لە کەرکووک، کەریم بـەگی قـایمقـامی سـەربـازی یەک مـانگ دەخـاتە بەندیخـانە. کەریم بـەگ کـە ماوەکەی بەسەر دەبا و لە بەندیخانە دەردەچێ، سواری گوێدرێژە سپییەکەی دەبێ و یەکســەر ســەر لە شـێـخ ڕەزا دەدا و بە ناحـەق بەندکـرنەکـەی بـۆ باس دەکـا و بەمەرجی ئەوەی بـە شیعرێک بە کەرەکەیدا هەڵبدا و میـرلیوای پێ دابشـۆرێ، گەر بیەوێ کەرەکە، یان پازدە لیرەی نرخی کـەرەکەی بداتێ، شێخ ڕەزاش بەرامبەر بەو بەڵێنە ئەم شیعرەی سەرەوەی بۆ دەنووسێ.

پەراوێزی وەرگێڕ: لەو بڕوایەدام سـەرەوای دێری دووەم، " اولی " بێ نەک " ازلی:

واتە هەمیشەیی " واتای دێڕەکەش بەوە ڕێک دەکەوێ.
هەروەها سەروای دێری چوارەم (کەفەل-ی) بێ نەک
(کحلی).. واتە سمت وەک مامز.

٤٤

(لە بارەی ڕەفیق پاشاوە)

هجـوم ایتـدی ینه دین ملکنه طابور مـژگـانی
لوا چکدی او خـائن هدم ایده ملک سلیـمـانی
قوماندا ویردی چشم عسکر مژگانه دین یقسون
الهی رو سـیـاه ایت بویله دینسـز قـومـاندانی
او کـافر زلفی تک بیک فتنه صـالدی عـالمه زیرا
اولور آشـوب ملت مظهـر طغـرای سلطانی
حـصین ملت ایکن شـمـدی بـاب الاشـقـیـا اولدی
خلل اسـایشـه ویردی سـر و زلف پریشـانی
نیـجـه افـلاح اولور زلفک یوز اوزره دود آهمـدن
کـه ترجیح ایتدک اسـلامـه مـعلم ایله مطرانی
طولاشـوب گـردن مـقـصـوده زلفک مـار تک زیرا
مـحـقـقـدر مـضـرت مـقـتـضـای طبع ثعبـانی
رفـیق بد طبـیـعـتـدن نیـجـه اه ایتـمـەیم أی دل
اوروبدر سـینـهء عـشـاقـه بیک خـار مـغـیـلانی

واتە:

دیسانەوە تابووری (لەشکری) برژانگ هێرشی کردە سەر موڵک و خاکی دین
ئاڵای بەرز کردەوە ئەو خائینە بە مەبەستی ڕووخاندنی دەوڵەتی سلێمانی
پێغەمبەر
چاوەکانی فەرمانیان بە سەربازی برژانگ دا دین بڕووخێنێ
خوایە ئەم سەرکردە بەم جۆرە بێ ئاینە ڕووڕەش بکە
هەزار فیتنە و ئاژاوەی وەک زوڵفە کافرە ڕەشەکەی خستە ناو جیهانەوە

ئاژاوەی ناو میللەت دەبێتە دەرخەرەوەی توغرا (نیشانە و دروشم)ی سوڵتان
لە کاتێکدا کە پارێزراوی میللەت بوو ئێستاکە بووەتە پەنا و داڵدەی ڕێگر و بەدکار
سەر و زوڵفە پەرێشانەکەی ڕەخنە و کەموکوڕیی خستە ناو ئاسایشەوە
لە دووکەڵی ئاخهەڵکێشانی من، زوڵفی سەر ڕووت چۆن سەرکەوتوو دەبێ
کە موعەللیم (مالوومی جوولەکان) و مەترانت لە ئیسلام بە باشتر زانیوە
زوڵفت بە گەردنی ئەوەی مەبەستە دەپێچرێتەوە وەک مار، چونکە
چونکە دیارە خووی مارانە دەبێتە هۆی زیان
ئەی دڵ، چۆن لە دەس هاوڕێی بەدخوو ئاخ هەڵنەکێشم
هەزار دڕکی موغیلان (کە جۆرە درەختێکی دڕکاوییە)ی داوەتە سەر سینەی دڵداران

٤٥

(لە بارەی فەریق عەلی پاشاوە)

ویرەمم بادهوا اسپ صبا رفتاری
جملەء افاقە دگیشمم توکینک بر تاری
کیمسە بیلمز عددین بن بیلورم اوتوز ایمش
زنگنەلردن آلنان لیرەلرک مقداری
آتمی الدی اوانتە ایلە مجانا حتی
سایسک صیرتنەدە اتمادی بر انتاری
نە روادر کە قوماندان سپاه منصور
ایدەسک پادشاهم بویلە خیانتکاری
هم بزم قانمزی ضایع ایدندر بو ترەس
نیجە قاندیردی جنابت قوجە بر خنکاری
بو ایسە پشرو لشکر اسلام رضا
حق بزم اوزرە مظفر ایدەجک کفاری

واتە:

تاکە یەک مووی ئەسپی ڕەوتار با هەروەها بێ بەرامبەر

بەهەموو ئاسۆگەکان ناگۆڕمەوە

کەس ژمارەیان نازانێ، من دەیزانم سی و پێنج بووە

بڕی ئەو لیرانەی لە زەنگنەکان وەرگیراوە

ئەسپەکەمی هەروەها بە هەوانتە تەنانەت بە بەلاش لێ وەرگرتم

تەنانەت ئەنتارییەکی (کە جۆرە جلێکی درێژە) نە خستە سەر شان سەیسی (چاودێری ئەسپ)

ئەی پاشا (مەبەست سوڵتانە) کەی ڕەوایە

خیانەتکارێکی وەها بکەیتە فەرماندەی سوپای سەرکەوتوو

ئەم تەرەس (گەواد)ە خوێنی ئێمەشی بەفیڕۆ برد و

چۆن ئەم جەنابەتە (کە جۆرە جنێوێکە) فەرمانڕەوایەکی گەورە و گرانی فریو دا

ئەگەر ئەمە بێ پێشڕەوی لەشکری ئیسلام ئەی " شێخ ڕەزا "

خوا کافرانمان بەسەردا زاڵ دەکا

٤٦

(پێنج خشتەکیی خۆی لەسەر شیعرێکی خۆی لەبارەی فەریق عەلی پاشاوە)

واجب اولدی ایدەیم درد دلک اظهـــــــاری

یوقـــســـە دل علتنە منجـــر اولور اضـــمـــاری

صـــالیـــویر زنگنەلری یا گـــری ویر رهواری

ویرەمم باد هوا اسپ صـــبـــا رفـــتـــاری

جـملەء افـاقــە دگـیـشـمم توکـینک بر تاری

---

بری یوزدن مـتـجـاوز بری سـویلر یوز ایمش

بری انصـــافی براقـــمـــازدە دیەر طقـــوز ایمش

بری سویلر بو نەچوق رشوت الور دونگوز ایمش

کیمسه بیلمز عددین بن بیلورم اوتوز ایمش
زنگنه‌لردن النان لیره‌لرک مقداری

---

وعده‌ء تخلیه گوز فصلی ایکن اولدی شتا
گورمدم بویله عجیب وعده‌ء مادر بخطا
یاپدی افسونلری گوستردی فنون شتی
آتمی الدی اوانته ایله مجانا حتی
سایسک صیرتنه‌ده اتمادی بر انتاری

---

ایشی گورمکده جبان اقچه‌یی المقده جسور
نیجه بیک خاطر بیچاره شرندن مکسور
ذات نحسنده ذمائم دیدیگک هپ محصور
نه روادر که قوماندان سپاه منصور
ایده‌سک پادشاهم بویله خیانتکاری

---

دولت و ملته باللّه زیاندر بو ترەس
فتنه‌ء جان بلکه آشوب جهاندر بو ترەس
ایتسه اللهه یمین عینی یالاندر بو ترەس
هم بزم قانمزی ضایع ایدندر بو ترەس
نیجه قاندیردی جنابت قوجه بر خنکاری

---

اگریدر دائره‌ء گردش ایام رضا
ایده‌مز دهر مگر سفله‌یه انعام رضا
یازاماز دولت ایچون عفت و اقدام رضا
بو ایسه پشرو لشکر اسلام رضا
حق بزم اوزره مظفر ایده‌جک کفاری

واتە:

بووە ئەرکم کە دەردی دڵ دەربخەم
ئەگەر نا، شاردنەوەی دەبێتە هۆی دەردەدڵ
یان زەنگنەکان ئازادکە، یانیش دیارییە نێرراوەکان بگەڕێنەوە
تاکە یەک مووی ئەسپی باڕەوتار، هەروەها.. بێ بەرامبەر
بەهەموو ئاسۆگەکان ناگۆڕمەوە

---

یەک دەڵێ لە سەت پتر بووە و یەک دەڵێ سەت بووە
یەکێکیش بە ویژدانەوە دەڵێ نۆ بووە
یەک دەڵێ ئەمە چۆن بەرازێکە، چەند زۆر بەرتیل وەردەگرێ
کەس ژمارەیان نازانێ، من دەیزانم، سی و پێنج بووە
بڕی ئەو لیرانەی لە زەنگنەکان وەرگیراوە

---

کاتی ئازادکردنیان پایز بووە، ئەوە ئێستا زستانە
بەڵێنی وەها سەیرم نەدیوە ئەی دایک خەتابار
جادووەکانی کرد و هونەری جۆراوجۆری نواند
ئەسپەکەمی هەروەها بە هەوانتە تەنانەت بە بەلاش لێ وەرگرتم
تەنانەت ئەنتارییەکی (کە جۆرە جلێکی درێژە) نەخستە سەر شانی سەیسی (چاودێری ئەسپ)

---

لە جێبەجێکردنی کاردا ترسنۆک و لە وەرگرتنی پارەدا ئازا
دڵی چەند هەزار بێچارە بە بەدکاریی شکاوە
هەرچی خراپەیە لە زاتی نەگبەتیدا کۆبووەتەوە
ئەی پاشا (مەبەست سوڵتانە) کەی ڕەوایە
خیانەتکارێکی وەها بکەیتە فەرماندەی سوپای سەرکەوتوو

---

بە خوا ئەم گەوادە بۆ دەوڵەت و میللەت زیانە

ئاژاوەگێڕی گیانە بەڵکو ئاژاوەگێڕی گشت جیهانە ئەم گەوادە
کە سوێند بە خوا دەخوا ئینجا بەڕاستی درۆ دەکا
ئەم تەرەس (گەواد)ە خوێنی ئێمەشی بەفیرۆ برد
چۆن ئەم جەنابەتە (کە جۆرە جنێوێکە) فەرمانڕەوایەکی گەورە و گرانی فریو دا
---
خولگەی سووڕانەوەی ڕۆژگار خوارە ئەی ڕەزا
مەگەر ڕۆژگار بەخشش ناداتە پیاوی نزم و سووک ڕەزا
بۆ دەوڵەت دەستپاکی و ئازایی دەست نادا ڕەزا
ئەگەر ئەمە بێ پێشڕەوی لەشکری ئیسلام ئەی " شێخ ڕەزا "
خوا کافرانمان بەسەردا زاڵ دەکا
---

***

پەراوێزی نووسەر: بۆنەی گوتنی ئەم شیعرەمان لە بەشی " قسە خۆشەکانی شاعیر " دا نووسیوەتەوە (بڕوانە لاپەڕە).

٤٧

(لە بارەی تۆفیق پاشاوە)
باشلادک شعره ینه ایتدی جنونک هیجان
وعدهء وصلی یاقینمی عجبا بادنجان
بینمز گیتدی آظالم ازهجق کس دیلیکی
نرهکزدن چقاررسک بو قدر صاچمه صاپان
عین نظمک گبیدر بلکه دها زمزمهلی
نغمات دبر و خسته و شالواره صیچان
وزن شعرک بیلنور اگری اولان انفکدن
انفکی کسر ایدهرک عبرته دوندردی چبان
سکا انسان دیهمم أی بدالانک بریسی
نیجه انسان دیهیم چونکه سوز اکلار انسان

واتە:

دیسان دەستت بە شیعر کرد، شێتایەتیت هەڵچووەوە
داخۆ کاتی پێگەیینی باینجان نزیک بووەتەوە؟
مێشکمان چوو زاڵم، هەندێ زمانت ببڕە
لە کوێتەوە ئەم هەموو قسە پڕوپووچە دەردەکەی
هەر وەک هۆنراوەکانتن بەڵکو بە ئاهەنگترە
ئاوازەکانی پاشەڵ و نەخۆش و ئەوەی گوو لەناو شەڕواڵ دەکا
کێشی شیعرت لە لووتی گێڕتەوە دەزانرێ
بە شکاندنی لووتی کرییە پەندی پێشینان
ناتوانم بە تۆ بڵێم مرۆڤە ئەی یەکێکی بوودەڵە
چۆن مرۆڤت پێ بڵێم چونکە مرۆڤ لە قسە تێ دەگا

***

پەراوێزی نووسەر: (باینجان) لە دێری یەکەمدا، خەڵکی باوەڕیان وایە کە دەمارگرژەکان کە باینجان پێ دەگا شێتگیرتر دەبن، تۆفیق پاشا لە بارەی بەهرام ئەفەندیی بەڕێوەبەری تاپۆی کەرکووک، شیعرێکی بێ کێش و نارێک دەنووسێ، لە دوادێریدا تانە و توانج لە شێخ ڕەزا دەگرێ، شێخیش ئەم شیعرەی سەرەوەی بۆ دەڵێ.

ئەو دێرە شیعرەی تۆفیق پاشا تێیدا توانج لە شێخ دەگرێ ئەمەیە:

بو بهرامک قارنی اطبا دیر بر بیوک اشک (س.. ی) ایستر
توفیق ! رضایه سویله بو اشگی (س..) بر دها سویلەمم سوز

٤٨

(دیسان لە بارەی تۆفیق پاشاوە)

جهانده وار ایسه بر جانوار توفیق پاشادر
باقک دقت ایدک الله ایچون جای تماشادر

واتە:

ئەگەر لە جیهاندا جانەوەرێک هەبێ
سەیر کەن لێی ورد ببنەوە لە ڕێی خوا جێی تەماشاکردنە

(له بارەی تۆفیق پاشای میرلیواوە)

نسـخـەسی گلدی بکا سـویلدیگک مـدح رؤف
ایچیکه بن دخی بر نسنەیی صـوقـدم دیمه اوف
بطن فـضلکده نـهـان نافـەء حکمت اثار
ینه چیـقـدی قـوقـوسی یعنی ریاح مـألوف
قـوەء شـاعـرەیی شـعـردن اکـلار عـارف
مـثـلا بعـره ایله اولدی اباعـر مـعـروف
ذات والاکـزی مـدح ایتـمگه شـایسـتـه ایکن
بو تنزل یاقـشـرمی سنک ادراککه یوف
بر گنیش حـوصله وار سنده کـه مـاشـاء الله
او گنیش ظرفه صیغار هرنەیی قیلسه مظروف
(شـربت شـعـر بخـور تاکـه رواند باشـد)
(نشـود دفع قـبـوضـیت طبـعت بصـفـوف)
بر سـیـه اژدره بکزر قلم تحـریرک
آچوب اعـزینی ایسـتـرسـه ایدر عـالمی لوف
ایش مـوافق گلەمـز اولماسـه توفـیق رفـیق
نیک و بد جـملەسی اوزەرنده مـوقـوف
تخـتی یاپدیرده چابوق اول بزه گـوندر توفـیق
سن دخی قـاچ غـروشک ایله رضـایه مـصـروف

واته:

ڕوونووسیم پێ گەیی کە لە پێداهەڵدانی ڕەوفت گوتبوو
منیش شتێکم تێ ئاخنی ئۆف مەڵێ
لەناو زگی هونەرتدا شـاراوە بوو ناوکی (کـانگەی بۆن) شـوێنەواری پەند و حیکمەت
دیسانەوە بۆنی دەرچوو واتە ڕەشەبا زانراوەکە

پیاوی زانا هێزی شاعیرانە لە شیعرەوە تێ دەگا
بۆ نموونە بە پشقل حوشترگەل ناسراونەتەوە
لە کاتێکدا شایستەی پێداهەڵدانی زاتی بەرزتان
ئەم خۆ هێنانە خوارەوەیە لە تێگەیشتنی تۆ دەوەشێتەوە، مخابن
حەوسەڵەیەکی فراوانت هەیە تێدا کە ماشاڵڵا
هەرچییەکی ئاخنراو جێی لەو تێدا ئاخنراوە دەبێتەوە
شەربەتی شیعر بخۆرەوە تا سکت بە ڕەوانی دەرچێ
بە سفووف (کە تۆزێکە وەک دەرمان بە کار دێ) قەبزیی خوو و ڕەوشتت لێ لانەچوو
قەڵەمی نووسینت لە ئەژدەرێکی (گیانلەبەرێکی ترسناکی خەیاڵییە) سیا دەچێ
دەمی کردووەتەوە گەر بییەوێ هەموو جیهان قووت دەدا
کار ناسازێ ئەگەر تۆفیق نەبێتە هاوڕێ
چاک و خراپ هەموو بەوەوە پەیوەستە
تەختەکە دروست بکە بە پەلە و بۆمانی بینێرە تۆفیق
تۆش چەند قرووشێک (کە دراوی ئەوسا بووە) بۆ ڕەزا خەرج بکە

٥٠

(دیسان لە بارەی تۆفیق پاشاوە)

یازدیغک صاچمە صپانی بکا اسناد ایتدک
ایتمە توفیق کە لعنت اوقونور مفتری یە
سکا وعد ایلدیگم هدیەلری عرض ایتدم
زوجەکز خانمە شاد اولدی دیدی گل بری یە
قیلدی اظهار فرح پیشکشمدن اما
متکایی چویروب سبحەیی ویردی گری یە

واتە:

ئەو قسە پڕوپووچانەی نووسیبووت و دابووتە پاڵ من
مەکە تۆفیق کە نەفرەت لە درۆهەڵبەست دەکرێ

ئەو دیارییانەی بەڵێنم پێ دایت
پێشکێشی خانمی ژنەکەتم کرد پێی شاد بوو گوتی وەرە پێش
لە پێشکێشەکەم کامەرانیی نواند بەڵام
گۆچانەکەی گل دایەوە و تەزبێحەکەی دایە دواوە (گەڕاندەوە)

٥١

(لە بارەی سەرۆکی دادگەی سزاوە)

دینسـزلگک مـراتبی واردی نهـایتـه
حـرمت نه شـرعـه قـالدی نه احکام آیتـه
دپرشمـه یات امان یاراغم اویله ایتمـه کیم
بر گـون دری ده گـیتسـون الکدن شکایتـه
یوقـسـه جـزا رئیـسی علیـهندەدر سنک
ئەگەر ئێوارەیەک لاق هەڵبکا لەسەر ڕۆخی دیجلەدا
سەرلەبەیانی ڕەخشی ڕەوانی لەسەر لێوی ڕووباری جەیحووندا دەست بە یاری دەکا
ئەو سا ماسیی ناو ئاوە، ئەگەر سەمەندەری ئاژەڵی ئەفسانەیی بچێتە ناو ئاگرەوە

ئەسپی بای ڕەوتاری لە ئاو و ئاگر ناگەڕێتەوە
دلێری ریزە لەشکرشکێنی جەنگاوەرانی چەرکەسن
کە ئەوان خۆبەختکارانی شایەکانی عوسمانییانن
دیسانەوە باس باسی چاکەی چەرکەسان و دوای خۆیانیش نەوەیان
دەبێ مافی یارانی بە نمەک لە بیر نەکرێن
خوایە هەر ڕۆژێکی ببێتە جەژنێک ئەو دادپەروەرە
گەنجینەی شیعرەکانی ڕەزات پێشکێشە، کە پیرۆزبایی دەنوێنن

١٥١

(دیسان لە بارەی یووسف پاشاوە)
گـشت زرینی آلوب بـاشکه دنیــایی طولاش
آتکی هر یره سـور کیمسـه دیمز آتلی یواش
بـارک الله قـــومــــاندان فـــلاطون تدبیـــر
اختـلالک أوکنی آلدی نه أل کسـدی نه باش

واتە:

تەشتی زێڕینت بنێ بە سەر سەرتەوە و بە دنیادا بگەڕێ
ئەسپت بە هەر لایەکدا بڕانە، کەس پێت ناڵێ ئەی ئەسپسوار لەسەرخۆ
خوا پشتیوانت بێ ئەی سەرکردەی ئامادەکاری ئەفلاتوون ئاسایی
بەری لە ئاژاوە گرت، نە دەسێکی بڕی نە سەر

١٥٢

(بە یووسف پاشا ڕاسپاردن)
نه مـشـاق سـفـری چک نەده شـبـخـون أیله
أشـقیـا ایسـتـر ایسن تکیـەیی بـاصـقـون أیله
قـان دوکولکسزین اصـلاحی سکا گوستـرەیم
نرده بر باشی بیـاض وار ایسـه سـورگون أیله

خـارجک تـسـویەسـی صـوکـرەکـی ایشـدر أول
داخـل بلـده اولان دوشـــمـــانـی بیـــرون أیلـه
یوق بیرون أیلمه طوت قرت اولانی عسکره ویر
کنـج ایســه عــبـد فــداکــاریکی مــأذون أیلـه
أل ویـرر هـر ایـشـــه وجـــدان دقـــائـق دأبنک
ایشـی وجـدان ایله گـور فکریکی قـانون أیلـه
إبـتــــدا بـنـدەکــــزی سـن دگـنـک آلـتـنـه آل
صـوکـره باشـقـه ترەسک قلبنـی پر خـون أیله
بغریمی جور إیله خون ایتدی فلک سن ده آنک
بـغـــرینـی تیـغ عـــدالتلـه شـــفـــقگـون أیلـه
بشـیـوز ایت أوچیـوزه تـنزیل اولنان آیلیـغـیمی
حـــــال أولاسـنـه دونـدر دیـمـم أفــــزون أیـلـه
کــثـــرت عـــائـلـەنک غـــائـلـەسـی مـــهلکدر
حــــالـی عـــرضـــەء مـــابـین همـــایون أیـلـه
ســـپـــر تـیـــر بلادر نـفـس شــــیخ رضــــا
بـر زمــــان تجـــربـه ایـچـین آنـی ممنـون أیلـه

واتە:

نە زەحمەتی ڕاگوزاری بکێشە، نە هێرشی شەوانەش ئەنجام بدە
ئەگەر بەدگارێلت دەوێ بەسەر تەکیەدا بدە و بیپشکنە
با پێشانت بدەم بەبێ خوێنڕشتن چاکسازی چۆن دەکرێ
لە هەر کوێیەک سەرسپییەک هەبێ بینێرە تاراوگە
یەکلاکردنەوەی دەرەوە کاری دواییە هێشتا
ئەو دوژمنەی لەناو شاردایە شاربەدەری بکە
نا، شاربەدەری مەکە ئەوانەی پیرن بنێرە بۆ سەربازی
گەر لاویش بێ بەندەی گیانبەخشی مەرەخەس بکە
ویژدان بۆ هەموو کارێک و بۆ نەریتی وردەکاری دەست دەدا

کار بە ویژدان ئەنجام بدە بیرت بکە قانوون
سەرەتا بەندەتان بخە ژێر کوتەک و
دواتر دڵی تەرەسی تر بکە بە خوێن
بە چەوساندنەوە ڕۆژگار جگەرمی کردە خوێن تۆش
جەرگی ئەو بە تیغی دادوەری وەک شەفەق سوور بکە
مووچە مانگانەکەم بکە پێنجسەت کە بۆ سێسەت داگیراوە
وەک پێشتری لێ بکە، ناڵێم زیاتری بکە
خەمی زۆریی خێزان کوشندەیە
بارودۆخم پێشانی فەرمانگەی باڵای شاهانە بکە
سوپەری تیری بەڵایە هەناسەی شێخ ڕەزا
ماوەیەک بۆ تاقیکردنەوە ئەو سوپاسگۆ بکە

***

پەراوێزی نووسەر: شاعیر ئەو یووسف پاشایە دەدوێنێ کە لە پەراوێزی شیعری ژمارە ١٤٩دا ناساندمان، لەم بابەتەدا چوارینەیەکی تری ڕاگەیاندووە کە ڕاسپاردەیەکی تێدایە، خستوومانەتە بەشی داشۆردنەوە (بە ژمارە ١١٩). لە ڕاستیدا ئەم شیعرەش دەشیا بخرێتە ئەوێ، بەڵام لەبەرئەوەی لەمەدا شاعیر بۆ خۆی جۆرە داواکارییەکی لە تەحسین پاشا کردووە و لەبارەی پاشاوە پێداهەڵگوتنەکانی ترمان گشت لێرە دانا، ئەمەشمان لەگەڵ ئەوانەدا بە پێویستمان زانی لێرەی دابنێین.

١٥٣

(دیسان لەبارەی یووسف پاشاوە)
سن أی میرلوا إلهام ربانیله ملهمسک
بیلورسک سر غیبی عالم أسراره محرمسک
بو إستعداد إیله سردار أکرمدن ده أکرمسک
دگل سردار أکرم صدرأعظمدن ده أعظمسک
سکا دیمک سزادر صاحب سیف و قلم زیرا
درایتله أرسطو زور بازوو إیله رستمسک

نگهـبــان رعــيت حــارس دين حــامئ ملت
نظام مملكت آشــايش أحـــوال عـــالمسک
گروه اشـقيـا قـارشـوسنده طوفـان غضب أمـا
رضـا آسـا أولان بيـچـارهلر حـقنده أرحـمسک

واته:

تۆ ئەی میری لیوا بە سرووشی خوایی سرووش پێ دراوی
نهێنیی نادیار دەزانی تۆ هاوڕازی جیهانی نهێنییەکانی
بەم ئامادەییەوە لە سەرداری میهرەبان "ئەکرەم" میهرەبانتری
نەک لە سـەرداری میـهرەبان لە سـەدرئـەعزەم " گـەورەتری سـەرۆک – سـەرەک وەزیران " گەورەتر " ئەعزەمتری ".

ناڕەوایە بە تۆ بگوترێ خاوەن شمشێر و خامە چونکە
بە تێگەیین ئەرستۆ و بە هێزی بازوو ڕۆستەمی
نیگاداری گەل و پاسەوانی ئاین و پارێزەری میللەت
لە ڕێکبوونی وڵات و بە ئاسایشی بارودۆخ دەزانی
بەرامبەر بە گرۆی بەدکاراندا لافاوی تووڕەییت بەڵام
لە بارەی ئەو بێچارانەی ڕەزا ئاسایین بە بەزەییترینی

١٥٤

(داواکاری لە شامل پاشا)

أی جوانمرد جهان حضرت شـامل پاشـا
داور صــــدرنـشـين دائرهء عـــرفــــانده
پارهء ألبـســه خـضــر آغـاى كـولەكـز
ايشـتـه گلدی دونی پرتيق دبری ميـدانده

واته:

ئەی جوامێری هەموو جیهان ئەی شامیل پاشای بەڕێز
ئەی دادخوازی دانیشتووی ئەنجوومەنی وەزیرانی سەرای زانیاری
خدر ئاغای بەندەتان هات جلشڕ و پارچەپارچە
ئەوە هات دەرپێ دڕاو و پاشەڵ بە دەرەوە

١٥٥

(دیسان له بارەی شامل پاشاوه)

ایتدکجه کسب مرحمتک بسط أنامل
انصافک اولور عالمه نامک گبی شامل

واته:

تا پەنجە درێژ و " پان کراوه " بەزەییت بە دەست بخا
ویژدانت لە هەموو جیهاندا وەک ناوت گشتگیر دەبێ

١٥٦

(عەبدوڵلا رۆستەم پاشا حقنده)

دامـــان دلیـــرانەیی بند کـــمـــر ایتـــدک
کـــوه کـــمـــر پشـــدری زیر و زبر ایتـــدک
کـــاشـــانەلری اوج ثریا ایله همـــجـــوش
بر طائفـــهء اشـــراری هم آغـوش یر ایتـدک
تـابـع اولانـی یـرلـریـنـه ایـلـدک اسـکـان
طاغی قـالانی طاغـه سـوروب دربدر ایتـدک
خـیـبـر گـبی بر قلعـهیی آلق دگل آسـان
الله ایچـون أی حـضـرت والی هنر ایتـدک
صف بسـتـهء جنگ أیلیگک عـسکر أوکنده
جـولان ایدەرک ملتـه جـانک سـپـر ایتـدک
قـیلدک فـتنهء یاغـیـهنک أنفنی مکسـور
هپ آنلری مـحکوم بر أدنا نفـر ایتـدک
بیلدیرمک ایچـون سلطنتک شـان و شکوهک
گـوش فلک الأطلسی طوپ ایله کـر ایتـدک
ایرانـی دخی آلق ایدی نیـــتک أمـــا
انصـافـه یاقـیشـماز دیو صرف نظر ایتـدک

اسلوب حكيـمـانه ايشى عـوقـه صـالوردى
تشـهير سـلاح ايله سـوزى مخـتصـر ايتدک
عشق اولسـون أگر بويله ايسـه دوريه چيقمق
چشـم ظفــره جلوه ويرن بر ســفــر ايتــدک
عصـرک گيـديشـى منهج عصـر اوزره دگلدى
فـتــحكله آنى رشک زمــان عــمــر ايتــدک
بر حــمله ايله قـالمادى قـارشــيكده مـبــارز
أى فـارس مـيـدان شـجـاعت نه‌لر ايتـدک
يوزســـورمک أمـــيــــدنده أيدم پايكه أمــا
بخــتم بكا يار اولمادى چاپک گـذر ايتـدک
ياخــود صـاقنور عـادت ايمش شـاه گـدادن
شـــاعــرده گـدادر ديو بندن حــذر ايتـدک
يا باشـقـه سـبـبـدن طولايى شـيخ رضـانک
خـوش گـوكلنى پامـال سـيـاه كـدر ايتـدک

واته:

داوێنی دلێرانەت لەناو پشتێن "کەمەر"تدا توند کرد "بەند کرد"
کێوی کەمەرەی دەڤەری پشدەرت سەرەوژێر کرد
ئەوانەی ماڵیان هاوتای ئەستێرەی گەلاوێژە
برێکی بەدکارانی خستە باوەشی خاکەوە
ئەوانەی دەست و پێوەندی خۆتن، لە جێی ئەواندا نیشتەجێ کرد
ئەوەی زۆردار بوو دەربەدەری سەر کێوەکان کرد
گرتنی قەڵایەکی چون خەیبەر ئاسان نییە
ئەی جەنابی والی پیاو بۆ خوا بڵێت هونەرت نواند
بە هاتوچۆی بەردەمی ئەو سەربازانەی بۆ جەنگ ڕیزت پێ بەستوون
بەم هاتوچۆیە گیانت کردە سوپەر بۆ میللەت
لووتی بڕی دەستدرێژکارت شکاند

هەموو ئەوانەت کردە بەردەستی چەند کەسێک
بۆ ناساندنی شان و شکۆی دەسەڵاتت
بە تۆپ گوێی گەردوونت کەڕ کرد
نیازی گرتنی ئێرانیشت هەبوو لێ
بەوەی لەگەڵ ویژداندا ناگونجێ چاوپۆشیت لێ کرد
شێوەی ژیرانە تەگەرەی دەنایە بەردەمی کار
بە چەک بەرزکردنەوە قسەکەت لە کورتی بڕییەوە
ئافەرین ئەگەر چوونە دەرەوە بۆ خولی مەشق وەها بێ
لەشکرکێشییەکت کردووە بریقەت بەچاوی سەرکەوتن بەخشی
ڕەوتی سەردەم لەسەر ڕێبازی سەردەمانە نەبوو
بەم داگیرکارییەت ئەوت کردە چاوچنۆکیی سەردەمی حەزرەتی عومەر
بە یەک هەڵمەت یەک جەنگاوەرت لە بەردەمدا نەما
ئەی سوارچاکی مەیدانی ئازایەتی چی و چیت کرد
بە تەمابووم ڕوو بە پێتدا بماڵم بەلاَم
بەختم نەبوو بە یار و بە پەلە ڕەت بووی
یان شا خۆی لە هەژار لادەدا
بەوەی کە شاعیریش هەژارە، سڵت لە من کردەوە
یان بە هۆی ترەوە دڵی خۆشی شێخ ڕەزات پێشێلی خەمی ڕەش کرد

***

پەراوێزی نووسەر: شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی لەبارەی عەبدوڵڵا ڕۆستەم پاشای والیی مووسڵەوە، لە بەسەرردادانی عەشیرەتی پشدەردا گوتووە. کە یاخیبوونێکی دەست پێ کردووە. لەژێر ڕوونووسێکی ئەم شیعرە بڵاوەدا دیومە بە زمانی شاعیرەوە ، لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٣١٢ی ڕۆمیدا نووسراوە " پایەبەرزی ویلایەتپەنا کە تەشریفی هێناوەتە کەرکووک، لە بەدبەختیی دوعاگۆیانەم، چونکە شانازیی چاوپێکەوتنی خۆهەڵکێشانبەخش و شانازییانم دەست نەکەوت لە کاتێکدا بەشێوەیەکی نائاسایی کاری لێ کردم، ئەم شیعرە ڕێکخرا کە ئەو بارودۆخە باس دەکا و خرایە بەرچاوی حیکمەتناسی وەزیرانە و پێشکێشیان

کـرا".. شـیـعـری ناوبراوی شـێخ ڕەزا لە کاتـی خۆیدا لـەلایەن مـحـەمـەد حـەمـدی ئەفەندیی هەولێرییەوە کراوەتە پێنج خشتەکی " تەخمیس " کراوە.

١٥٧

(پارچەیەکی مولەممەع لەبارەی موختار بەگی سەرعەسکەرەوە)

شــفــاعــتكلـه اوقـور عـرضـحــالـى سلطان
(شـفــاعت است سـزاور احـمـد مـخـتـار)
مـــحـــالى قلب ايدەجك ممكناتى مكتـــوبه
ايدرســـه خــامــەء مــعــجــز طرازى دركــار
(تو ابر و فـضل و دانش يكى مـشـاهـده كن)
(بخـاک تيـره چه گـونه است ابر گـوهربار)
(تو آفــتـــاب كـــمـــالى و آفــتـــاب ببـين)
(چه گـونه برکـشـد اين روزهاى كم مـقـدار)
(تو سـرو گلشن مـجـدى و سـرسـايه راست)
(على الخصوص كه وقت گل است فصل بهار)
(بشـــاه عــرضـــه گـداى نميــرسـد بازى)
(بجــــور ناظر أوقـــاف مـــرهـم دل زار)
(أگــر أمـــيــد نبــاشـــد بلطف عـــاليــرا)
(چه گونه گفت رضـا شـعرهاى خـوش گفتـار)

واتە:

بە میانبینیی تۆ سوڵتان سکاڵام دەخوێنێتەوە
(هەر میانبینی شایستەی ئەحمەدی هەڵبژاردە "موختارە")
خانەی پەرجووشێوەی ئەگەر بخاتە کار
ئەوەی نابێ نووسراوەکەی دەیکاتە بە دی هاتوو
(تۆ سەیری هەور و چاکە و زانستی کەسێک تەماشاکە)
(کە هەوری گەوهەربار چی لە خاکی ڕەش دەکا)
(تۆ هەتاوی ڕێکوپێکییت و بڕوانە خۆر)

(بە چ شێوەیەک ئەم ڕۆژە بێ بایەخە وەردەگێڕێ)
(تۆ سەرووی گوڵشەنی بەرزییت و ......................
(بە تایبەتی وەرزی بەهار کاتی گوڵە)
(دیسانەوە سکاڵای هەژار ناگاتە شا)
(ببێتە مەرهەمی دڵی زار، بەرامبەر بەدکاریی وەزیری ئەوقاف)
(ئەگەر ئومێد بە چاکەی بەرزییان نەبێ)
(ڕەزا چۆن شیعری خۆشگوتار دەڵێ)

١٥٨

(پارچەیەکی مولەممەع لەبارەی هاتنی کەمالی پاشا بۆ کەرکووک)

(سـالهـا أز سـر إخـلاصـی دعـا مـیکردم)
(کـه خدایا کـره أز کـار ضـعیـفـان بگشـا)
(مـتـصـرف بفـراست أهل دلیـران توی)
(مـتـصـرف بـهمـه کـون مکان کـیف یشـا)
(مـزده آمـدن آصف دوران چـو رسـیـد)
(شـاعـران جـمله فـشـادند بفکـر إنشـا)
آرایوب بـولدی رضــا تام أولـەرق تاریـخی
گلدی کـرکـوکـه سـلامـتله کـمـالی پاشـا

واتە:

چەندان ساڵ لە ڕووی دڵسۆزییەوە نزا دەکەم)
(کە خوایە گرێی کاری لاوازان بکەرەوە
موتەسەڕیفی ئازای خاوەنانی دلێرایەتی تۆی)
دەسەڵاتی بە سەر هەموو لایەکدا هەیە و هەر چۆنێکی بوێ وا دەکا
مژدەیان هێنا وەزیری دەوران گەیشت
شاعیران هەموو دەستیان بە ڕستە ڕێکخستن کرد بە نیازی نووسین
ڕەزا لە مێژووی تەواو گەڕا و دۆزییەوە

کەمالی پاشا بە سەلامەتی هاتە کەرکووک

***

پەراوێز نووسەر: ئەم بەرێزە عەبدولقادر کەمالی پاشایە کە ساڵی ١٣٠٦ی کۆچی بە موتەسەریفی کەرکووک دانراوە.

١٥٩

(لە بارەی فەریق موحسین پاشاوە)

شرح أوصافنه شایان اولەرق بر تعبیر
بولمادم غیر قوماندان قوی التدبیر
حسن تدبیری یتر عسکره محسن پاشا
که فریق أویله ایسه سویله چه حاجت بمشیر
کلک نقاش أزل أحسن تقویم اوزره
محسنک صورت زیباسنی قیلمش تصویر
یا رضا روحنه بر فاتحه یا قبض معاش
وای أگر همت عالیلری أولمازسه ظهیر

واتە:

دەستەواژەیەکی شایەنی لێکدانەوەی پەسنیم
نە دیتەوە جگە لەوەی بڵێم سەرکردەی کارئامادەیەکی بە هێزە
کارئامادەیی باشی موحسین پاشا بەسە بۆ سەربازان
کە فەریق وەهابێ دەبڵێ، چ پێویست بە موشیر هەیە
خامەی نووسەری هەمیشەیی لەسەر چاکترین ئەفراندن
وێنەی ڕازاوەی موحسین کێشاوە..
یان فاتیحەیەک بۆ گیانی ڕەزا، یان مووچەوەرگرتن
وای ئەگەر هیمەتی بەرزیان پشتیوانی نەبێ

١٦٠

(داواکاری لە عەبدولوەهاب بەگ)

قولجیلقلە بر صدیقم بویلە أولسون بهریاب
یا نعم یا لا ثناخوانک رضایە بر جواب
أول صدیقک هر کسە معلومدر أهلیتی
حاشا للە لطفک أیتسون أهل أولانی رد باب
رد باب أولسون دخی رنجیدە أولماز خاطرم
پک قلندر مشربم أی داور عالیجناب
أمر مطلق جناب أکرمکدر داورا
سن بیلورسک هر کیمی أیلرسن إنتخاب
عالی شان عالی نسب عالی همم عالیجناب
آصف ثانی ولی النعمتم عەبدولوەهاب

واتە:

برادەرێکم لە قۆڵچییەتییەوە " پاسەوانی " بگاتە بەهرەی خۆی
یان بەڵێ یان نا، وەڵامێک بە ڕەزای پێتداهەڵدەرەوە بدەرەوە
ئەو برادەرەت بۆ هەموو کەسێک توانای دیارە
حاشا لیللا چاکەت ئەوە ڕەت بکاتەوە کە شایستەیە
ئەگەر دەرگا بە ڕوویدا داخستنیش بێ لێت نارەنجێم
من قەلەندەرانە هەڵکەوتووم ئەی دادوەری پایەبڵند
ئەی دادوەر فەرمانی ڕەها هی جەنابی بەرزتانە
تۆ دەزانی چۆن هەرکەسێک هەڵبژێری
پایەبەرزی بنەچەبەرزی هیمەت ڕێزبڵند
ئەی ئاسەف "وەزیر"ی دووەمی بژێوبەدەستم عەبدولوەهاب

***

پەراوێزی نووسەر: عەبدولوەهاب بەگ ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی لە کەرکووک موتەسەڕیف بووە.

١٦١

(له بارەی کازم پاشاوە)

دولتک صـادقیـسک چوق یاشـا کـازم پـاشـا
کـیمسـه أولماز سکا مـانند و مـعـادل حـاشـا

واتە:

ڕاستگۆی دەوڵەتی، زۆر بژی ئەی کازم پاشا
کەس نابێتە هاوتاو هاوسەنگی تۆ.. حاشا

***

پەراوێزی نووسەر: کازم پاشا زاوای سوڵتان عەبدولحەمید بووە، ساڵی ١٣٢٣ی کۆچی بە پایەی فەریق بە سەرکردەی تیپی شەشەمی سوارەی بەغدا دامەزراوە، دواتر بووەتە موشیر. شێخ ڕەزا لەگەڵ ئەمین فەیزیی هاوڕێیدا سەر لە پاشا دەدەن و خۆی نیودێرە شیعری ناوبراو دەڵێ و ئەمین فەیزی بەگیش دووەم نیوەدێرەکەی دەڵێ.

١٦٢

(شەعبان و ڕەجەب و ئەدهەم پاشا)

بربری آردنجه گلور أشقر و أدهم پاشا
عـالمی قـابلادی شـعـبـان و رجب پاشـا
صـانکی هیچ گلمدی دنیـایه بر آدم پاشا
نه أولوردی أگـر اولسـەیدی مـحـرم پـاشـا

واتە:

ئەشقەر " مرۆی سوورکەلانەی قژ سوور " و ئەدهەم "گەنمڕەنگێکی تێر"پاشا بەدوای یەکدا دێن

شەعبان و ڕەجەب پاشا دنیایان داپۆشی
وەک بڵێی ئەدهەم پاشایەکی تر نەهاتە دنیا
چی دەبوو ئەگەر موحەڕەم پاشا بووایە
تێبینیی وەرگێڕ:

ئەشقەر: مرۆی سوورکەلانەی قژ سوور.

ئەدهەم: گەنمرەنگێکی تێر.

***

پەراوێزی نووسەر: بەپێی ئەوەی عەباس عەزاویی مێژوونووسی ناوداری عێراقی لە کتێبی " مێژووی عێراق لە نێوانی دوو داگیرکاریدا "تاريخ العراق بين إحتلالين" (ب ٨، ل / ١٣٠) دا نووسیویەتی ڕەجەب پاشا لە نێوان ساڵانی ١٣٠٨- ١٣١٦ی کۆچیدا موشیری لەشکری شەشەمی هومایۆن بووە لە بەغدا، شەعبان پاشاش ساڵی ١٣١٦ی کۆچی لە بەغدا بە پلەی فەریقی سەرکردەی تیپی بیست و پێنجەم بووە. لەلایەن ڕەجەب پاشاوە دەگوازرێتەوە، بۆ گەڕانەوەی بۆ بەغدا ئەگەر داواکارییشی پێشکێش کردبێ ڕەجەب پاشا بە تەورییە وەڵامی داوەتەوە و پێی گوتووە: " تا ڕەجەب دەرنەچێ _ بەسەر نەچێ _ شەعبان نایەتەوە ژووری " .. ئەدهەم پاشا کە لە چوارینەکەدا ناوی هاتووە، میر لیوای تیپی دوازدەمی سەر بە لەشکری شەشەم بووە. دوور نییە شوێنەکانی نیوەدێری دووەم و سێیەمی چوارینەکە بە هەڵەی ڕوونووس گۆڕابێ، ئێمە خستمانە بارە کۆنەکەی.

١٦٣

(لەبارەی جەمیل حەقی پاشاوە)

صورت انسانده ممكندر گورولسون جبرئيل
حجتم ذاتكده در نام و نشانك أی جميل
آخرت أنديشەسيله بوزما بزم و عيشكی
رحمت مولا گنيشدر أول جهتدن بن كفيل
گر جهانی آتش آلسون عالمی ياقسون فلك
بر خلل گلمز سكا أی سنده أوصاف خليل
عقل كل بحثنده روح پر فتوحكدر مثال
جوهر فرد اوزره ذات بی بديلكدر دليل

واتە:

جبرائیل هەرگیز لە شێوەی مرۆڤدا نابینرێ

زاتی تۆم بەڵگەیە ناو و نیشانت ئەی جەمیل
بە ئەندێشەی دوارۆژ " ئاخیرەت " بەزم و ژیانت تێک مەدە
میهرەبانیی خوا گەورەیە لەم لایەنەوە من کەفیلم
ئەگەر ئاگر جیهان بگرێتەوە و چەرخی گەردوون دنیا بسووتێنێ
هیچ کەمییەک بە تۆ ناگا ئەی تۆ ئەوەیت کە پەسنی خەلیل "حەزرەتی ئیبراهیم"ت هەیە
لە بارەی ئاوەزی گشت " عقل کل " نموونە گیانی پڕ داگیرکاریتە " فتوح "
لەسەر " گەوهەری یەکتا " بەڵگە زاتی بێ جێگرەوەتە

***

پەراوێزی نووسەر: لە نێوانی سالانی ١٣١٥ – ١٣١٦ی کۆچی جەمیل پاشا لە سەنجەقی کەرکووک موتەسەریف بوو. ئەوەی لەم شیعرەوە تێ دەگەین کە نازناوی تێدا نییە دەبێ شیعرەکە درێژتر بووبێ و هەر ئەوەندەیمان دەست کەوتووە.

١٦٤

(لە بارەی فەرید بەگی کوڕی جەمیل پاشاوە)
روز دار هجـــرتم شـــام وصـــالک بکلرم
شـــربت افطار ایچـــون عناب آلک بکلرم
خامەء معجز أثر بیلمم نه انشاد أیلدی
منشئ جادو سنمار سحر حلالک بکلرم
صدره تکلیف أیلمه أی داور أکرم بنی
خـاکـپـایم بندەکـز صف نعـالک بکلرم

واتە:

ئەی ڕۆژیبەخشی دابڕانەوەم، چاوەڕێی نانی ئێوارەی بە یەکگەیشتنەوەت دەکەم
بۆ خـواردنەوەی ڕۆژووشکاندن " یان نانی بەیانی " چاوەڕێی عـینابی ئاڵتم "عیناب میوەیەکی وەک گێوژ، بەڕەنگ سوورە "
خامەی کاریگەری پەرجۆیی نازانم چیی چڕی
ئەی نووسەری جادووی سینیممار، چاوەڕێی جادووی حەلاڵتم

کاری من تەکلیفی سەدرئەعزەم مەکە ئەی دادوەری میهرەبان
من خاکی پێ و بەندەتانم چاوەڕێی ڕیزی سۆڵەکانتم..

***

پەراوێزی نووسەر: شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی، وەک لە شیعری پێشوو و پەراوێزەکەیدا باس کراوە، فەرید ئەفەندی کە کوڕی جەمیل حەقی پاشای موتەسەریفی کەرکووک بووە بە ڕێزەوە پێشوازیی لێ کردووە و واتە لە کۆڕیدا چوونە سەرەوە و دانیشتنی لێ داوا کردووە سەرزارەکی ئەم شیعرەی گوتووە.

١٦٥

(لەبارەی سەید عەبدولسەتار ئەفەندیی نەقیبولئەشرافی کەرکووکەوە)

حاجت مؤمنلری برجا ایدن سردار اولور
جام وحدتدن همیشه مست اولور خمار اولور
خالصا لله ایچون غیرت کش أفعال أیلین
دشت معناده حقیقت اوزره اول سیار اولور
بو صفاته متصف بو گونده کیم اوله مگر
ملت و دینه فدائی شیخ عبدالستار اولور
یوزلر ایله کیمسەلر چوق یاپدی رتبه هم معاش
کار خیر ایله مؤمن حضرت جبار اولور
شبهەسز مقصودینی أیلر أسیر حاج شیخ
عون حقله چوق زمان جاه ایله ذاتی وار اولور

واتە:

ئەوەی پێویستیی ئیمانداران جێبەجێ بکا دەبێتە سەردار
بە جامی یەکتا، هەمیشە مەست دەبێ و خومار دەبێ " خومار: سەرسامیی دوای سەرخۆشی "
پاک لەبۆ خوا بە کردەوە ڕەنج بدا
لە دەشتی واتادا لەسەر ڕاستی دەبێتە گەڕۆک
ئەمڕۆکە ئەم پەسنانە لە کێدا هەیە، مەگەر

لای خۆبەختکەرەوەی بۆ میللەت و ئاینی وەک " شێخ عەبدولسەتار "
بەسەتان کەسی بە پایە و مووچەخۆر کاریان ئەنجام داوە
حەزرەتی جەبار بەکاری چاکەوە دڵنیا و پارێزراو دەبێ
بێگومان مەبەستی دێنێتە دی و بە دیلی دەگرێ حاجی شێخ
بە یاریدەی خوا سەردەمێکم زۆر بە پایە و پلەوە بەردەوام دەبێ

***

پەراوێزی نووسەر: ئەم شیعرە بۆ یەکەم جار لە ژمارەی تەمووز – ئەیلوولی ٢٠٠١ی کۆواری " قارداشلق " دا کە لەلایەن وەقفی کەرکووکەوە لە ئەستەمبوڵ دەرچووە، لەگەڵ بەسەرهاتی شاعیردا بڵاو کراوەتەوە.

١٦٦

(ملوک آل عثمان)

علو همتمدن سرفرو ایتمم فریدونه
تنزل أیلمز طبع بلندم سقف گردونه
دعا گوی ملوک آل عثمانم بویون أگمم
مگر باش کاتب دیوان مابین همایونه
مرادم تکیهء محلولهسیدر شیخ باقینک
طوررکن بندهکز جائزمیدر توجیهی مادونه

واتە:

لە هیمەت بەرزیم، سەر بۆ فەرەیدوون دانانەوێنم
سروشتی بڵندم بۆ گەردوون ناهێنمە خوارێ
نزاگۆی عوسمانییانم، مل کەچ ناکەم
مەگەر بۆ نووسەری دیوانی فەرمانگەی شاهانە
مەبەستم تەکیە هەڵوەشێنراوەکەی شێخ عەبدولباقییە
کە بەندەتان وەستابێ، دەکرێ بیدەنە دەست یەکێکی نزمترەوە

***

پەراوێزی نووسەر: شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بە تەلگراف بە سەدرئەعزەم یان بە

سوڵتان بە مابەینی هومایۆن ڕاگەیەنراوە. (مابەینی هومایۆن) لە سەرای پاشادا فەرمانگەی میوانخانە بووە. شاعیر بەم شیعرە لە سەرا پاڕاوەتەوە کە لە شێخایەتیی تەکیەی شێخ باقیدا دامەزرێنرێ کە لە گەڕەکی شاتورلوودایە و شێخی نەبووە.

١٦٧

(لە بارەی محەمەد فازڵ پاشاوە)

حیدر و قلعە کشا آصف إقلیمستان
نیر أعظم برج الاسد داغستان
نیم بازوی دلیرانەلرندن تترەر
کندیسی خطەء زوراده ایکن هندستان

واتە:

حەیدەر و قەڵا گرتن، وەزیری هەرێمستان
ڕووناککەرەوەی هەرە گەورە کەلووی شێری داغستان
کە خۆی لە کیشوەری بەغدادا بێ
هیندستان نیوبازووی دلێرانەی ببینێ دەکەوێتە لەرزین

***

پەراوێزی نووسەر: ئەم زاتە محەمەد فازڵ داغستانیی فەریقی یەکەمە کە ساڵی ١٣٢٧ی کۆچی کراوەتە والیی ویلایەتی بەغدا.

١٦٨

(تاک دێر)

دلجە دریای حکم کیفجە یم و بحر إحسانش
الله الله نە بیوک والیء عالیشانش

واتە:

بە دڵ دەریای پەند و حیکمەت، بە کەیف دەریایی چاکە
ئەڵڵا ئەڵڵا چەند والییەکی پایەبڵندە

(له بارەی مەجید پاشای بابانەوە)

مـــدنیت ایکینجی عنقـــادر
اوده بر إسم بی مـــســـمـــادر
مـــدنیت مکارم أخـــلاق
بذل و إحسان و فضل و تقوادر
معرفت صقال اوزاتمق ایسه
برز أخـــفش حکیم و دانادر
سر و دستاردن عبارت ایسه
جحش قاضی ده ابن سینادر
صــورت مادەدن کنایت ایسه
آدم و إبلیس حـــیـــه و حـــوادر
گر عبادت حجازە گیتمک ایسه
خـــر صـــوفی ده حاجی بابادر
حـــسن أوصـــافی اولمایان آدم
شکل آدمـــده بر مـــقـــوادر
شخص کامل أگر بولنسه بو گون
مرحمتلو مجید پاشادر
دودمـــان ملوک بابانـدن
قـــالمه بر شـــمس عـــالم آرادر
دست گوهرفشان غبگەء کان
کف إحـــســـانی رشک دنیـــادر
دستی اول دسته بکزەمز که دیدم
حلی مـــشکل اولان مـــعـــمـــادر
منت ایتمز جهانی ایتسه نثار
همـــتی تا او رتبـــه بالادر

شــعــره قــارشــو أقـل جـائزهسی
یـا اوتـوز یـا یـگرمـی لـیـــــرادر
جـیبـه گـیـرمـز مـحـاسن شـیـمی
مــــاه تـابـان گـــــبـی هـویدادر
وعـــــدهء جـــــود حــــاتمانهلری
رســــــتــــــهء إنـتـظـار فـــــردادر
بـزه إکـــــرام منعـــــمـــــانهلری
اسـکــیـــــــــــــدن ارث آبـادر
دولـتـی وقـف و ثـروتـی مـــبـــــذول
نعــمــــتـی ســائلنه یغـــمــــادر
سـاحـهء مـدحنی مـسـاحـه ایدهن
کلک تحــــریر هـرزه پیــــمـــــادر
ســـر فـــرو قـــالمش انفـــعـــالندن
خــــاک خـــجلت یوزنده پیـــدادر
جــاه و إقــبـــال و عــزتک برجـــا
اولـه تـا کـــــائـنات برجـــــــادر
داورا هـمــــتک دریغ ایتـــــمـــــه
مــقـصــدک گــر رضـای مــولادر

واته:

شارستانی سیمرخی دووهمه
ئەویش ناوێکی بێ ناو لێ نراوە
بەرزییەکانی شارستانی ڕەوشتبەرزییە
بەخشینی چاکە و پیاوەتی و لە خواترسانە
زانست ئەگەر ڕیش هێشتنەوە بێ
بزنی ئەخفەشیش زانا و دانایە (لە تورکییە دا- برز- دەبێ- یز- بێ)
ئەگەر لەسەر و مێزەری دەستارئاسا پێک هاتبێ

کەری قازیش "ئیبن سینای" یە
مەبەست لە درکە وێنەی مادی بێ
ئادەم و ئیبلیس مار و حەوایە
ئەگەر خواپەرستی چوونە حیجاز بێ
کەری سۆفیش حاجی بابایە
پیاوێک پەسنی چاک نەبێ
مقەبایەکی بە شێوە مرۆڤە
ئەگەر کەسی بێ کەموکووڕی هەبێ ئەمڕۆ
مەجید پاشای بە بەزەییە
خۆرەتاوێکی جیهانڕازێنەوەیە
لە بنەماڵەی شاهە بابانەکانەوە ماوەتەوە
دەستی گەوهەر بەخشی، شادیی کانە
مستی چاکەی جێ ئێرەیی هەموو جیهانە
دەستی لەو دەستە ناکا کە گوتم
ئەو مەتەڵەیە وا هەڵهێنانی " کردنەوەی " زەحمەتە
منەت ناکا ئەگەر هەموو دنیا ببەخشێ
هیمەتی تا ئەو ڕادەیە بەرزە
پاداشتی هەرە کەمی بەرامبەر شیعر
یان سی یان بیست لیرەیە
خووە چاکەکانی ناچێتە گیرفانەوە
وەک مانگی تابان ئاشکارە
بەڵێنی خواردەییە "حاتەم" انەکەی
ڕستەی چاوەڕوانیی سبەینێیە " هی ئەوە نییە بڵێ چاوەڕێی سبەینێ بکە "
ئەو بەخشینە دەستڕۆیانەی
لە کۆنەوە بۆماوەی لە باو و باپیرانەوەیە
سامانی وەقفی گشتییە و بە هەموو کەس دەبەخشرێ

بژێویی بۆ ئەوەی دەیەوێ تالآنە
ئەوەی نیازی پێوانی گۆڕەپانی پێداهەڵدانەوەی بکا
ئەوە خامەیەکیە لە هیچە دەگەڕێ و لەبەر بەرینیی گۆڕەپانەکە هیچی پێ ناکرێ
سەر بە نەوییەتی ماوەتەوە لەبەر هەڵچوونی
خاکی شەرمەزاریی لە ڕوودا دیارە
تا بوونەوەران بەردەوامن
پایە و دوارۆژ و ڕێزت هەر بەردەوام بێ
ئەی دادوەر، درێغی مەکە لە هیمەتتدا
ئەگەر مەبەستت ڕەزای خوابێ

١٧٠

(لە بارەی فەیزی بەگەوە)
أستاد سخن پیر سخن میر سخنسک
خلاق معانی دنیلن وار ایسه سنسک
أی کان کمالات فیضی أفندی
مجموعهء خلق حسین خلق حسنسک

واتە:
مامۆستای قسە و پیری قسە و میری قسەی تۆ
ئەگەر کەسێ هەبێ ئەفرێنەری واتای پێ بگوترێ تۆی
ئەی کانی چاکە و ڕێکوپێکی فەیزی ئەفەندی
کۆمەڵە ڕەوشتی حوسەین و ڕەوشتی حەسەن لە تۆدا کۆبوونەتەوە

***

پەڕاوێزی نووسەر: ئەمین فەیزی بەگ کە یەکێک بووە لە خۆشەویستانی شێخ ڕەزا ساڵی ١٣٠٨ _ ١٣٢٧ ی ڕۆمی لە لەشکری شەشەمی بەغدادا قۆڵ ئاغاسێتی و قایمقامیی کردووە. لە ساڵی ١٣١٨ی ڕۆمییەوە تا مردنی شێخ زوو زوو چووەتە کۆڕی شێخ لە تەکیەکەیدا. خۆی بە ڕەسەن خەڵکی سلێمانی و کوڕی دەروێش ئاغایە، ساڵی ١٢٧٨ی کۆچی، ١٨٦١ ی زاین لەدایک بووە. لە سەربازیدا

پێشکەوتووە و بە پلەی میرالایی بووەتە سەرکردەی ئالای تۆپچیی مووسڵ. لە ٢٥ی زیلقیعدەی ١٣٤٧ی کۆچی، ٦ ی مایسی ١٩٢٩ ی زاین لە ئەستەمبوڵ مردووە. لە زمانی تورکیدا نووسەرێکی بەهێز و شاعیرێکی بەبایەخ بووە. بەشێکی لە شیعرەکانی بە ناوی "شوعاعات"ەوە کۆ کردووەتەوە. لە بنچینەدا دەستەواژەی " خلاق معانی " ئەوەی لە شیعرەکەدا هاتووە. ناونیشانێکە بە کەمال ئەسفەهانیی شاعیری ناوداری ئێرانی دراوە.

١٧١

(بۆ ئەمین فەیزی بەگ)

کعبهء دل گبی بر طور تجلیک وار
سندەدر منزل مقصود حجازە گیتمە

واتە:

چیای تووری خوا لێ دەرکەوتنی وەکو کەعبەی دڵت هەبێ
شوێنی مەبەست لەلای خۆتە مەچۆرە حیجاز

***

پەراوێزی نووسەر: ئەمین فەیزیی هاورێی شێخ رەزا لە ٢٨ی تشرینی ١٣٢٠ی رۆمی نیازی چوونە حیجاز دەردەبرێ شێخ پێی دەڵێ: حەج بۆ تۆ فەرز نییە، مەچۆ، لەسەر ئەوە ئەمین فەیزی ئەم دێرە شیعرە دەڵێ:

مقصدک خالق ایسە خلقە نیازە گیتمە
أملک عشق حقیقی ایسە مجازە گیتمە

واتە:

مەبەستت ئەگەر خوای ئەفرێنەرە بۆ نیاز مەچۆرە لای خەڵکی
ئومێدت گەر عیشقی حەقیقی " ئەوینی راستەقینە " بێ مەچۆ بۆ خواستە "مەجاز "

لەسەر ئەمە شێخ رەزاش بەو دێرەی سەرەوە وەڵامی ئەمین فەیزی دەداتەوە.

١٧٢

(چوارینه)

أدهم چاپک قـرارم خـامــەمـی تحـریکدن
عاجزم چیقمق نەممکن عهدیکی تبریکدن
توتیـا آسـا غـبـار مـقـدمک رفع أیلدی
پردەء ظلمــات هجــری دیدەء نمناکــدن

واتە:

ئەدهەم: بڕیاری بە پەلەم لە جووڵاندنەوەی خامەم
ئەوەیە کە دەستکورتم، ناتوانم لە بەرپرسیارێتیی پیرۆزباییت دوا بکەوم
تووتیای تۆزی هاتنەوەت پەردەی تاریکیی دووریتی
لەسەر چاوی نمناکمەوە لابرد

١٧٣

(لە بارەی فەرید ئەفەندییەوە)

نائب روشـن دلی هجـو أیلەین مـعـذوردر
یاندیغندن زشت رو آیینەیی تقبیح إیدەر

واتە:

ئەوەی نوێنەر " نائیب " دادەشۆرێ بیانووی لێ وەردەگیرێ
ڕوو دزێو لە داخان ئاوێنە بە دزێو دادەنێ

***

پەراوێزی نووسـەر: شـێخ ڕەزا پێشـتـر سێ داشـۆردنی بۆ ئیبراهیم ئەفـەندیی نائیـبی کـەرکـووکی نووسـیـوە کـە دەقـەکـانیـمـان بە ژمـارە (٥٤، ٥٥، ٥٦)ەوە چەسپاندووە، دوای ئەوەی لەگەڵیدا ئاشت بووەتەوە ئەم دێرە ورشەدارەی بابەتی باسەکەی بۆ نووسیوە.

١٧٤

(تاک)

ایستەسە أیلر ستایش ایستەسە ایلر هجا

لاأبالیـــدر رضـــانک مـــشـــرب رندانەسی

واتە:

بییەوێ پێدا هەڵدەدا، بشیەوێ دادەشۆرێ

پەروەردەی ڕەندانەیە ڕەزا گوێی ناداتێ

١٧٥

(چوارینە)

أی یار مـهـربـان سکا نا مـهـربان دیدم

خلط أیلدم خطادە بولندم یالان دیدم

منع نگاە تیـرە أیدر شـعـاع مـهـر

مـقـدور آسـمانە أگـر ریسـمـان دیدم

واتە:

ئەی یاری میهرەبان بەتۆم گوت نامیهرەبان

نابەجێییم کرد هەڵە بووم درۆم کرد

تیشکی خۆر ڕێ لە بینینی ڕەش دەگرێ

ئەگەر ڕێسمانم بە پایە پێ بەخشراوی ئاسمان گوتبێ

١٧٦

(پێداهەڵدانی مەلای گچکە و داشۆرینی ئەبولهودا)

بـو شـــفـق کـــیم فلگک لکەء دامـــانیـــدر

پایمال ایتـــدیگی مظلوملرک آل قـــانیـــدر

آە مظلوم نســـیم و چمن مـــفـــخـــرتی

دهن زخـم جگر غـنچـــــەء خندانیـــــدر

مطلع جـدی چراگـاه حـمل خـانهء پور
بر طاقم جـانورک عـرصـهء جـولانیـدر
اوستنه قونمش أسد صیرتنه بینمش سرطان
روز و شب ملعـبـهء عـالم حـیـرانیـدر
گـر بو وحـشـیلک ایسـه نطفـهء آباء فلک
مـدنیت صـفت غـول بیـابانیـدر
گچ بو إقـبال جـهاندن نه سعـادت اومولور
بو بنادن کـه سـتم أعظم أرکـانیـدر
بر بوقک گوگسنه جوهرلی نینشانلر دیکیلور
کـه فـلان مملکتک قـوجـه قـومـاندانیـدر
بر اوصـورغـانی ایدر پوست نشین إرشـاد
صـانکه ویس القـرهنک زبدهء أقـرانیـدر
بوالهـدا کلب حلب مـخلص ناپاکی ایکن
شـمـدی شـیخ الوزرا طرهء عنوانیـدر
بویله مـحـصـول زنا خـائن مـادر بخطا
رخنهجـوی نسب حـضـرت گـیـلانیـدر
بو گـبی ایشلری چوقـدر فلک سـفلهنواز
ایسـتـهمـز هر نه ادی شـیـمـهء إنسـانیـدر
أصل إنسـان دیدیگک جـوهر نایاب أگـر
أولسـه أربیلدهکی عـلامـهء ربانیـدر
حـضـرت حاجی عـمـرزاده کوچک ملا کـیم
مـایهء کـسب غنا سـایهء إحـسـانیـدر
کـیـمـیـا ممکن إیسـه حـاصل فـیض نظری
جـام جم وار إیسـه آینهء وجـدانیـدر
إبن سـینا گـبی چوق عـالم حکمت کـسـتـر
سـبق آمـوخـتـهء مکتب عـرفـانیـدر

نامە پیرای حکم خامەء معجز أثری
چهرە پرداز کرم دست زرأفشانیدر
مظهر صدق و صفا آینەء ناصیەسی
مطلع شمس و قمر چاک گریبانیدر
حسن رخسار دل آراستە ماشاءالله
صانکە بر دستە گل روضەء رضوانیدر
خرقەپوشاندر خانقاە إرشادی
إیریشوب هر بری بر خواجەء فرقانیدر
چونکە تعظیم ثنادن صوکرە تقدیم دعا
نزد أرباب سخن شرط سخندانیدر
قالدیروب درگە مولایە رضا دست نیاز
بر دعا أیلە هنگام دعاخوانیدر
مهر إقبالی جهانگیر أولە تا مهر منیر
بو رواق فلکک زینت أیوانیدر

واتە:

ئەم شەفەقە، کە لکەی داوێنی گەردوونە
خوێنی ئاڵی ئەو چەوساوانەیە کە پێشێلت کردن
ئاخی چەوساوە شەماڵ و چیمەنی شانازیی
دەمی زامی جگەر غونچەیی خەندانییەتی
هەڵهاتنی بزن و چراگای کارژۆڵە خانەی گا
گۆڕەپانی جووڵانەوەی تاقمە جانەوەرێکە
شێر بەسەریدا نیشتووە و قرژاڵی لەسەر شاندایە
ڕۆژ و شەو یاریگەی جیهان سەرسامیەتی
ئەگەر ئەم نەزانییە بێ تۆوی باوانی گەردوون
شارستانی پەسنی درنجی بیابانانە
لەم داهاتووەی جیهانە گەڕێ چ کامەرانییەکی لێ ئومێد دەکرێ

لەم بنیاتەی کە ستەم گەورەترین کۆڵەکەیەتی
نیشانە و مێدالیای بە گەوهەر دەکرێتە سەرسینگی گوویەک
کە سەرکردەی مەزنی فلانە ولاتە
ترکەنێک پۆستی ڕێشاندەریی دەدرێتێ
وەک بلێی کاکڵەی هاوەلانی وەیسولقەرەنییە
بولهودای سەگی حەلەب کە نازناوی ناپاک بوو
ئێستاکە ناوونیشانی شێخی وەزیرانی بە تووڕەیە
وەها بەرهەمێکی زینا ناپاکی دایک خەتاکردوو
دەگەڕێ ڕەسەنی گەیلانی ڕەخنەدار بکا
دەورانی نزمپەروەر کاری لەم جۆرەی زۆرن
هەرچی ناوی ڕەوشتی مرۆڤانە بێ ئەم نایەوێ
ڕەسەنی مرۆڤ گەوهەری نایاب ئەوەی کە دەیلێی
ئەگەر هەبێ ئەو فرەزانای خواییە وا لە هەولێرە
بەڕێزی کوچوک موللا " مەلای گچکە "ی کوڕی حاجی عومەرە
مایەی بەدەستخستنی دەوڵەمەندی سایەی چاکەیەتی
ئەگەر کیمیا بشێ، بەرهەمی هەڵچوونی ڕوانینیەتی
جامی جەم گەر هەبێ ئاوێنەی ویژدانی ئەوە
گەلێک زانای حیکمەت بڵاوکەرەوەی وەک ئیبن سینا
لە قوتابخانەی زانستیدا پێشبڕکێی فێربوونیەتی
نامە ڕازێنەوەی حیکمەتان خامەی بەرهەم پەرجۆ
ڕێکخەرەوەی شێوەی خواردەیی دەستی زێربەخشیەتی
دەرخەرەوەی ڕاستی و ڕوونی ئاوێنەی نێوچاوانیەتی
جێ هەڵهاتنەوەی خۆر و مانگ چاکی داوێنیەتی
جوانیی ڕوخسار، دڵی ئاراستەی، ماشاڵڵا
دەڵێی دەستە گوڵێکی باخچەی خواییە
خانەقای ڕێنیشاندەری خەرقەپۆشە

هەر یەکێکیان مامۆستایەکی قورئانی پیرۆزە
چونکە دوای گەورە ڕاگرتنی پەسن نزاپێشکێشکردن
لەلای قسەزاناندا مەرجی قسەزانییە
دەستی بۆ دەرگای خوا بەرز کردووەتەوە ڕەزا
بە نزایەکەوە چونکە کاتی نزاخوێندنەوەیە
خۆری دوارۆژی جیهانگیر دەبێ تا خۆری رووناک
ئەم ڕارەوە ئارایشی هەیوانی گەردوونە

***

پەراوێزی نووسەر: سەرەتای ئەم شیعرەی شێخ ڕەزا کە لە بواری داشۆردنەوەدایە لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەمەشدا ئامانجی سەرەکیی شاعیر نووسینی پێداهەڵگوتنە بۆ ئەبوبەکر ئەفەندیی حاجی عومەر ئەفەندیی گەورە زانای هەولێریی بە مەلای گچکە (كوچك ملا أفندی) ناسراوە و لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٢دا کۆچی دوایی کردووە، تەواوی شیعرەکەمان لێرە، واتە لە بەشی پێداهەڵگوتنەکاندا دانا.. ئیبنولئەمین مەحموود کەمال، لەبارەی ناونیشانی شەیخولوزەرا "شيخ الوزراء"ەوە کە لە شیعرەکەدا هاتووە، دەڵێ: "وەک مەبەستی شاعیر شەیخولوزەرا پۆستنشینانی پایەی شێخی وەزیران ناگەیەنێ. ناونیشانێکی فەرمییە بە کۆنترینی وەزیران گوتراوە. بۆ لابردنی ئەم لێتێکچوونە "وزرا"م کردە "عظما" .. ئەبولهودا کە لە سالآنی ١٢٦٦ – ١٣٢٨ی کۆچی، ١٨٤٩ – ١٩٠٩ ی زاین ژیاوە، بەپێی ئەو وەقفنامەیەی ٢٤ی زیلحیجەی ١٣١٩ ی کۆچییەی تەکیەی ڕیفاعیی قەڵای کەرکووک کە دیومە، ناونیشانی تەواوی بەم شێوەیەیە: " الشيخ محمد أبوالهدی بن الشيخ حسن النقيب السادة آل خزام الصّيادي الرّفاعي الحسيني ثم الخالدي أحد أعاظم صدور روم إيلي " واتە: " شێخ محەمەدی ئەبولهودای کوڕی شێخ حەسەنی نەقیبی سەیدانی خوزام زادەی سەییادیی ڕیفاعیی حەسەنیی ئینجا خالیدی، یەک لە مەزنانی سەدرانی ڕوومێلی.. وەکو زانراوە پایەی " سەدری ڕوومێلی " بەرامبەر بە پایەی وەزیرایەتییە، لە ڕێبازی ئاینیدا بە بەرزترین پایە ژمێرراوە کە لە دوای پایە (مەقام)ی (شێخی ئیسلامەتی)یەوە هاتووە. ئەوەی گەییوەتە ئەم پایەیە ئەگەر لە

سەربازییەوە بووبێ بە ناوونیشانی موشیریێتی بە ناوی " قازی عەسکەری رووملی " دەناسرا.. شێخ رەزا داشۆردنەوەیەکی تری ئەبولهودای هەیە ئەوەمان لە بەشی داشۆردنەوەکاندا بە ژمارە ١٢ دامان ناوە.

١٧٧

(دیسان لەبارەی مەلا ئەفەندییەوە)

سنک تک عالم غرا جهانده وارمیدر؟ کلا!

سکا سوء نفسدن حفظ إیچون دیرلر کوچک ملا

واتە:

زانای خاوێنی سپیی وەک تۆ لە جیهاندا هەیە؟ نەخێر

لەبەر چاوەزارە بە تۆ دەڵێن مەلای گچکە

***

پەراوێزی نووسەر: ئەم دێرە، لەبارەی ئەو مەلا ئەفەندییەوەیە کە لە پەراوێزی شیعری ژمارە ١٧٦دا باسمان لێوە کردووە، ئەمە سەرەتای شیعرێکی دوور و درێژی شیعرێکە لە کاتی خۆیدا شێخ رەزا گوتوویەتی. بەشەکەی ترمان نەبینیوە.

١٧٨

(تاک)

ثناخوانک رضا أولدقچە بد خواهک ظفر بولماز

رضای طالبانی بر قضای ناگهانیدر

واتە:

تا رەزا چاکەژمێرت بێ بەدویستانت سەرکەوتن بەدەست ناهێنن

رەزای تاڵەبانی قەزاوقەدەرێکی کوتوپڕە

***

پەراوێزی نووسەر: ئەم دێرەی لە جێی ترمان نەبینیوە، لەو بەشەی فەرهەنگی "لغت ناجی"یەدا کە لەلایەن عیسمەت ئیبراهیمی موستەجابی زادەوە تەواو کراوەدا لە بابەتی " ناگهانی " ی ل ٧٦٢ دا دانراوە.

١٧٩

(لە بارەی حەکیم عزەت بەگەوە)

خــســتــەلر باشنە تکمــیل نفــســدن أول
گلسە عزت بگ أولور رجعیتە مجبور أجل
گلمــدی عــالمە گلمــز دخی بر بویلە حکیم
حکمت أندوز شــفــاخــانەء أســتــاد أزل
ید بیــضــای تداویسنە لقــمــان حــیــران
فکر بقــراط زبون عــقل فــلاطون مــخــتل
حکمت ســد سکندر کــە مــیــداندە إیکن
رخنە ویرمــز بدن خــســتــەیە یأجــوج علل
عــزتک وصــفی توکنمــز چنە چالمق نە لازم
صوص رضا چونکە سوزک أحسنی ماقل ودل

واتە:

بەر لە کۆتاییهاتنی هەناسەی نەخۆشان عزەت بەگ
بگاتە سەریان ئەجەل ناچارە بگەڕێتەوە دواوە
نە دوکتۆرێکی وەها هاتووەتە جیهانەوە و نە دێتیش
حیکمەت وەدەستهێنی خۆش بوونەوە، خانەی مامۆستای هەمیشەیی
لوقمان حەیرانی دەستی سپیی تیمارکردنیەتی
بیری بوقرات زەبوون و ئاوەزی ئەفلاتوون تێک چووە
حیکمەتی بەنداوی ئەسکەندەر کە لە مەیداندایە
یاجووج و ماجووج ناتوانن ڕەخنە بخەنە تەنی نەخۆشەوە
پەسنی عیزەت کۆتایی نایێ چەنەبازیی بۆ چییە
ڕەزا وس بە چونکە باشترینی قسە کورتترین و بە واتاترینیانە

١٨٠

(کۆچی دوایی حاجی عومەر)

حجدن گلوب گچیندی
تاریخ إیچــون دنیلدی
بــاغ جــنــانــه أنــدی
حاجی عومەر ئەفەندی

واتە:

لە حەج گەڕایەوە کۆچی دوایی کرد
بۆ مێژوو گوترا
بۆ باغی بەهەشت چووە خوارێ
حاجی عومەر ئەفەندی

***

پەراوێزی نووسەر: حاجی عومەر ئەفەندی باوکی عەبدوڵڵا سافی و عەبدولمەجید بەگی یەعقووبییە لە کەرکووک. لە نێوانی ئەم بنەماڵە تورکمانە و تاڵەبانییەکاندا پێوەندیی ژن و ژنخوازی هەیە. (ڕەحمە خان)ی هاوسەری شێخ ڕەزا لەم بنەماڵەیەیە. لەلایەکی ترەوە هاوسەری شێخ حەبیب تاڵەبانیی سەرۆک شارەوانیی پێشووتریش خوشکی مستەفا بەگی یەعقووبی بووە. مێژووی گەوهەرداری شیعرەکە بە پێی ژمارەی ئەبجەدی ١٣١٨یە.

١٨١

(مێژووی سەر کێلەگۆڕی جەمیل ئەفەندیی یەک لە خانەدانانی بەغدا)

آغلەیک مــــاتم إیدک مملکتک أعــــیـــانی
گــیـردی طوپراغـه بوگـون بلدەکزک أرکـانی
حــانث أولمام أگـر ایتـسم دخی اللهــه قــسم
شــهــر بغـدادک إیچـینده یوق إیدی أقـرانی
أویله بر عــالیــجناب إیدی نظیــری نابود
شــهـرتی آنک إیچـون طوتمش إیدی هر یانی

نیجـه قـان آغـلامـهسـون عـائلهسـی خلقی آنک
أو إیدی جـمـلهسنک مـفـتـخـری سلطانی
مـرحـمت أیله إلهی أو جـمـیل الشـیـمـه
روز مـحـشـرده دخی أیله مـعـزز آنی

واته:

بگریێن پرسه بگێڕن پیاوماقوولانی وڵات
ئەمڕۆ چووە ناو گڵەوە کوڵەکەی شارەکەتان
ئەگەر سوێند بە خواش بخۆم لە سوێن هەڵناگەڕێمەوە
لەناو شاری بەغدادا هاوتای نەبوو
شان و شکۆ بڵندێکی وەها بوو هاوتای نییە
بۆیە ناوبانگی هەموو لایەکی گرتبووەوە
چۆن خوێن نەگریێ ئەندامانی بنەماڵەکەی
جێ شانازی و سوڵتانی هەموویان ئەو بوو
خوایە بەزەییت پێیدا بێتەوە ئەو ڕەوشت جوانە
لە ڕۆژی حەشریشدا پشتگیریی ئەو بکە

١٨٢

(لە بارەی عیسا ئەفەندیی جەمیلزادەوە)
ممکن أولەماز هرکس إیچون مجد مؤبد
قد خصصه الله بعیسی بن محمد
بندن صوریکز بن طانیرم آل جمیلی
أصحاب مکارم ولد عم و أب و جد
(تنها منم بارکش منت ایشان)
(لاعائق إلاّ وعلیه لهم الید)
(دربارەء آنها کە کریم إبن کریمست)
(بیریدەء زبانی کە بگوید سخن بد)

إحسـانجه وفـا سبـقت إيدر وعـدهلرندن
آنلرجـه قـبـاحت گـورينور قـول مـجـرد
ألطاف خـــدادن ديلرم عـــافـــيت أوزره
خيلى يشاسـون هر برى منصـور و مؤيّد
خـاييـدهء أسـلاف دگل شـيـوهء شـعـرم
آيين رضـــادر بو گـــبى ســبک مـــجـــدد

واته:

بۆ کەس نالویّ شان و شکۆی هەمیشەیی
خوا بۆ عیسای کوڕی محەمەدی تەرخان کردووە
لە من بپرسن من بنەماڵەی جەمیل دەناسم
خاوەن چاکەن بە ئامۆزا و باو و باپیرەوە
(تەنیا منم بارکێشی منەتی ئەوان)
(تەگەرەیەک نییە دەستی چاکەی ئەوانی تێدا نەبێ)
(لە بارەی ئەوانەوە کە میهرەبانی کوڕی میهرەبانن)
(زمانی ببڕێ کەسێک قسەیەکی خراپیان پێ بڵێ)
لە بەڵێنیاندا وەفا پێش چاکەیان دەکەوێ
بەلای ئەوانەوە قسەی ڕووت بە تاوان دەژمێررێ
لە چاکەکانی خوا ئومێدی سەرەڕای تەندروستی
هەر یەکەیان زۆر بژین سەرکەوتوو و لایەنگیراو
شێوەی شیعرم کاوێژی ئەوانەی پێشمان نییە
ئەمە ئاهەنگی ڕەزایە ئەم جۆرە چنینە نوێیە

***

پەڕاوێزی نووسەر: عیسا غیياسەدین ئەفەندیی جەمیلزادە ساڵی ی کۆچی لە بەغدا ئەندامی دادگای ئیستیئناف بووە. ساڵی ١٣٣٠ ی کۆچی مردووە. ١٨٣

(له بارەی مستەفا ئەفەندیی جەمیلزادەوە)

سـخـا کـسـبی دگل آل جـمـیله إرث آبادر
أک أدنا پایـهء هـمـتـلـری أوج ثـریـادر
خصوصاً مصطفی کیم إیده بیلمم وصفک إیفاسک
وفا هرچند آکا مخلص بولنمش حـقی أوفـادر
دگل أوفـا أگـر أعـلادن أعلی بر لقب بولسم
جناب مـصطفی حـضـرتلری آندن ده أعـلادر
یتـیـشـمز دامن أوصـافنه سـرپنجـهء فکرم
نـهـال قـامـتی أهلیـتی أول رتبـه بالادر
زلال مـشـرب آلایشی شـیرین عـذارنده
صـانورسک الله الله شـربت شـهد مـصـفـادر
در قـعـرنده صـاقلار خـشیـتندن هر زمـان دریا
أگـر دریا کـفی دریا دییـرسم بر تعـدادر
نیجـه دریایه تشـبیـه أیلەیم أول دست إحـسانی
که کـمتر بخـششی عالیلرک مخـصـوص دریادر
إیدر بیک خاگر پژمردەیی بر لطف إیله إحـیـا
أو عـالیـقـدر أطر عیـسی دگلسه عم عـیسادر
رضـا آل جـمیلی سـودیگندن مـدح إیدر یوقـسه
نه حـاجت رایت إحـسـانلری مـیـدانده برپادر

واتە:

خواردەیی بە فێربوون نییە لەلای جەمیلزادەکاندا بۆماوەی باو و باپیرانە
نزمترین پایەی هیمەتیان لووتکەی ئەستێرەی پەروینە
بەتایبەتی مستەفا کە ناتوانم هەقی پەسنی بەجێ بهێنم
هەرچەند وەفا کراوەتە نازناوی کەمترین حەقی خۆیەتی
نەک وەفاترین ئەگەر نازناوێک لە بەرزترین بەرزتر بدۆزمەوە
بەڕێزی جەنابی مستەفا لەوەش بڵندترە

سەرپەنجەی بیرم ناگاتە داوێنی پەسنەکانی
نەمامی بەژنی توانستی تا ئەو پایەیە باڵایە
خواردنەوە ڕەوان و دیمەن شیرینیی گۆنای
پێت وایە ئەڵڵا ئەڵڵا خواردنەوەی هەنگوینی ڕوونکراوەیە
دەریا هەموو دەم لە ترسان مرواری لە بنیدا دەشارێتەوە
ئەگەر دەریا بڵێم مشتی دەریا زیادەڕەوییە
چۆن ئەو دەستی چاکەیە بە دەریا بچوێنم
کە کەمترین بەخششی بەرزیان تایبەت بە دەریایە
بە یەک ڕووی خۆش هەزار دڵی پەژموردە زیندوو دەکاتەوە
ئەو پایەبەرزە ئەگەر عیسا نەبێ مامی عیسایە
ڕەزا لە خۆشەویستییان بە جەمیلزادەکاندا هەڵدەدا دەنا
چ پێویستییان پێیەتی ئاڵای چاکەیان ها لە مەیداندا بەرپایە

***

پەراوێزی نووسەر: مستەفا وەفی ئەفەندیی جەمیلزادە، ساڵی ١٣١١ی کۆچی لە بەغدا سەرۆکی شارەوانی بوو. ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی مردووە.

١٨٤

(بانگهێشتی حاجی حەبیب قیردار)

مـــوسـم قـــيـــشـــده أوچ آيـليـق بره بـريـانـی
قـيـزاروب عـارض خـوبان گـبـی هر بر يـانی
بـويلـه بر بـرهء نـازک بو گـــبـی مـــوســـمـــده
جـــــانـب أربـعــــــەسـنـده يمگک ألـوانـی
أولـادق بـارکش مـنـت أنـفـــاس مـــســـــيح
صـــــانـكه إينـمـش بـرەيـه مـــــائدهء ربـانـی
أيلـمـزمـی بـوگـبی أگـعـمـه إحـيـای وجـود
بلـکه هر بـر لقـمـەسی گـوزدن دوشـورر لقـمـانی

خارج حوصله بر دعوت إيدوب حاجى حبيب
نيــجــه تعــريف إيدەيم نعــمت بى پايانى

واته:

لە وەرزی زستاندا قۆزییەکی سێ مانگان کراوەتە بریانی
هەموو لایەکی وەک کوڵمی جوانان سوورەوە بووە
قۆزییەکی وەها ناسک لە وەرزێکی وەهادا
لە هەرچوار لایدا خواردنی هەمەڕەنگ
بارکێشی منەتی مەسیح نەبووین
وەک بڵێی خوانی خوایی دابەزیوەتە ئێرانە
ئایا خواردنی وەها مرۆ زیندوو ناکاتەوە؟
بەڵکو هەر پارووییەکی لەقمان لە پێش چاو دەخا
حاجی حەبیب بانگهێشتێکی بەدەر لە وزەی کردووە
چۆنی باس بکەم بژێویی بێ کۆتایی

١٨٥

(چایخانەی گوڵ وەزیر)

گل وزيرک مــجــمع خــوبان أولان چايخــانـەسى
جـــوهر روح رواندر جـــرعـــەء پيـــمـــانەسى
قــورديغى كــرســيلر أوزره خــوب رويان عــراق
آل يكاقلر هر برى ياقــوت و مــرجــان دانـەسى
بويله بزم دلفــريبى گــورســه شــيخ خــانقــاه
مــانع أولماز رقــصنه واعظلرک أفــســانەسى
پادشــاهک جــاننه بر بندەســيــدر گل وزير
إيســتــەمــز إلا رضــاى حــضــرت شــاهانەسى
آقچەلر صرف إيتدى شهرآيين إيچون روز جلوس
يوق إيكن بر آقــچــه بيت المالدن مــاهـانەسى

چای إیچــون بیکلرجــه أجــرت ویرمـین آدملره
منت إیتـــمـــز آفــرین طبـع جــوانمـردانـهسـی
إیسـتـهسـه أیلر سـتـایش إیسـتـهسـه أیلـر هجـا
لاأبـالیـــدر رضـــانـک مـــشـــرب رندانـهسـی

واته:

چاخانەکەی "گوڵ وەزیر"کە جێ کۆبوونەوەی جوانانە
گەوهەری گیانی ڕەوانە قومی پەیمانە "پیاڵە"ی
ڕووجوانانی عیراق لە بان ئەو کورسییانەی دایانی ناوە
گۆنا ئاڵ هەر یەکە دانەی یاقووت و مەرجانن
شێخی خانەقا گەر بەزمێکی دڵفریودەر ببینێ
ئەفسانەی پەنددادەران ڕێ لە سەماکردنی ناگرن
گوڵ وەزیر بۆ گیانی پاشا بەندەیەکیەتی
ڕەزای جەنابی شا نەبێ چیی تری ناوێ
ئاقـچـه " پاره " گەلی خەرج کرد بۆ ئاهەنگی ڕۆژی لەسەر تەخت دانیشتنی سوڵتان
لە کاتێکدا لە گەنجینەی دەوڵەتەوە یەک ئاقچەی مانگانە نییە
بەو هەزاران پیاوانەی پارەی چا نادەن
منەت ناکا، ئافەرین بۆ ڕەوشتی جوان و مەردانەی
بییەوێ پێدا هەڵدەدا، بشیەوێ دادەشۆرێ
پەروەردەکەی ڕەندانەیە ڕەزا گوێی ناداتێ

***

پەراوێزی نووسەر: چایخانەی گوڵ وەزیر لە بەغدا لە گەڕەکی مەیدان، بەرامبەر ئەو تەکیەیەی شاعیر پۆستنشینی بووە. بەپێی ئەوەی ئەوانەی دیویانە گێڕاویانەتەوە، تا دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ئەم چایخانەیە ماوەتەوە و ئەو کەرکووکییانەی دەچوونە بەغدا لەوێ کۆبوونەتەوە.

١٨٦

(چوارینه لەبارەی گوڵ وەزیری چایچییەوە)

چایچی أمـا أولەبیلمـز آکـا حـاتم نظیـر
بو گـبی چایچی یە لایقـدر دینسـه وزیر
صانمه کرکوکلی حسینک جیبنه گیرر کرمی
شـعلەسی قـابل إنکار دگل بدر منیـر

واتە:

چایچییە بەڵام حاتەم ناتوانێ ببێتە هاوتای
بەم جۆرە چایچییە شایانە بگوترێ وەزیر
وا مەزانە خواردەییی دەچێتە ناو گیرفانی حوسێن کەرکووکی
ڕووناکیی مانگەشەو ئینکاری ناکرێ

١٨٧

(لەبارەی مەیخانەچییانی ئەستەمبوڵەوە)

عـرض در سـعـادتە واردکسـه أی صبـا
بر فـاتحـه أوقـو پیـر مـغـانک مـزارینه
طوپراق إیچـینده یاتمغک یتـر شکیب
قـالق عـودت أیله جـانب دار و دیارینه
تاکی أسیر خاک باشک قالدیر آچ گوزک
باق عـالمک صـفـای بهـار و نهـارینه
ویرمـز إیسـه جـواب یاناشـدیر پیـالەیی
بر جـرعـه دوک أو عـاشق رندک کنارینه

واتە:

ئەی بای شەماڵ ئەگەر سەرت لە ئەستەمبوڵ " دەر سەعادەت " دا
فاتیحەیەک لەسەر گۆڕی پیری موغان بخوێنە
بڵێ ئەی شەکیب نووستنی ناوگڵت بەسە

هەڵسە بگەڕێرەوە لای ماڵ و وڵاتەکەت
تاکەی دیلیی خاک سەرێ بەرز کەرەوە و چاوت بکەوە
بڕوانە خۆشیی بەهار و ڕۆژەکەی
گەر وەڵام نەداتەوە پیاڵەی بۆ نزیک بکەوە
قومێ بڕێژە تەک ئەو عاشقە ڕەندە

١٨٨

(بیرەوەرییەکانی ئەستەمبوڵ)

خـرم أو دم کـه سـاکن دیر مـغـان إیدم
همــراز جــام همــدم رطل گــران إیدم
ترکـان سـرو قـامت إیله دست درمـیـان
خـوبان غنچـه لبلـه دهان بردهـان إیدم
گـاهـی حـریف حلقـهء رندان باده نوش
گـاهی أنیس مـجلس دردکـشـان إیدم
مــهـری نکتــهسنج و خـیـالی بذلهگـو
یاران شـوخ مشـرب إیله همـعنان إیدم
ســجـاده غـرق باده عــمــامـه رهـن می
ســردفــتــر گــروه خــراباتیــان إیدم
گاهی مقـیم خانهء خمار گـاهی زمـان
قـارینجـهلرله مـعـتکف گنج خـان إیدم
خـیلی زمـان ده دســتـور کـاملک (؟؟؟)
بر باغچهسنده طائر قدس آشیـان إیدم
أول بزم دلفــریبــده طوطیٔ خــوش أدا
أول أنجمنده شاعـر معـجز بیـان إیدم
دوران کــارزار فـصــاحــتـده بـن دخی
نفـعـی گـبی بـر أفـعیء آتش زبان إیدم

عمان إيكن كفمده بولنمازدى بر صدف
لقمـان إيكن معطل بر لقمـهء نان إيدم
تير مشهدم مقام رضـادن أو حال إيله
هر بر بلايه شاكر والحمد خوان إيدم

واته:

خۆزگەم بەو دەمەی دانیشتووی پەرستگەی موغان بووم
هاوڕازی جام و هاودەمی ڕەتڵی "دەفری مەی"ی گران بووم
لەگەڵ تورکانی بەژن سەرواندا دەست لەناو دەستان بووم
لەگەڵ جوانانی غونچەلێودا دەم لەناو دەم بووم
گاهێ هاوڕێی کۆڕی ڕەندان و بادەنۆش
گاهێ هاودەمی کۆڕی دەردکێشان بووم
میهریی نیکتەهەڵسەنگێن و خەیالیی هەرزەگۆ
لەگەڵ یارانی گاڵتەچیدا هاوجلەو بووم
بەرماڵ نوقمی شەراب و مێزەر ڕەهنی مەی
سەردەفتەری گرۆی مەیخانەگەڕان بووم
گاهێ نیشتەجێی خانووی مەستان و گەهێ
لەگەڵ مووروواندا خزاوی کونجی خانان بووم
دەمێکی زۆریش لە باخچەیەکی دەستووری کامیلدا "ماڵی یوسف کامیل پاشا"
مەلی هێلانە پیرۆز بووم
لەو بەزمە دڵ خەڵەتێنەدا تووتیی خۆش گوتار بووم
لەو ئەنجوومەنەدا شاعیری زمان پاراو بووم
لە دەورانی جەنگی ڕەوانبێژیدا منیش
وەک نەفعی مارێکی زمان ئاگر بووم
لە کاتێکدا لە مشتمدا وەک دەریای عومان بوو یەک تاکە سەدەفێکی تێدا نەبوو
لوقمانێک بووم بەڵام ڕاگیراو و بێبەش لە پارووە نانێک بووم
لە نزرگەی ڕەزاوە هەڵلەرزیوی دیمەنم لەگەڵ ئەوەشدا

بۆ هەر بەڵایەک سوپاسگۆ و چاکەخوێن بووم

***

پەراوێزی نووسەر: میهری و خەیالیی کەرکووکی کە ناویان لە شیعرەکەدا هاتووە، دوو شاعیر بوون.... کامل، یوسف کامل پاشای یەک لە کۆنە سەدرئەعزەمەکان "سەرەک وەزیران" بووە، لە ئەستەمبوڵ خانەخوێیی شێخ ڕەزای کردووە. ئەم نیوەدێرە شیعرەی ناوەکەی تێدا هاتووە لەنگییەکی کێشی تێدایە.

***

## دوا وته

لەبارەی ژیان و کەسیەتیی ئەدەبیی شێخ ڕەزای شاعیری بەرچاوی کەرکووکییەوە، لەو بڕوایەداین لە جـیـاتـی دانە بەر خـامـەی نووسین پڕکـردنەوە، بڵاوکـردنەوەی زانیـاریی بـەسـوودی پێوەست بە بـابەتەکەوە، لە شـێـوەی کۆکراوە و گشـتگیر بە ڕاستتر دەزانین، بۆیە لە کارەکەماندا بایەخمان بەم ڕێیە ڕێکوپێکە بەسوودە داوە. ئێـمـە پتـر ڕوونکردنەوەی لایەنە نەزانـراوەکانی شـاعیـر و بـە ئامـانجی لە ونـبوون ڕزگـارکـردنەوەی باسـە بە توێکڵ و شـیـعـرەکانـی کارێکی لەم جـۆرەمـان پـەسند کردووە. ئەگەر لەمەدا سەرکەوتنێکمان بە دەست هێنابێ چەند بەختەوەرین.

لەم بارەیەوە لـەگەڵ وردبینی و بایەخـدان بە چەسـپـاندنـەوەی شـێـوەی ڕاست و دروسـتی دەقـە شـیـعـرییـەکـان، لەبەر هۆگـەلێکی دەرەوەی دەسـەڵاتمان هـەندێک کەمـوکووڕی و دەستەواژە و قسەی هەڵە لە دەرەوەی زانیـاریماندا ماونەتەوە، لەبەر نەبوونـی سـەرچاوە، پێـمـان نۆژەن نەکـرانەوە. نەخـوازەڵا بە شـیـاومـان نـەزانی نەهێـشـتنەوەی ئەو کەمـوکـووڕییـانەی نیگەرانیـیـان لا دروست کـردووین بەبیـری خـــۆمـــان ئـەنجـــام بدەین. لە دڵەوە ئـاواتـەخـــوازین لـە داهـاتوودا دەقـی نوێی دەسـتنووسـێلێکمـان دەست بکەون و لەگـەڵ هـەمـوو ئـەمـانـەی ئێـرەدا بـەراوردیان بکەین. بەپێی دواپیـتـی سـەرواکـانیـان و ئەوانەی بە ڕەدیفـیـشن، بەپێی دواپیـتـی ڕەدیفەکانیان و بەپێی سەرەی ئەلف و بێ ڕیزم کردوون.

بەم جـۆرە خـوێنەرە بەڕێزەکان بەگوێرەی ئەم ڕێنوێنییـانەوە، هـەر چ شـیـعـرێکی بڵاونەکراوە، یان لە کتێبـەکەدا کەمـوکووڕی هـەبێ لە یەکەم دەرفەتدا ئـومێـدەوارم بیگەیەننە جیهانی ئەدەبییات.

شـێخ ڕەزا، ئەگـەر بەڕاسـتی خـەریکی ئەو (فـیـسق و فـوجـوور)ە بووبێ کـە لە شـیـعـرەکـانیـدا باسی لێـوە کـردوون، یانیش لە پیـریدا لە زادەی خـەیاڵەوە ئەو داشـۆردنـە درێو و ناشـرینانە، یان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییـەک پێـداهەڵدانی ڕیاکـارانەی نووسـیـبێ، داواکـارین لە خـوا، لە دواڕۆژدا ڕەحـمـی پێ بکا و لە

گوناهەکانی خۆش بێتەوە. ئەو کەسانەش کە لەسەر ئەو کارانەیان بەرامبەر میللەت ئەنجامیان داوە بوونەتە ئامانجی ئەم شیعرانە، هەرچۆنێک بێ لە خوای گەورە ئومێد و نیازی لێبووردنیان بۆ دەکەم.

لەلایەکی ترەوە، ئەوانەی بە دوای ئەم شیعرانەدا دەچن، ئێوەی خوێندەوارانیش، هەر ئەو نزا و نیازەتان بۆ دەخوازم.

مایەوە بڵێم، منی کەم توانا، کە بە هەزار و یەک زەحمەتییەوە، بە زەوق و شەوقەوە، تەنیا بۆ خزمەتی مێژووی ئەدەبیمان هەوڵێکی کەمیشم دابێ، لەم کتێبانەدا کە تا ئێستا لە تاریکیدا ماونەتەوە، لە بڵاوکردنەوە و بەم شێوە کۆکراوەیە گواستنەوەیان بۆ ناو ئەم کتێبە، گوناهێکم کردبێ لە دەریای لێخۆشبوونەوەی خواوە بەخشینی کەموکووڕیمی لێ ئومێد دەکەم. (ناقل الکفر لیس بکافر).

عەتا تەرزی باشی
کەرکووک

## پێڕست


پێشەکیی وەرگێڕ ........ 5

پێشەکیی دانەر ........ 8

بەشی یەکەم

سەرچاوەکان و هەڵسەنگاندنەوەیان ........ 13

ئاگادارییەک بۆ پێوەندیدارەکان ........ 19

هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی لە سەردەمی ژیانی شاعیردا ........ 20

ژیننامەی شێخ ڕەزا ........ 26

تایبەتمەندییە کەسێتییەکانی ........ 34

کەسایەتیی ئەدەبی ........ 39

کورتە باسەکانی ........ 51

بەشی دووەم

شیعری جنێو و داشۆردن ........ 67

بەشی سێیەم

پێداهەڵگوتن ........ 199

دوا وتە ........ 265